بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

كُنتُمْ خَيْرَ أُمَّةٍ أُخْرِجَتْ لِلنَّاسِ تَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَتَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ وَتُؤْمِنُونَ بِاللّهِ

**ئەم پەرتوکە پێشکەشە....**
**بەو کەسانەی کە بە ئازاری ئەم ئیسلامەوە دەژین و دەمرن**
**پێشکەشە بەوانەی هەرگیز پشت لە گەل وهۆزی خۆیان ناکەن وە نابنە**
**جاسوس بەسەر وولاتیانەوە خەڵکی نان بڕاو ناکەن بۆ ئەوەی خۆیان بژین.**

**کۆکردنەوە ئەم پەرتوکە لە ساڵی ....2007**
**نوسینی....ماکوان کەریم**
**نەرویژ**

# پێڕست...


خوێندنەوەیەك بۆ سیکۆلاریزم...4
پێگەیشتنی ئەم بیرە و سەرهەڵدانی... 5
ئەو ڕێیانەی ئەم بیرە گرتیە بەر...9
جۆرەکانی سیکولاریزم ( عەلەمانیەت)...12
خۆ سەپاندن وپاساوی سیکولاریزم (عەلمانیەت)..14
ئیسلامی سیاسی چیە؟ ...15
سیاسەت چیە؟ ...16
خاڵە سەرەتایەکانی سیاسەت...16
ناوەکانی سیاسەت ...18
زانستی سیاسەت ...19
سیستەمی سیاسی ...19
ئیسلام و سیاسەت...21
پێناسەی ئیسلام بۆ سیاسەت...26
دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی و یەکەم دەستور ...27
دەستور....30
بنەمای دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی...34
فەلسەفەی بوونی خوا....44
شوعیەت و هەوڵی بنیات نانەوە...79
بنەماکانی ئازادی ڕا دەربڕین...86
سیستەمی کۆمەڵایەتی...93
سیستەمی سیاسی...97
سیستەمی ئابوری...98
سیستەمی دادگای...100
سیستەمی جیهادو خەباتگێری...100
سیستەمی نوێی جیهانی...106
سەهەڵدانی جیهانگیری...108
تێروانینێک بۆ جیهانگیری...128
بەراوردێک لە نێوان ئیسلام و سیکۆلاریزم.... 133
مرۆڤایەتی بەرەو کوێ...145
ئیسلام و چارەسەرکردنی کێشەکان...154
بۆچی ئاینمان هەڵبژارد...158
بۆ ئیسلام تاکە دین بێت...162

**پێشەکی**

**ئەم کتێبە ڕێڕەوێکە بۆ تێگەیشتن لەو بیرو بۆچونانەی  کە ئیستا بڵاون لە نێوان خەڵکیدا بە گشتی لە جیهانی ئیسلامیدا.**

**لەم کتێبەدا پوختەی ئەو بیرو بۆچونە دەخاتە ڕوو تا بتوانین  لە پنجەری فکروە خۆمان بکەین  بەدەلاقەی ئەو زانستە فکریانەی کە ئەم ئیسلامە کردویتەخەڵاتی هزرڤانان...**

**خوێنەرانی ئازیز**

**ئەم کتێبە لە ئەنجامی کۆمەڵێك گفتوگۆ لە دایك بووە، سەرەتا لە شێوەی لێکۆڵینەوە ووتار پێشکەش کراوە پاشان کراوە بەم پەرتوکە  کە ئیستا لەبەردەستاندایە کە باسەکانی هەموو ئەو گومان و ووتە بێ بنەمایانیە کە عەلمانیەت ڕووو بەڕووی موسڵمانانی دەکەنەوە  وە ڕەنگ دانەوەی ئەو کۆمەڵگایەی ئێمەیە کە نەوەی ئەم ئیسلامەن و مەفتون بوون بە عەلمانیەتەوە کە وەك دارێکی بێ بەر وایە لە ووڵاتانی ئیسلامیە هەمیشە زڕو نەزۆکە سێبەریشی داگیر کەران بۆخۆیان داگیریان کردوە**

**وە لە ئەنجامی ئەو پرسیارانەی سەردەمەوە کە ئاراستەی موسڵمان دەکرێت هەر لە ڕێگای ئیسلامەوە دەستە بەری بکەین  باسەکە لە دوو ڕووە خۆی دبینێتەوە بەشێوەی لێکۆڵینەوە و پاشان دەرخستنی ژیارو شارستانیەتی ئیسلام و نەیارانی  وە پێناسەی نەیارانی لە سیفاتی خۆیانەوە کردوە  بە شێوەیەکی هزری دارێژراوە**

**وە داوا کارم لە خوای گەورە لێمان قوبوڵ بکات  ببێتە توێشوێك بۆ قیامەتمان هەگبەو کەشکۆڵمان  پر خێرو نور بکات  لە دواڕۆژدا**

**ماکوان**

# خوێندنەوەیەك بۆسیکۆلاریزم

لــەو کاتــەی کــە پــڕو پاگــەنــدەی بــێ دینــەکــان بــە گشــتی و چــە پــەکــان بــە تایبــەتــی لــە هــەوڵدانــدان بــۆ هێنانــە کایــەی بیــری سیکۆلاریزم ( عــەلمانیــەت SECULARISM ) زۆر بــە گــەرمــیش هــەوڵ بــۆ ســڕینەوەی ناســنامەی موسڵمانی گەلی کورد دەدە ن .

کــەچــی بــە داخــەوە گێلــە جــاهیلانی ئێمــەیــش دەڵــێن باشــە بــا دیــن لــە دەوڵــەت جیابێتــەوە ، نــازانن ئــەم ووشــەیــە کــوفرەو هــەر کــەس بــاوەڕی وا بێت کافر دەبێت و لە ئیسلام دەردەچێت!!!

ســەرەتــا دەمــەوێــت ئامــاژە بــۆ ئــەوە بکــەم کــە پێناســەی ئــەم بیــرە چیــەو هۆکــاری دروســت بــوونی چیــە ؟ چــۆن پێگــەیشــتوەو ســەری هــەڵــداوەو بــۆ هــاتوە ؟ لــە کوێــوە ســەرچاوەی گرتــوە ؟ لــە دژی کــێ کــاری بــۆ کــراو کــێن ئــەوانــەی کــە کاریــان بــۆ کــردوە ؟ لــە دژی کــام ئــاین و چــۆن هاتۆتــە نــاو ووڵاتی موسوڵمانانەوە چۆن دەیەوێت خۆی فەرز بکات ؟

کەواتە لە سەرتاوە با پێناسەی سیکۆلار بکەین .

سیکۆلار : بریتیــە لــە بــێ دینــی و دنیاویســتی ،بانگــەوازە بــۆ دەمــەزرانــدنی ژیان لەسەر بنەمای هزر .. ئەمە پێناسەیەکی گشتیە .

لــە ڕووی سیاســیەوە بریتیــە : لــە جیاکردنــەوەی دیــن لــە دەوڵــەت واتــا هیچ یاساو ڕێسایەك بۆ سیستەمی ژیان لە دین وەرناگیرێت .

سەرهەڵدانی ئەم بیرە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆنگرەی مەسیحیەوانی شاری نیقیەی ئیتالیا ( مجمع نیقیە 325 م ) بەڵام سەرهەڵدانی لە ئەورو پا لە سەدەی حەڤدەوەو لە رۆژهەڵات لە سەدەی نۆزدە وە دەستی پێ کرد ، سەرنجتان ڕادەکێشم بۆ ئەوەی کە ئەم بیرە زادەی بیرێکە یان ڕەوتێکە لە پاشکۆی فکرێک بۆ جیهان تا دین لە دەوڵەت جیا بکاتەوە .

ئەمە رێرەوێکە بۆ ناسینی سیکۆلاریزم .

# پێگەیشتنی ئەم بیرە و سەرهەڵدانی

سیکۆلار لە سەردەمی قۆستەنتەنیەوە دەستی پێ کردوە یان کۆمەڵەی نیقیە کە لەسەر بنمای ئەو دەستە واژە دەستی پێکردوە، کە دەڵێت : (اعط ما لقیصر لقیصر و ما لله لله) واتە : ئەوی هی قەیسەرە بیدە بە قەیسەرو ئەوی هی خوایە بیدە بە خوا .

بەڵام ئێمە لەدوای سەرهەڵدانی سەردەمی لەدایك بوونی (ڕێنسانس) باسی دەکەین ، زیاتر درێژی ناکەینەوە بۆ ئەوەی بە هەندێك باسی باوەڕەوە ، لا ڕێمان نەبین ..

ڕێنسانس لە دوای شۆڕشی فەرنساوە دەستی پێکرد کە مێژوەکەی دەگرێتەوە بۆ (1781)ز کە بە یەکەم دەوڵەتی سیکۆلاریزم واتا لادینی دادەنرێت.

ئەمە وەك مێژوو ،بەڵام بابزانین کێ لەم زەمەنەدا زادەی ئەم بیرە بوون ؟

ئــەوکــەســانــەی کــە دەســتیان لــەم بیــرەدا هــەبــووە و بنــەمــای فکــری و فەلسەفیان بۆ دارشتوە زۆرن ،بەڵام بەناوبانگ و رائیدەکانی بریتین لە:

ـ جـان جـاك ڕۆسـۆ : لـە سـاڵی 1787 کتێبکـی نوسـی بـەنـاوی گـرێ بـەسـتی کۆمەڵایەتی کە بە عەرەبی کراوە بە ( العقد الاجتماعی ) .

ـ مۆنتسـکۆ : ئـەویـش ئـەو سـەردەمـە کـە ڕاڤـەی فیکـر سـیکۆلار بـوو کتێبێکـی بـە نـاوی ( رۆحـی یاسـا ) نوسـی کـە بـە عـەرەبـی پێـی دەوترێـت : ( روح القوانین ) .

ـ سیبنوزا : ئـەمـە بـە ڕەچـەڵـەك جـووە ، بـەڵام لـە جیهـانی سیکۆلاردا بـە پێشـەوا دەژمێریـت لـە ڕاسـتی دا یـەکێـك بـوو لـەوانـەی کـە ئـەم بیـرەی لـە یاسـادا دارشـت ئـەمـیش کتێبـی نوسـیوە وەکـو ( الحیـاە والسـلوك ) و ( رساله فی اللاهوت ) .

ـ ڤـۆڵتێر : ئـەمـیش یـەکێکـە لـە ڕابـەرانـی ئـەم بیـرە کـە کتێبـی ( یاسـا سروشـت ) ی نووسـی کـە لـە ڕووی سیاسـیەوە خـاوەنـی ئـەو یاسـا سروشتیە ئەقلانیەیە کە بانگێشەی بۆ دەکرا .

ـ کانـت : بـە خـاوەن مـەنهـەجێکـی ئـەم بیـرە دادەنرێـت یـان بڵـێین خـاوەنـی مـەنـەفێسـتی تایبـەتـی خۆیـەتـی کـە لـە سـاڵی (1804) دا بـە نـاوی ( ئـاینی کانت لە سنوری هزردا ) نووسی .

ـ ولیـەم جـودین : سـەرهـەنگـی زانایـانی ئـەم بیـرەیـە کـە لـە سـاڵی (1793) دوو کتێبـی نووسـی بـە نـاوی ( دادپـەروەری لـە ڕامیاریـدا ) و بانگـەواز بـۆ بێدینی یان ( جودایی دین لە دەوڵەت ) کرد .

ــ تیۆری پێشکەوتن ( نظریە التطور ) بۆ زیاتر پشتگیری لەم فیکرە خۆی نواند ، ئەوە بوو کە ( داروین ) لە ساڵی **1859** دا کتێبێکی ( اصل الانواع) نووسی.
ــ نیچە یان نیشتە : بانگەوازی ئەو فەلسەفەی کرد کە گوایە خوا مردوەو مرۆڤ بەرز دەبێتەوە .
ــ دوور کایم : کە ئەمیش جووەو پێی وایە بەرپرسێتی ناکەوێتە سەر تاکی کۆمەڵگە ( وەك فەلسەفەیەکی بەرەڵایی بوو بۆ بە پیرۆز نەهێشتن و تێکشکاندنی بنەما دینیەکان ) .
ــ فرۆید : کە لەسەر بنمای سێکس دیدی خۆی ناساند کە گوایە پاڵنەری سێکسی بەهێزترین پاڵنەری ناکۆکیەکانە .
ــ کارڵ مارکس : خاوەنی ڕاڤەی مێژووی مادەیەو بڕوای بە گۆڕانکاری حەتمییەو ئەوە کە دەڵێت : ( دین تریاکی گەلانە ) .
ـ جان پۆڵ سارتەر : بانگەوازی بۆ بێ باوەڕی وجودیەت کرد.
بەگشتی ئەمە ئەو بیر مە ندانە بوون کە لە سەدەکانی پێشودا لە ئەوروپا بوون و هەوڵیان بۆ پیادە کردنی سیکولار دا ، ئەو سکولارەی ئێستا لە ئەورپا کاری پێ دەکرێت کە دەخوازرێت ئەم بیرە لە وولاتانی ئیسلامیشدا بچەسپێنرێت .

ئەوەی کە گرنگە ئاماژەی بۆ بکەین ئەوەیە کە ئەم بیرە لە وولاتانی ڕۆژهەلات زۆر نامۆیەو هیچ بە ژینگە کەی ئاشنا نیە بۆیە هەرگیز بڕوام نیە بچەسپێت چونکە زادەی بیرێکە کە لە جێگاو کاتی تایبەتی خۆیدا لە بەرانبەر ئاینی مەسیحی هاتە ناو کایەی ڕامیاری.
لە فکریشدا هەر وایە ،کاتێك دەتەوێت بیرێك بڵاو بکەیتەوە دەبێت پێشتر خوێندنەوەیەکت بۆ ناسینی کۆمەڵگاکەی هەبێت ئەم بیرە لەوولاتانی ئیسلامیدا وەك داری توو وایە کە هەرگیزاو هەرگیز

ناتوانیت لە وولاتێکی وەك نەرویج یان سوید بیروێنیت لە بەر ئەوەی بە ئاو هەواکەی نامۆیەو هەر گیز بەر ناگرێت .. وە ئەو هاوکێشە کە سکولارەکان لەبەرانبەر ئیسلامدا بە کاری دێنن بە چاوی ئاینی مەسیحی سەری دەکەن ئەوەندەی تر خۆیان دەخەنە ناو گێژاوی فکر و دەرباز بوونیان زۆر ئەستەمە ، لە بەر ئەوە وا تیگەیشتون کە 1+1 دەکاتە دوو لە ڕاستیدا لە بنەمای بیرکاریدا وایە ، بەڵام لا بنەما ی فکریدا ئەمە ئەستەمە چونکە یەك پرتەقاڵ و یەك سێو ناکەنە دوو پرتەقاڵ یان دوو سێو لە بەر ئەمەیە کە بیرەکە لە جێگای خۆیدا وەك خۆی دەمێنێتەوە لەوانەیە لە شوێنی خۆی سەرکەوتوو بووبێت بەڵام لە ژینگەیەکی تردا سەرکەوتنی مەرج نیە بێتە دەست .

با بزانین هاتنە کایەی بیری سیکۆلاریزم لە ڕۆژهەڵات لە سەر دەستی کێ بوو لە کوێوە دەستی ڵێکرد ؟.

هاتنە کایەی لە ڕۆژهەڵات لەساڵی (1883)دا لەسەر دەستی (خدێوی ئیسماعیل) بوو کە ئەم پیاوە عەشقی غەرب بوو دەیویست میسر بکاتە ئەورپای سەردەم ! ئەوەمان لە بیر نەچێت کە ئەمە لە سەردەمی هێرشی( ناپلیۆن) دا بوو بۆ میسر کە هۆکاری سەرەکی هاتنی (عەلمانیەت)بوو .

لە هندستان لە ساڵی (1791)بوو .

لە جەزائیر لە ساڵی (1830)دا و(1906)دا لە تونس و مەغریب دەستی پێکرد .

لە دوای ڕوخاندنی سوڵتانی عوسمانی یان خەلافەتی ئیسلامی لە تورکیا لە سەر دەستی (مصطفی کمال ئەتاتورك) لە 1924 بوو بە سیستمی رەسمی وولات !!

پاشان هەر لە سەدەی بیستدا لە وولاتانی عێراق و ئێران و لوبنان و وولاتانی تری ئیسلامی دەستی پێکرد .

ئەو کەسانەی لەم وولاتانە کاریان بۆ کرد ناسراوترینیان بریتی بوون :
لە میسر : احمد لوطفی سید ، اسماعیل مظهر ، قاسم امین ، طه حسین ، عبدالعزیز فهمی ئینجا دەیانی تری وەك د فواد زکریا و فرج فودە.
ـ لە شام : مشیل عفلق ، انطوان سعادە و جەلال العظم ..
لە ئەندۆنیسیا : سوکارنو ، سوهارتو .
ـ لە هیندستان : جەواهر لال نەهرو .
ـ لە تورکیا نامق کەمال و عبداللە جەودەت و دواتریش مصطفی کمال اتاتورك و عیسمەت پاشا .

## ئەو ڕێیانەی ئەم بیرە گرتیە بەر

یەکەم: نەهێشتنی پیاوانی دینی .
دووەم : ڕێگا گرتن لە زانست.
سێیەم : کوشتن و زیندانی کردنی زانا ودانشمەنداەکان و بیرمەندەکان و فەیلەسوفە بەرهەڵستکارەکان .
چوارەم : بە زۆر فەرز کردنی وەکو سیستمی وولاتان.
ئەمانە بووە هۆی ئەوەی کە ئەم بیرە لە وولاتانی ژێر دەسەڵاتی کڵێسا قیسەرەکان و بەگ زادەکاندا زووتر سەرهەڵبدات ..
بەڵام کە سەرنج دەدەیتە بارودۆخی وولاتی موسوڵمانان دەبینیت ئەم بیرە سەرکەوتوو نابێت ، چونکە دیدی پیاوانی وەکو دیدی پیاوانی دینی

مـەسـیحێتی نـەبوون و نـین .. پیـاوانی دینـی مـەسـیحی بـەنـاوی خۆیانـەوە یاسـاو ڕێسـایان دەردەكـرد تـا وای لێهـاتبوو بـەهـەشـت و دۆزەخیـان بـە بـە مـەتـر دەفرۆشـت و سـەروەت و سـامانی خـەڵكیـان داگیـر دەكـرد ، لــە هـەمـووی گرنـگ تـر ئـەوە بـوو كـە پیـاوانی دینـی پیرۆزیـان دەدا بـە دەسـەڵاتـی قـەیسـەرەكـان و تـا خـەڵكـی دەسـتەو سـان بـن لـە بـەردەمیانـدا ! بـەڵام لـە ئیسـلامدا لـە هـیچ زەمـەنێكـدا پێشـەوایـانی ئیسـلام پیرۆزیـان نـەداوە بـە دەسـەڵاتـداری سـتەمكـار و هـەمیشـە شـەریـان بـووە لـە سـەر مافـەكـانی خـەڵكـی بـە هـەزاران نمونـەمـان هـەیـە . كـەوا بـوو لـە وڵاتـی موسـوڵمـاناندا سـكولارەكـان بـەهانـەی یـەكـەمیـان دەسـت ناكـەوێت .. بۆیـە بـە زۆر دەیچەسپێنن ..

سـەرتـای دەبـەزینـی ئایـەتـی قورئـانی پیـرۆز بـە زانسـت دە سـت پێـدەكـات، هـەرگیـز لـە ئـاینی ئیسـلامدا دەقێـك نـەبـووەو نیـە كـە زانسـتێک ڕەت كاتـەوە كـە بـە زانسـتیانە سـەلمێنـرا بێـت نـەك خـەڵكێـك نـاوی زانسـتی لـێ بنێـت .. ئیسـلام هـەمێشـە پشـتگیری زانسـت و هـەمـوو فـەرهـەنگـە زانسـتیەكـانی تـر بـووە لـە مێـژووی چـواردە سـەدەی ئیسـلامدا ئـەوە دیـارە و كـەس ناتوانێـت نكـوڵی لـێ بكـات، بـە هـەزاران دانیشـمەنـد و فـەیلـەسـوفی بەرهەم هێناوە ، نمونـەكانی دیارن.

ئیسـلام هـەرگیـز كـەسـێكی ئـازار نـەداوە كـە خـاوەنـی داهێنـان بووبێـت ، هـەمیشـە لـە بـەیتولمـالی موسـڵمانان یارمـەتـی دروان ، كـار ئاسـانیان بـۆ كـراوە ، ئـەوەش هـۆی ئـەوەیـە كـە مێژوی ئیسلام خـاوەنـی چـەنـدین زانكـۆ بـووە كـە چـەنـدین زانسـتی پزیشـكی و ئـەنـدازیاریی و جـەبـرو فیزیـا و كیمـاو

ماتمــاتيكی تێــدا خوێنــدراوە كــە تــا ئێســتاش لــە وولاٌتــانی جيهانــدا وەك بيــردۆز دەخوێندرێنــەوە ، ئــەمــەش جێگــای شــانازی مۆسـڵمانە . كـەچـی لـە ڕۆژئــاوا كــەســێكی وەك (گرادانــۆ) كــە لــە ســاڵی(1642 ) دا تلســكۆبی دروســت كــرد بــە دەســتی كلێســا كــوژرا ! نمونــەی وا زۆرن خوێنــەرانــيش كـەم تـا زۆر ئاگـاداری ئـەوەن كـە ئيسـلام لـە مێـژووی خۆيـدا داهێنـەرێكـی نــەكوشـتوە بـەڵكـو دەسـت گيـرۆی خـەڵكـانی بێبـاوەڕی كـردوە بـۆ داهێنــانی زانست.

زۆر جــار نمونــەی (حــەلاج) دەهێنــەوە كــە گوايــە ئــەوە نيــە ئيســلام زانايـانی كوشـتوە لـە ڕاسـتيدا (حـەلاج) كـەسـێكی داهێنـەر نـەبـوو بـەڵكـو دەيوسـيت دەسـتكاری بيـرو بـاوەڕی ئيسـلامی بكـات لـە كاتێكـدا دادگاكـەی زيـاد لـە حـەوت سـاڵی خيانـدو چـەنـدين مـەزهـەب لـەسـەر كوشـتنی كـۆك بــون ، هۆكــارەكــەی زانســت نــەبــوو بــەڵكــو لادان بــوو لــە لــە بابــەتــە ئيمانيـەكـان كـە هـەمـوو موسـەڵمانـان لـەسـەری ڕێكـەوتبوون !!ئـەمـە جگـە لـە تۆمـەتبـار كردنـی بـە جاسوسـی كـردن بـۆ شۆرشـی ياخيـانی زنـج لـە بـەسـرە ..

كـەواتـە ئـەو ڕێگايانـەی سكولار بـۆ سـەرخسـتنی بيـرەكـەی خـۆی دەتوانێـت بيگرێتــە بــەرو بــە ئومێــدە كاريگــەری هــەبێــت ، هيچيــان لــە ســەر ئێمــە دروســت نــابن . چونكــە تێروانينــی فيكــری ئيســلامی ئێمــەی موســوڵمان بــە هـەمـوو پێـوەرێـک لـە تێروانينـی فيكـری ئـاينی مـەسيحيەكـان جيـاوازی هـەيـە و ناكەونە تای يەك ترازوو .

# جۆرەکانی سیکولاریزم ( عەلەمانیەت )

**دوو جۆر سیکولاریزم هەیە:**

**یەکەم :سکولاریزمی ڕێژەیی وەک ئەوەی ئەورپاو ئەمریکا کە ئازادی لە کونجی مزگەوتێکدا خواپەرستی بکە بەڵام کە بوویت بە زۆرینە لەسەرت دە دەین وتانەنەت دروشمە سادەکانتان پێشل دەکەین وەك فەرنسا چۆن سەرپۆشی قەدەغە کرد لە زانکۆدا کە سەرەتا ترین مافی مرۆڤە، ئەوەیە کە مرۆڤ چی حەز پێباکات بی پۆشێت، بەڵام کە سیمای ئیسلام پیشان بدات، بێگۆمان دەبێت قەدەغە بکرێت بانێکەو دوو هەوا !**

**دووەم: سکولاریزمی توندرەوی شیوعیی یان کۆمەنستیی : وەك ئەوەی سۆڤیەتی کۆن ، کە مۆسلمان نویژیان دەکرد دەبوو باج بدەن ! چونکە ئاین بە هەموو شێوەیەك قەدەغە بوو !**

**تێبینی : لە راستیدا دەڵێن با هەموو بیرو بۆچونێك ئازاد بێت بەڵام لە بەرانبەر ئیسلامدا ئەو جورئەتە ناکەن ! دەیانەوێت ئیسلام لە سیاسەت و دەسەڵات پەراوێز بکەن لە کاتێکدا توانای بەڕێوە بردنی حوکمڕانی هەزار ساڵی هەبووە ، لە سەرەتایی هاتنیەوە بۆ ساتێك لە دەسەڵات دانەبڕاوە گەر بە ناویش بوبێت ، هەر فەرمان ڕەوایی خۆی کردوە کەم تا زۆر گروپ و مەداریسی فیکرو مەزهەب لە سەر بنەمایی ئاینی ئیسلام دروست بوون و ئێستاش پارت و گروپ و کۆمەڵکاری تر هەن کە هەر ڕوو لە زیاد بوونن وێرایی ئەو هەموو هێزە کە دوژمنان دژی ئیسلام بەکاری دێنن ئەو هەموو ناو ناتۆرەی کە بۆ دروست دەکەن ڕۆژ بە ڕۆژ لە برەودایە لە هەموو هەواڵ ئاژانسەکاندا باسی ئیسلام هەر یەکەمەو موسڵمانان چۆن چالاکی دەکەن .**

كـەواتـە وازمـان لـێ بێهـنن بـا كـاری سیاسـی خۆمـان ئـەنجـام بـدەیـن یـان لـەوە دەترسـن كـە لـەوان باشـتر بـین چونكـە ئـەگـەر هزرو ئـەقڵ نـەما ئـەو كـات بـە چـەك دێنـە پێشـەوە كـەواتـە بـە هـەمـوو پێـوەرێـك ئێـوە دۆڕاون ، ئــەوەی كــە بــۆ خۆتــان ڕەوایــە بــۆ مۆسـڵمانانی بــەڕەوا ببیــنن ئیمــەی موسڵمانان بێ شك تـەنها مزگـەوتـەكانی خۆمانمـان بـەسـە بۆ كـاری سیاسـی ، دەتـوانی لـە میمبـەرەوە دەسـەڵات بگرینـە دەسـت ! لـەوانـەیـە بڵـێن بـا مزگـەوت نـەبێتـە جێگـای سیاسـی لـەكاتێكدا كـە یـەكـەم كـاری پێغـەمبـەر خـوا سـەلامـی لـێ بێـت دروسـت كردنـی مزگـەوت بـوو بـۆ كـاری سیاسـی ، تـا دەسـەڵاتـی مۆسـڵمانانی پـێ ڕێكبخـات و كردیشـی .. لـەو مزگـەوتـەوە تـوانی گـەورەتـرین دەسـەڵاتـی ئیسـلام دروسـت بكـات تـا ئێسـتا لێـرەو لـەوێ هـەر كاری خۆی دەكات ..

لـەوانـەیـە بپرسـن خـۆ ئـاینی مـەسیحی كـەم تـا زۆر دەسـەڵاتـی هـەبـوو.؟ ئـەمـە وا نیـە ! لـە راسـتیدا ئـاینی مـەسـیحی خـۆی حـوكمی نـەكـردوە بـەڵكـو پیـرۆزی داوە بــە دەســەڵاتــی ســەردەم، بۆیــە رۆژئـاواییــەكــان كــە ئاینیــان پـەراوێـز كـرد بـۆ ئـەوەیـان بـوو كـە لـە پیرۆزی دەسـەڵاتـی قـەیسـەرو بـەگزادە نـەجاتیان بێت.

بـەڵام ئیسـلام خـۆی خـاوەنـی حـوكم یاسـاو ڕێسـای تایبـەت بـە خۆیـەتـی ، لـە هــیچ بــەرنامــەیــەكــی ســەر زەوی ناچێــت ، قســەی لــە ســەر هــەمــوو چالاكیـەكـانی تـاك و كـۆی كۆمـەڵگـە كـردوە و ئاراسـتەكانیشـی هـەر لـە مزگـەوتـەوە سـەر چـاوەی گرتـوە .. چونكـە مزگـەوت لـە ڕاسـیدا جێگـای پـەرلـەمـانی موسـڵمانانە .. هـەر لـە وێـوە هـەمـوو یاسـاكان بـە ویسـتی خـوا دەردەچن نەك بە ئارەزوو خەڵكی سەرخۆش وشەڕواڵ پیس ..

ئـەوانـەی كـە دەڵـێن بـا دیـن لـە دەوڵـەت جیابێتـەوە خۆیـان مزگـەوتاكـان بۆ مـەرامـی گڵاوی خۆیـان یـان بۆ پڕوپاگـەنـدی حزبـی خۆیـان بـە كـار دێـنن !!

# خۆ سەپاندان وپاساوی سیكولاریزم ( عەلمانیەت )

ئەو پاساوانەی سكولار دەیەوێت خۆی پێ بسەڵێنێت ئەوەیە :

یــەكــەم : دەڵــێن ســەردەم زەمــانــی پێشــكەوتــن و زانســتە وبــاوی دیــن وسروش نەماوە.

دووەم : دەڵـێن ئـاین نـەگـۆڕەو دەبێـت وازی لـێ بهێنرێـت تـا ژیـان بـەرەو پێش بڕوات.

سێیەم : دەڵێن تەنها سیكۆلار هاندانە بۆ پێشكەوتنی ڕەهایی !

بـۆ وەڵام دانــەوەی ئــەم خـۆ سـەپاندنەی سـیكۆلارەكـان ووتمـان هـەرگیـز ئیسـلام ڕێگـا لـە پێشـكەوتـن ناگریـت ، لـە هـەمـان كـات دا سـەیـری چـەمكـە قورئانیـەكـان بكـەیـن هـەرگیـزاو هـەر گیـز خـۆی لـە ئـەفسـانەو خورافاتـدا نابینێتـەوە ، چونكـە بـاس كردنـە لـە نـاخی مـرۆڤ ، هانـدانی مرۆڤـە ودوور خسـتنەوەیانــە لــە هــەمــوو خورافاتێـك ئــەمیشــی پراكتیــزە كــردوە لــە سەردەمی هاتنیەوە خەڵكی فێرە كردوە كە واز لە شتی پڕو پوچ بێنن.

كـە دەڵـێن ئیسـلام ناگۆڕێـت وبنماكـانی وەك خـۆی وایـە ئـەمـیش لـە راسـتیدا وانیـە .. ئـەحكـامی ئیسـلام لـە جێگایـەكـەوە بـۆ جێگایـەكـی تـر گـۆڕاوە ، ڕاستە وەك بیـرو بـاوەڕ نـەگـۆڕە بـەڵام ئـەمـە مانـای ئـەوە نیـە كـە بنـەمـای فیقهـی نـەگـۆڕە ، نـا چونكـە شـەرع بـە گـوێرەی ژینگـەو كۆمـەڵگاكـە

دەگۆڕا ، ئێستاش وایە .. بۆ نمونە ئیمامی شافعی لە بەغداد بۆچوونێکی فیقهی پیادە کردوە لە میسر شێوەیەکی تر ..

سیکولار لەم خاڵەیدا هەر هەگبەی زۆر بەتاڵە .

بۆ خاڵی کۆتایی رەهابوون ، بێ گومان لە ئیسلامدا ڕەهایی شتێك نیە سنوری نەبێت ، شتی وا لای ئیسلامدا دەست ناکەوێت، تا کومەڵگا بەرەو وێرانی نەڕوات و ناکازاکی و هێرۆشیمایەکی تر دروست نەبێتەوە ..

## ئیسلامی سیاسی چیە؟

سەرەتا لەوە دەست پێ دەکەم ئایا ئەم ووشەیە لەکوێوە سەرچاوەی گرتوە، لە ڕاستیدا ئەم ووشەیە لە ناو ئاینی ئیسلامدا هیچ بنەمایەکی نیە بەڵکو ووشەیەکی داهێنراوە بۆ ئەوەی ئیسلامی پێ پۆلێن بکەن تا دوو ئیسلام لە بەر چاوی خەڵکی دا دروست بکەن، ئیسلامی یەکەمیان ئەوەیە کە باوباپیرانمان کردویانەو بریتیە لە نوێژو ڕۆژوو حەج و زەکات ،کە لە ڕستیدا ئیسلام گەڕانەوەی حوکمی خوایە بۆ سەر زەوەی کە دەبێت بە لای کەمەوە یاساکانی ئیسلام بە پیرۆزی ڕابگیرێن و دەسەڵات لە ژێر دەسڵاتی موسڵمانان بێت نەك ووڵاتی ئیسلام بێت و کوفر حوکمی تێدا بکات، بە هیچ جۆرێك ڕێگە نادرێت کە خەڵکانی تر حوکمی موسڵمانان بکەن دەبێت کۆشش و خەبات بکرێت لە وپێناوەدا بۆیە ئەم ناوەکە پێ دەڵێن ئیسلامی سیاسی دروست کراوە تا ئەو هەستە خەبات گێریە کۆششیە لەناخی مرۆڤی موسڵماندا نەهێڵن.

لــە ڕاســتیدا ئیســلام هــەر ئیســلامە بۆیــە هــاتووە تــا دەســەڵات شــەرع بچەسپێنێت کاریشی بۆ دەکات تا سەرکەوتنی نەك لە وولاتی موسڵمان بەس بەڵکو لە هەموو جیهان دا.

کــەواتــە ووشــەی ئیسـلامی سیاسـی هـیچ بنـەمایـەکـی نیـە ئـەوەی ئـەو ووشەیە بەکار بهێنێت یارمەتی دوژمنانی دینی ئیسلام دەدات.
پێویسـتە سیاسـەت بـە کـارێکی شـەرعـی بـزانین هـەمـوو موسـڵمانێك سیاسـی بێـت بۆیـە بـە پێویسـتی دەزانـم باسێکی سیاسـەت بکـەیـن بـزانین چیـە لــە کوێـوە سـەرچـاوەی گرتــوە لــە چــەمکـی سیاسـەت تێبگـەیـن پێناسەی یەکی سەرەتایی

بکـەیـن و بیخینـە ژێـر پرسـیارەوە بـزانین دەگۆنجێت لـە گـەڵ ئیسـلام وەك تێگەیشتن لە بنەماکانی.

## سیاسەت چیە؟

سیاسـەت بریتیـە : لـە شـێوازی ئـەو دەسـتکەوت و قازانجانـەیـە، لـە پلـەی یەکەمدا
بریتیـە لـە کاروبـاری دەوڵـەت، ڕێبـازی دەوڵـەت و بـەڕێـوە بردنـی وولات، دیاری کردنی شێوەکانی ئەرك و ناوەڕۆکی چالاکییەکانی دەووڵەت.

## خاڵە سەرەتایەکانی سیاسەت

ووشەی سیاسەت بەمانای یاسایەکەی ئەگڕێتەوە بۆ ووشەی

**یۆنانی کۆن برتیە:Politique**
**لــەهونــەری و دەســتور وسیســتمی بــەڕێــوە بردنــی شــارو دانــانی هــاووڵاتیو مافەکانی لە جێ و ڕێی شیاوی خۆی.**

**(ڕایـدار لارسـون)ی سـویدی و مامۆسـتای دەوڵـەت ناسـی لـە زانکۆسـوید، لـەکتێبـەکـەیدا {ئایـدۆلۆژی یـە سیاسـی یـەکـانی سـەردەمـی ئێمـە} پێناسـەی سیاسەت ئەکات و ئەڵێ:**

**سیاســەت بریتــی یــە لــەململانــێ ی نێــوان گروپــە جــۆر بــە جــۆرەکــانی دەربارەی چۆنیەتی بەرێوە بردن وڕێکخستنی کۆمەڵگە.**

**ئــەو ململانــێ یــەش خــۆی لــە خۆیـدا ڕەنگدانــەوە تــەفسیرکردن و نــاوەڕۆکـی بڕیارە سیاسیەکانە.**

**ململانێـی ی نێـوان نــەتــەوەکـان لــەســەر کـۆنترۆڵ کردنـی ووشـکایی و مــافی سوود وەرگرتن لە بەرهەمی ئاوی ئەمە سیاسەتە.**
**ململانــێ ی نــاوخۆ تــاك بــە تــاکی نــەتــەوەکــان خۆشــیان دەربــارەی مــافی تاکـەکـانی کۆمـەڵگـە هـەر لـە مـافی هـاووڵاتیتی یـەوە بیگـرە تـا ئـەگاتـە یاسـا وڕێسای و کارو کارکردن و زەریبە ئەمەیش سیاسەتە .**

**کــار کــاردنی پێکــەوەی ڕێکخــراوە پیشــەیــەکــان بــۆ دیــاری کردنــی موچــە و کرێ ی کرێگرتە و ڕێسادانان بۆی سیاسەتە.**

**ململانێ ی بۆ بەڕێوە بردنی ڕێكخراوێك سیاسەتە.**

**نـــاوەرۆكـــی سیاســـەت هێـــزو توانایـــە {قودرتـــە} قـــودرەتـــیش بـــۆ هێنانـــەدی ویست و ئارەزووە.**

**لــە ســەدان ســەدە لــە مــەوبــەروە كــۆنترۆڵ كردنــی دەزگاكــانی دەوڵــەت گرنگتـــرین ئـــامراز بـــوون بـــۆ كـــۆنترۆڵ كردنـــی و بـــە یاســـا كردنـــی هەڵسوكەوتی مرۆڤ لە كۆمەڵگەدا .**

**ئـــەو گروپـــەی دەســـڵاتی دەووڵـــەت ئـــەگرێتـــە دەســـت دوو دەزگـــا دادەمـەزرێنێت، یـەكێكیـان بـۆ یاسـا دانـان و ئـەوەی تـر بـۆ سزادان بـۆ ئـەو كەسانەی كە مل كەچ نابن.**

## ناوەكانی سیاسەت

**سیاســەت گــەلێـك نــاوی لێنــراوە وەك { سیاســەتــی پارێزگــاری، سیاســەتــی ئـــازاد، سیاســـەتـــی ڕاســـتڕەو، سیاســـەتـــی چـــەپـــڕەو، سیاســـەتـــی ئابووری،سیاسەتی كۆمەڵایەتی سیاسەتی جەنگ.....هتد .**

**تێبینی :**

**{ ئـــەگـــەر لـــە جیـــاتی ئیســـلام سیاسی بوترایـــە سیاســـەتـــی ئیســـلامی ئـــەو کـــات کێشـــەیـــەکـــی ئـــەوتـــۆ دروســـت نـــەدەبـــوو، هـــەموولاکـــان پـــەســـندیان دەکرد}.**

## زانستی سیاسەت

**یەکەم: بریتی یە لە لێکۆلینەوەی لە دیاردەکانی دەووڵەت**

**دووەم:بریتی یە لە لێکۆلینەوەی لە دیاردەکانی دەسەڵات**

## سیستەمی سیاسی

**واتـــا بـــە مانـــای شـــێوازی دەوڵـــەتـــە جیاجیاکـــان دێـــت کـــە لـــە کاروبـــاری کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکان دەبەن بەڕێگاوە.**

**سیســـتەمـــی سیاســـی لـــەکۆنـــدا بریتـــی بـــووە: لـــەشـــێوازو جـــۆری دەووڵـــەت نـــەك لـــە چالاکیـــەکـــانی دەســـەڵات و لایـــەنـــە کۆمـــەڵایـــەتـــی و ئابوورییـــەکـــانی ســـەر بەو چالاکیانەی دەسەڵات .**

**واتـــا زیـــاتر لایـــەنـــی سیاســـی دەوڵـــەتـــی لـــە خـــۆ گرتبـــوو. ئـــەوەش لـــەبـــەر ئـــەوەی بـــوو کـــە دەووڵـــەت دەســـەڵاتـــی لـــە بـــواری ئاســـایش وپـــەیـــوەنـــدی یـــەکـــانی**

نـــــاوەوە ودەرەوەی ووڵات و هێنانــــــەدی داد پــــەروەری لـــــە نێـــوانی تاكەكانی كۆمەڵگەدا هەبووە
بــەڵام ئـــەمــڕۆ بــوارەكـــانی دەســـەڵاتــی دەوولـــەت فراوانتـــر بـــوون و، دەولــەت شـــوێن دەســتی لـــەبـــوارە كۆمـــەڵایـــەتـــی و ئـــابووری و تـــەنانـــەت فكریشدا هەیە،لەو بوارەندا ململانێ لەگەڵ تاكەكانی كەمەڵگە دەكات.
زانسـتی سیاسـەت ئـــەمـڕۆ لــەو ڕێكخـراو و ئۆرگانانـــەش ئـــەكۆڵێتــەوە كــە شـــان بـــەشـــانی دەزگـــا ڕەســـمیەكـــانی دەوولـــەت بوونیـــان هـــەیـــە و كـــار ئـــەكـــەن،وەك پارتـــە سیاسـیەكـــان،ڕێكخراوی مـــافی مـــرۆڤ، پاراســـتنی منـــاڵ، ڕێكخراوی كرێكارو قوتابیان و ڕێكخراوی ژنان ..هتد
سیاسەت بە گشتی ئەبێ ئەم خاڵانە لە خۆ بگرێت:

یەكەم: بە زمانێكی سادە بدوێ.

دووەم:لە زنجیرەیەكی پێكەوە گرێدراودا خۆی دەربخات.

سێیەم: تـەنـهـا تیـۆری نـەبێت، بـەڵكـو بتوانێـت لـە مـەیدانی عـەمـەلیدا پیـادە بكرێت.

چوارەم: بیر لە ئێستاو داهاتوو بكاتەوە.

پێنجـەم:ڕێـڕەوێكـی نـەگۆڕبگرێتـە بـەر و بـێ ئاگـاش نـەبـێ لـە گۆڕانكـاری و ئەزموونە ئەرێنی گەلانی دەوورو بەر یان دوور و نزیك.

شـەشـەم:سیاسـەتمـەدارو كـادێر بـۆ كۆمـەڵگـە دروسـت بكـات نـەك بۆپـارت و تاكی فەرمانڕەوا.

**حەوت:زيندو بێت وهەميشه لە رۆحێكی نوێ دا خۆی بنوێنێ.**

**هەشت:شوێن كەوتوانی بۆ هاوكاری و بنيات نان و هاندانيان بۆ گيانێكی لە خۆ بوردوو نەك بۆ دووژمنايەتی، واتا پێگەياندنيان بۆ كاری باشەو پێداويستيەكانی ئاشتی.**

**نۆيەم: ڕوو لەو جيهانيانە بێت كە خزمەتی مرۆڤايەتی دەكەن و بەگشتی و ئەوەی كە كێشەكەتی بەلاوە گرنگە.**

---

# ئيسلام وسياسەت

**بنەماكانی سياسەت لە ئيسلامدا:**

**بريتييە: لە حوكمی خوا پاشان ڕاوێژ و دەسەڵاتی گەل يان {ئومەت} جيا كردنەوەی سەروەت و سامانی خەليفە لە سامانی دەوڵەتی ئيسلام.**

**ئيسلام و سياسەت:**

پــاش ئــەوەی کــە ئیســلام یاســاکانی کۆمــەڵگــەی بــە ووردی ڕێکخســتوە بــەم شــێوەیــە، هــاتوە کاروبــاری سیاســی و ئــابوری و دادگــایی وپــەروەردەی و سەربازی و ئاسایش و کاروبارەکانی تری کۆمەڵگاشی ڕێك خستوە.
لـەبـواری ڕێکخسـتنی سیاسـەت و فـەرمـان ڕەوایـدا لـەسـەر بنـەمـای یاسـای قورئانی بەم شێوەیە، خوای گەورە بۆی دامەزراندوین کە دەفەرموێت.

{إِنَّ اللّـهَ يَـأْمُرُكُمْ أَن تُـؤدُّواْ الأَمَانَــاتِ إِلَــى أَهْلِهَــا وَإِذَا حَكَمْـتُم بَـيْنَ النَّــاسِ أَن تَحْكُمُواْ بِالْعَدْلِ إِنَّ اللّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِ إِنَّ اللّهَ كَانَ سَمِيعاً بَصِيراً}

بــەڕاسـتی خــوای پــاك و بێگــەرد بــە ئێـوە فــەرمــان ئــەدات کــە ئــەمانــەت بـدەنـەوە خـاوەنـەکانیـان وە هـەرکاتێك لـە نێوانی خـەڵکیدا داوەری بکـەن بـە دادگــەرانــە داوەری بکــەن وە فــەرمــان بــدەن، بــەڕاســتی خــوا بــاش ئامۆژگاریتان دەکات وە خوای گەورە بیسەرو بینایە.

کـەواتـە لێـرەوە بۆمـان دەردەکـەوێـت کـە سیاسـەت ئـەرکێکـە لـەسـەر شـانی ئــەو کــەســانەی کــەدەیانــەوێـت دەســەڵاتــی موسـڵمانان بگرنــە دەسـت وەك زانــراوە کــە سیاســەت هــەســتیارێکی زۆر دژوارە بۆیــە زۆر جــار کــەسـێکی سیاســی دەتوانێــت بــە ووتارێــك کۆمــەڵگــەیــەك لــەنــاو بــەرێــت وە بــە پێچــەوانــەوە هــەر بــە ووتارێــك کۆمــەڵگــەیــەك بخاتــە خۆشـگوزەرانــی جــا کــەواتــە سیاســەت لــەدەستی کـەسێکدا بێـت کـە بزانێـت چـۆن ئـەمانـەتـەکـە دەپارێزێـت ئــەو کــەســەش دەبێـت بزانێـت کــە چاودێرێـك بـەسـەریـەوەیـەتـی کەلە هەموو کەس باڵا دەست ترە.

هەروەها پێغەمبەری خوا (دروودو سەلامی خوای لێبێت) فەرمویەتی:

**{فـالآمیر الـذي علـى النـاس راع، وهـو مسـؤول عـن رعیتیـه كلكـم راع ومسؤول عن رعیته}**

**واتـا: ئـەو كـەسـەی كـە سـەرپـەرشتیارە بـەسـەر خـەڵكـەوە(ئـەمیر) شـوانـەو سـەرپـەرشـتی خـەڵكـە، بـەرپرسـیارە لـەگـەلـەكـەی هـەریـەكێكـیش لـە ئێـوە شوان و بەپرسیارە لە گەلەكەی.**
**لەڕاستیدا جوانترین پارسەنگی سیاسیە لە نێوانی خەڵك و دەسەڵاتدا...**

**بـەمـە ئیسـلام بناغـەكـانی دادگـەری سیاسـی و بـەرپرسـیاریەتـی دەوڵـەتـی لـە بـەرانبـەر نـەتـەوەدا چـەقانـدوە كاروبـاری موسـڵمانانی كردۆتـە ڕاوێـژ لـە نێـو خۆیاندا لەسەر بنەمایەكی یاسای قورئانی.**

**{وَالَّـذِینَ اسْـتَجَابُوا لِـرَبِّهِمْ وَأَقَـامُوا الصَّـلَاةَ وَأَمْـرُهُمْ شُـورَى بَیْـنَهُمْ وَمِمَّـا رَزَقْنَاهُمْ یُنفِقُونَ}**

**ئـەوانـەی كـە بـانگی پـەروەردگـاری خۆیـان وەڵام داوەتـەوەو نوێژیـان بـەجێ هێنـاوە وەكـارو باریـان بـە تـەگبیـرو ڕاوێـژ كردنـە لـە نێوخۆیانـدا لـەو ڕزق و ڕۆزی پێمان داون دەبەخشن.**
**هـەروەهـا گوێڕایـەڵ كردنـی دەسـەڵاتـی شـەرعیشـن ئـەو دەسـەڵاتـە شـەرعیـەی كـە دامـەزراوە لـەسـەر بنچینـەی بنـەماكـانی ئـاین، هـەروەهـا دروسـتی دادوەری كردۆتـە ئـەرك و فـەرمـانێكی فـەرزو پێویسـت بنـەمایـەكـی تری بۆ داڕشتوە**

**{...آطیعوا الله وآطیعوا الرسول واولي الآمر منكم...}**

واتـا: ...گـوێ ڕایـەڵـی خـواو گوێڕایـەڵـی پێغـەمبـەرو خـاوەن کـارو بـارو سەرپەرشت کاری خۆتان بکەن...
هـەروەهـا ئیسلام بـەرپرسـیارێتی پاراستنی سیستەمـی کۆمـەڵایـەتـی و کـاری سیاسی کردۆتە بەرپرسیارێتی تەواوی خەڵکییەوە.
لـە پـەیامی ئـاین دا وای دانـەنـاوە کـەئـەوەی کـەم تـەرخـەمـی دەکات، بیکـات و ئـەوەی بـەشـی خوایـە بـۆ خوایـە، بـەڵکـو کۆمـەڵگـەی بـەرپـرس کـردوە لـە هـەڵسـوڕاندنی کاروبـاری خـۆی و خـۆ بـەڕیـوە بـردن لـەسـەر بنچینـەو بنـەماکـانی شـەریعـەتـی خـوا وە لـەسـەر کۆمـەڵانـی خـەڵك پـەروەردەکردنـی واقیـع و بـاری کۆمـەڵایـەتـی خۆیـانی فـەرزو پێویسـت کـردوە هـەروەهـا بـەرهـەڵسـتکاری کـاری خراپـەو فـەسـادو هـەمـوو کـارێکی زشـتی قـەدەغـەکـردوە وە بـە پێویسـتی لـەسـەر کۆمـەڵانـی خـەڵك دانـاوە کـە خۆیـانی لێ دوور بخەنەوە.

لـەم بـارەیـەوە پێغـەمبـەری خـوا(درووود و سـڵاوی خـوای لـەسـەر بێـت) دەفەرمێت:

(مـن رأى مـنكم منكـرا فليغيـره بيـده، فـان لـم يسـتطع فبلسـانه، فـان لـم يستطع فبقلبه، وذالك أضعف الايمان)

واتـا: هـەرکـەسێك لـەئێوە کـارێکی خـراپ و زشـت و نـاشـرینی بـەدی کـرد بـا بـەدەسـتی خـۆی بیگـۆڕێـت و لـەنـاوی بـەرێـت جـا ئـەگـەر بـەدەسـت نـەیتـوانی بـا بـەزمـانی بیگـۆڕێت، خـۆ ئـەگـەر هـەر نـەیتـوانی هیچی بۆ نـەکـرا بـە بـەدڵـی بیگۆڕێت کە ئەمەش یەکێکە لە پلە لاوازەکانی ئیمان و باوەڕ.
هـەروەهـا ئیسـلام بـەرگریشـی کـردوە لـە یاریـدەدان و پشـتگیری کردنـی سـتەم کـاران، ئـەم کـارەی بـەتـاوانیکی گـەورە لـە قـەڵـەم داوە وە فـەرمـانی

كردوە بە بەرپەرچ دانەوەی ستەم، تا دادوەری سەرجەمی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بگرێتەوە لە سایەی دادپەروەر ئیسلامدا باڵی خۆی بەسەردا بكیشێت ئەمیش هەر بەیاسای قورئانی بۆمان دیاری كراوە خوای گەورە دەفەرمێت:

{وَلاَ تَرْكَنُواْ إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُواْ فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ وَمَا لَكُم مِّن دُونِ اللّهِ مِنْ أَوْلِيَاء ثُمَّ لاَ تُنصَرُونَ}

واتا: پەناو داڵدەی زاڵمان مەدەن جا ئەگەر مەیلتان بۆ لای ستەم كار بێت ئەوە ئاگر دەتان گرێت وە بە ئاگری ئەوانەوە دەسوتێن، وە بێجگە لەخوای گەورە هیچ كەس پشت و پەناتان نییە وە ناشتوانن یارمەتی لە هیچ كەسێك وەبگرن.

تەواوی ئەم كارو بارو یاساو ڕێسایانەی ئیسلام هەربۆ ئەوە داینـاوە كە پەیوەندی نێوان حوكم و دەسەڵات و گەل (ئومە ت) پتەو بكات، بۆ ئەوی هاوكێشەی تیۆری سیاسەت حوكمڕانی ڕوون بكاتەوە كەلەسەر بنچینەی دادپەروەری و ڕاوێژ و گوێڕایەڵی ومافی ڕەخنە و لێپرسین و ئامۆژگاری لە نێوان گەل و دەسەڵاتدا.

ئەنجامی باسەكە دەری خست كە سیاسەتی ئیسلامی سیاسەتێكی گشت گیر ترەلە هەموو ئەو سیاسەتانەی كە سیكۆلار خۆی پێوە بادەدات كە نایزانێت ئەوەی ئیسلام لەلایەتی هێشتا ئەو هەر بەخەیاڵیشیا نەهاتوە و وە تەنانەت نەیوێراوە خۆی لە قەرەی بدات.

سیاسـەت بـە گشـتی لـە ئیسلامدا بۆ گرتنـە دەسـەڵاتـە بۆ ئـەوەی فـەرمـانی خـوا پێغـەمبـەری خـوا بچـەسپێت وە هـەمـوو پێغـەمبـەران سیاسـەتیـان کـردوە وەك پێغـەمبـەری خـوا دەفـەرموێـت سـەلامـی خـوای لێبێـت(ان بنـی إسـرئیل کانت تسوسهم آلانبیاء)

وە هـەروەهـا خـوای گـەورە کـە باسـی دەسـەڵاتـی سیاسـی پێغـەمبـەرانمـان بۆ دەکـات سـڵاوی خوایـان لێبێـت وەك ئـەزمونێـك بۆمـان دەگرێتـەوە بۆ نمونـە کـە باسـی نـوح سـەلامـی خـوای لێبێـت دەکـات سیاسـەتـی چـاك سـازی لـە ئـەزمـونی ئـەو پێغـەمبـەرەدا بـووە یـان یوسـف سـەلامـی خـوای لێبـت سیاسـەتـی ئیتلافـی هـەبـوە دەای دەسـەڵاتـی کـردوە لـە حکومـەتـی پاشـای میسـردا بـەشـدار بـووە، کاتێـك باسـی موسـا سـەلامـی خـوای لێبێـت دەکـەیـن ڕاسـتـەوخـۆ خـوای سیاسـەتـی نـەیـاری ئۆپۆزیۆسـیۆنمان دێتـەوە پـێش چاوە کە چۆن کە چۆن گەلەکەی لە دەستی زوڵم ستەم ڕزگار کرد

یـان بـۆ نمونـە سـولێمـان و داودی بـاوکی سـەلامـی خـوا لـە هـەردوکیـان کـە هەردوو پێغەمبەرەکە سیستەمی پاشا یان بەڕێوە بردوە وەهاروەها....

## پێناسەی ئیسلام بۆ سیاسەت

ئـەوانـەی کـە شـارەزان لـە کاروبـاری زمانـەوانـی زیـاتر بـەرچاومـان ڕون دەکـەن لـە زانسـتی سیاسـەت لـە ئیسـلامدا زانیـان ئیسـلام پێناسـەیـان بـەم شـێوە کـردوە سیاسـەت ووشـەیـەکـی مێنیـە (مؤنـث) واتـە زانینـی هـەرشـتێك پـەیـوەسـت بێـت بـە حـوکمڕانی دەسـەڵات و دەوەڵـەتـەوەوە پەیوەندەیەکانی دەروە.

هەروەها ووشەی سیاسەت بە مانای ئیدەرەش ئاماژەی بۆ کاروە ئیبن حەجەر دەڵێت پەیمان دانە بۆ هەوڵدان بۆ چاککردن و ڕێککردنی کارێك وە بە هەمان شێوە لە (لسان العرب)دا هاتوە سیاسەت واتە هەستان بە چاکسازی و ڕێککردنی کارێك وە زۆرتر پێناسەیان بۆ کردوە بەڵام ئەوەندە بەسە بۆتێگیشتن لە چەمکی سیاسەت لە ناو ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا

ئیتر ئیسلام سەرەتای دەست پێکی سیاسەت بووەو بانگەشەو خەڵکی بۆ کۆکراوەتەوە و هانی خەڵکی دراوە کە بەگیانی خۆیان بیپارێزن وە لەسەرەتای کۆچی پێغەمبەری ئازیزەوەیەکەم کاری دامەزراندنی مزگەوت و دەستور بوو کە ئاماژەیەکی گەورەیە بۆسیاسەت.

# دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی و یەکەم دەستوور

بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی بنەماکانی باس دەکەین و وە مەبەستیشم لە یەکەم دەستور بۆ ئەوەیە کە گومانی ئەو گومانداران ڕەت بکەمەوە کە بزانن یەکەم کاری پێغەمبەری ئازیز(صلی الله علیه وسلم) دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی بوو هەڵبەتە ئەوەشی لەبەشەکانی تر ئاماژەمان لێکرد وە ڕوونمان کردەوە بۆ دامەزراندنی دەووڵەت

پیویستت بە سیاسەتە لێرەدا دووبارەی دەکەمەوە شتێك نییە لەم دنیایەدا ناوی ئیسلامی سیاسی بێت بەڵكو ئەم ووشەیە ووشەیەکی نەزۆك و زۆڵەك و زڕە تەنها بۆ بچوك کردنەوەی ئیسلامە دەیانەوێت خودی ئاینی پیرۆزی ئیسلام پۆلێن بکەن بەسەر چەند بەشێکدا لەبەر ئەوە بۆ خۆیان ووتیان ئیسلامی سیاسی و وە سەریشیان حەتمەن دەبێت بدات لە بەردی ئەلحەد بەڵام سیاسەتی ئیسلامی ئەوەیە کە باسی لێوە دەکەین و بەبێ هیچ شەرم و پێچ و پەنایەك ئامادەی لە خوانی هەموو مرۆڤەکاندا واڵای بکەین.

یەکێك لە کارە مەزنەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) لە دوای دروست کردنی مزگەوت، دانانی یاسایەك بوو بۆ ڕێك خستنی بۆ ئەو کۆمەڵگە نوێ موسڵمانەی کە خۆی بونیادی نابوو وە نەهێشتنی خراپەو ستەمکاری و دەست درێژی لە نێوانیاندا وە ئەو یاسایەش بە گوێرەی فەرمانی خوا دانرا، بوو بە بناغەی پەیوەندی نێوان موسڵمانان و جولەکەو بت پەرستانی مەدینە تا....

هەمویان لە چوارچێوەی  یاسادا کۆ بکاتەوە و لەسەری بڕۆن و دوور نەکەونەوە ئەمەش سەرەتای یەکەم سیاسەتی پێغەمبەری ئازیز (صلی الله علیە وسلم)بوو کە لە هەموو مرۆڤایەتیدا توانایەکی سیاسی  وا بەدی نەکراوە.

پێغەمبەر(دروود و سڵاوی خوای لەسەر بێت) کە دەسەڵاتی کەوتە دەست یەکەم هەنگاوی سیاسی ئەوە بوو بە خێرای ڕێگایەکی وای دانا کە کەس نەتوانێت بە گوێرەی هەواو هەوەس دەوڵەت بە ڕێگاوە بەرێت

موسڵمانانی کردە یەك کۆمەڵ تا هەموو پەیویستیەکانی ژیانیانی لەدەست بێت و کردارو کردەوەی ناو گەڵ ڕێك بخەن و بەڕیوەی بەرن.

هەر گەلێك لە ناو خۆی کارو باری بە چاکی و بە گوێرەی یاسای خوا بەڕێوە نەبرد کارەکەیان دەشڵەژێت بێگانە دەسەڵاتی بەسەردا دەشکێ و پرژو بڵاویان دەکاتەوە.
یاسای دەستوری ئیسلام هەر لەیەکەم ڕۆژەوە کە دامەزرا جیاوازی نەکرد لە نێوانی پیاو و ژن و خاوەن دەسەڵات و بێدەسەڵات و دەوڵەمەند و هەژارو بێ ئاین و موسڵمان و جولەکە.
مافی جولەکەکانیشی بە تەواوی دیاری کرد لەژێر سێبەری ئیسلام بونەوە یەك ،ناوی ڕۆم و عەجەم و حەبەش وون بون و نەمان بە هەمویان دەووت گەلی ئیسلام.
جارێکیان کۆمەڵێك لە موسڵمانان کۆ بوونەوە لە مەدینە، وویستان سەلمانی فارسی بە سوکی ناو بێهنن، هەریەکەیان خۆی و باووباپیرانی هەڵدایەوە شانازیان بە نەسەبی خۆیانەوە دەکرد تاکو هاتنە لای سەلمانی فارسی و لێیان..
پرسی تۆ کوڕی کێیت؟ ئەویش ووتی من کوڕی ئیسلامم، بەو ڕستەیە هەمویان شەرمەزارو بێدەنگ بوون.

کاتێك کە ئیمامی عومەر ئەو قسەیەی سەلمانی بیست دەستی کرد بە گریان ئنجا هاواری کرد سەلمان ڕاستی گووت منیش کوڕی ئیسلامم ئەم ووتەیە بوە یاسایەك و دانیشتوانی مەدینە لە بەرەڵای هۆزایەتی ڕزگار بوون.

تێبینی: گێلە پیاوانی ناسیۆنالیزمی کوردی کە بانگێشە بۆ نەتەوەی بوونی دادەنێن کەچی لەناو سەرکردەکانیشیاندا سلێمانی چێتی و یان هەولێر چێتی یان ڕۆژهەڵاتی و ئاپۆچێتی دەکەن و وەك سەردەمی جاهیلی نوکتەو قسەی ناشرین لەسەر شارو لادێکان دادەنێن وە سوکایەتی بە یەکتری دەکەن وە زۆری تریش کە نامەوێت لە بابەت دەرچم.

ئەو دەستورەی کە دامەزرا بۆ ڕیکخستنی کۆمەڵگەی مەدینەی کە موسڵمان و جولەکە و بت ڵەرست لە سایایەیدا حەسانەوە مەگەر ئەوانەی کە لەدەستور لایان دابێت خۆیان توشی نەهامەتی و سەرگەردانی بوون ئەمەش هەندێك لە خاڵە گرنگەکانی دەستورەکەیە.

## دەستوور

یەکەم :موسڵمانان لە قوڕەیش و لە مەدینە و ئەوانە لەمەودوا بە یەك گەل دەژمێرێن و دەبێ بەرگری لەیەك بکەن و پشتیوانی یەکتر بن.

دووەم: موسڵمانان یەك گەلن جیاوازی هۆزو تیرە نەما هەموویان بەیەکەوە بەستراون پارێزگاری لە یەکتر دەکەن و دەبێ دیلەکان بکڕنەوە و، لە چاکەو دادپەروەریدا هەموو وەك یەك بەشدار دەبن.

سێیەم: پێویستە لەسەر موسڵمانان پیاوی قەرزارو زۆر خێزان وە دەست کورت و هەژار لەبیر نەکەن دەبێت بە هەموو لایەکیان یارمەتیان بدەن.

چوارەم: ئەگەر هاتوو یەکێك وویستی ستەم و خراپەو دەست درێژی بکات لە ناو موسڵمانان دەبێ بە هەمویان لێی ڕاست ببنەوە جا ئەگەر کوڕی هەر کەسێك بێت و سەر بەهەر عەشیرەتێك بێت.

پێنجەم: موسڵمانێك لە تۆڵەی کافرێك نابێت موسڵمانێك بکوژێت نابێت یارمەتی کافریش بدات لە دژی موسڵمان وە بەخیانەتی گەورە دادەنرێت.

شەشەم: ئاشتی موسڵمانان یەك ئاشتیە هەموو پێکەوە یەکسانن وە دەبێت بە یەکسانیش لە ڕێی خوادا کۆشش و خەبات بکەن نابێت کۆمەڵێك خەریکی خەبات بێت و کۆمەڵێکی تر واز بێنێت.

حەوتەم: تەنها خوا پەنامانە موسڵمانان لە پەنای خوان وە موسڵمانان براو پشتیوانی یەکترن.

هەشتەم: هەر موسڵمانێك دانی بەم دەستورەدا نا نابێت یارمەتی تاوانباران بدات و بیحەوێنێتەوە وە ئەگەر لە دەستور لایدا ئەوە خوای گەورە ڕەحمی پێناکاو لێی توڕەیە لە قیامەتیشدا لێخۆشبوونی ئاستەمە.

نۆیەم: جولەکەو موسڵمانان ئەگەر لەگەڵ دوژمن کەوتنە شەڕ بە ماڵ و سامان یارمەتی یەکتر دەدەن.

دەیەم: لە نێوان موسڵمانان و جولەکە ئامۆژگاری و ڕێگا دانان و چاکە هەیە نابێت خراپە لە نێوانیاندا هەبێت.

یازدەهەم: نابێت کەس ستەم لە هاوپەیمانی بکات ستەم لێکراو هەرکەس بێت دەبێت سەر بخرێت، ئەوانەشی کە لەگەڵ موسڵماناندا دەژین نابێت زیان و تاوانیان هەبێت.

دوازدەهەم: خوا لەگەڵ چاکەو باشەی ئەو دەستورەدایە هەرکەسێك چاکە بکات و خۆی لە خراپە بپارێزێت خوا میهرەبانی خۆی بەسەردا دەڕژێت.

سیازدەهەم: هەرکەسێك هێرشی هێنا بۆ سەر مەدینە دەبێت موسڵمان و جولەکە بەیەکەوە بیپارێزن.

چواردەهەم: جولەکەی بەرەی عەوف لەگەڵ موسڵمان یەك گەلن.

پازدەهەم: جولەکە لەسەر ئاینی خۆیان و موسڵمانیش لەسەر ئاینی خۆیانن.

**شـازدەهـەم: جولـەكـەی بـەرەی سـاعیدە و بـەرەی جوشـەم و بـەرەی ئـەوس وەك جولەكەی بەرەی عەوف تەماشا دەكرێن.**

**حـەڤدەهـەم: هـەركـەسێك لـە جولـەكـەو موسـڵمان لـە مـەدینـە دەرچـوو بـۆ بازرگـانی بـۆ هـەركارێـك یـا مایـەوە بـا لـە خـۆی دڵنیـا بێـت و كـەس دەست درێژی ناكاتە سەر مەگەر ستەم بكات ئەو كات چاوەڕێی سزا بكات.**

**ئـەو یاسـایە هـەمـوو لایـەكـی گرتـەوە چ لایـەنـی بـەرگـری بێـت چ لایـەنـی ئـابوری بێـت چ لایـانی كۆمەڵایـەتـی وە لـەهـەمـان كاتـدا لایـەنـی سیاسـی بـە جوانترین شێوە دەردەخات.**
**ئـەگـەر سـەرنجێـك بـدەیـن وە بـە ووردی تێـڕابمێنین یـان لـە بنـەمایـەكـی هزریـەوە سـەیـری دەسـتورەكـە بكـەیـن دەبینـین چـەنـدە دادپـەروەری لـەم یاسـاو دەسـتورەدا بـەدی دەكرێـت كـە تـەواوی دەوڵـەتـی ئیسـلامی پـێ دامـەزراوە ئـەگـەر ئـاینی ئیسـلام سیاسـەت نـەبێـت ئـەم دەسـتورە بـۆ لەسەرەتای كۆچی پێغەمبەری ئازیز(صلى الله علیه وسلم)!**

**لێـرەدا بـەڕەهـای دەڵـێم هـیچ ڕژێمێكـی ئـەمـڕۆ كـە بێـیَ دەڵـێن دیمـوكراتی یاسـایەكـی ئـەوهـای هـەبوبێـت و كـرداری پـێ كرابێـت ڕاسـتە كـەم تـا زۆر لـەوانـەیـە لـە جێگایـەكـدا خزمـەتـی كردبێـت بـەڵام تـەنهـا بـە چینێـك چینێكـی تریشـی كـردوە بـە ژێـر دەستە بۆیـە (ئـەرستۆ) دەڵێـت : یـەكێك لـە سیستەمـە خراپـەكـانی بـەڕیـوە بردنـی دەسـەڵات دیموكراسیە چونكـە كۆمـەڵێـك دەكـات بـە مشـەخـۆر بـەسـەر كۆمـەڵێكـی تـروە لای هـەمـوو كـەسێكیش ئاشـكرایە هـەرچینێـك یاسـا دابنێـت بـەرژەوەنـدی و سـودی خـۆی ڕەچـاو دەكـات وە**

چینێکی تر دەخاتە ژێر دەستی خۆی کەواتە هەر خوایە کە یاسا دابنێت لە بەرژەوەندیەکانی مرۆڤە چونکە خوا بەرژەوەندی بە مرۆڤ نییە.

# بنەماکانی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی

دەوڵەتی ئیسلامی لە سەر ئەم بنمایەنە پێك دێت:

یەکەم: گەل {ئومەت}
دووەم:یاسا
سێیەم :دەسەڵات
چوارەم:سەروەری

لە فیکری ئیسلامیدا زەمین مەرجێك نییە بۆ پێکهێنانی دەوڵەت، وەلێ دەوڵەت لەسەر زەویەك پێك ئەهێنرێ کە خەڵکی تیا نیشتە جێ بووبن، کە ئەم خەڵکەش هەبوون، هەوڵی ئەوە ئەدرێت کە دەوڵەتیان بۆ پێك بهێنرێ و لە چوار چێوەی یاسای ئەم دەوڵەتەوە، فەرهەنگی خۆی بەم خەڵکە بناسێنێ، واتە بەو مانایە: ئیسلام کە بەرنامەیەکی خوداییە و بۆ بەشەریەتیش هاتووە، وە تەنها لە چوار چێوەی حوکمەتێکیشەوە ئەکرێت کە سەرو بەری ئەو خەڵکەی لە ناودا بە چاکی لە ئیسلام حاڵی بکرێت.

کـەواتـە زەوی ناکـەوێتـە مـەرجی کـەسایەتـی دەوڵـەتـەوە، بگـرە زەوی ئـەبێتـە مـەرجێك بـۆ درووسـت بـوونی دەوڵـەت. دەوڵـەت درووسـت نابێـت لـە سـەر زەویـەك نـەبێت کـە تـاکو کۆمـەڵی خـەڵکـەکـەی تیـا نیشتـە جـێ نـەبێت، بۆیـە دەگوترێـت: دەوڵـەتـی پێغـەمبـەر [ صـلی الله علیـه وسـلم ] لـە مـەدینـە درووسـت بـوو، یـان دەوڵـەتـی ئومـەویـەکـان لـە شـام درووسـت بـوو، یـان دەوڵـەتـی فیرعـەونـەکـان لـە میسـر درووسـت بـوو...هتـد. سـەبـارەت بـە دەوڵـەتـی پێغـەمبـەریش [ صـلی الله علیـه وسـلم ] لـە مـەدینـە دەوڵـەتێك بـوو لـە شـارێك رەگـی خـۆی داکوتـا کـە پێـی ئـەگـوترا مـەدینـە، خـەڵکـەکـەی پـەرتـەوازەو خـۆ خـۆر بـوون، سـەد سـالڕ بـوو کـە شـەڕ لـە نێـوان ئـەوس و خـەزرەجـدا هـەبـوو، بـەڵام بـە درووسـت کردنـی ئـەو حوکمـەتـە، چونکـە پـرۆژەکـەی بـۆ خـەڵکـەکـە بـوو نـەك دەسـەڵات، زۆر بـەئاسـانی ئـەو خوێنـەی نێـوان ئـەم دوو تاقمـەی وشـك کـرد، نـەك هـەر وشـك بـوونیش بگـرە بـوون بە برای یەکترو ژن و ژن خواستنیان دەگەڵ یەکدا بریاردا.

خـاڵی دووەم لـە پێکهێنـانی دەوڵـەت، ئـەوەیـە کـە قورئـان ئـەبێتـە پایـەیـەك لـە پایـە سـەرەکیـەکـانی دەوڵـەت، ئـەمـەش لـەم هـەقیقـەتـە قورئـانیـە وەر ئـەگیرێـت کـە دەفـەرموێـت: [ كـانَ النّـاسُ أُمّـةً واحِـدَةً فَبَعَـثَ اللهُ النّبيِّـين مُبشِّـرينَ ومُنـذِرينَ وأنْـزَلَ مَعَهُـم الكِتـابَ بـالحقِّ لِيَحْكُمَ بـينَ النـاسِ فيمـا اخْتَلَفُـوا فيـه ... ] [ البقـرة /213 ] واتـە: (لـە سـەرەتـای پـەیـدا بـوونی خـەڵکیـدا دوای قۆناخـەکـەی نـوح) خـەڵکـی، یـەك ئوممـەت بـوون و خـاوەنـی تـەنهـا بیـرو بـاوەڕی یـەکتاناسـین بـوون، (بـەڵام بـەرە بـەرە لایانـدا) خـوایش وێڵـی نـەکـردن و پێغـەمبـەرانـی رەوانـە کـرد، تـا مـژدە دەرو ترسێنـەر بـن بۆیـان، وە کتێبـی پیایانـدا نـاردووە، بـۆ روون کردنـەوەی هـەق و راسـتی، تـا لـە نێـوان

خـەڵكیـدا فـەرمـانرەوایـی دادوەرانـە ئـەنجـام بـدەن لـەسـەر ئـەو شـتانەی كـە بۆتە كێشەیان و راو بۆچوونیان لە سەری جیاوازە.

قورئـان لێـرە دا ئـەوەمـان بـۆ روون ئـەكاتـەوە كـە ئـەو دەوڵـەتـە لـەسـەر دەسـتی پێغـەمبـەران پێكهێنـراوە، هـەروەك هـەر چـوار توخمـەكـەی پێكهێنـانی دەوڵـەتـەكـەشـی بـۆ روونكردووینـەتـەوە، كـە بـریتین لـە 1. ئوممـەت، 2. یاسـا (قورئـان)، 3. حكومـەت (پێغـەمبـەران)،4. ویلایـە (السیادە)ن كـە ئـەویش پێغـەمبـەران بـە حـوكم كردنیـان بـە كتێب پـەیـرەویـان ئەكرد.
بـەم شێوە چـەمكی دەسـەڵات گـرێ ئـەدرێت بـە یاسـاو بـەو رەوشـتانەی كـە هەڵگری ئەو كتێبەن.
كـەواتـە دەوڵـەتـی ئیسـلامی بریتیـە لـە دەوڵـەتـی یاسـا و دەوڵـەتـی بیـرو بـاوەر، كـە لـەسـەر بنـەمـای یاسـای ئیسـلامی و پـا بـەنـد بـوون پێیـەوە دا ئـەمـەزرێت. ئەو دەوڵەتەش لە سەر بنەمای بیرو باوەری ئیسلامیەوە پێك ئەهێنرێ.
وە ئـەتـوانین هـەر لـە چـوار چێـوەی دەقـەكـان و تێگـەیشـتنەكـان و ئامانجـەكانـدا لـە تـەفسـیری ئیسـلامیش بگـەیـن بـۆ پێكهێنـانی دەوڵـەت. هـەر لـەمپێـوە دانگـەوە ئـەتـوانین بڵێـین: جیهـانبینی ئیسـلامی (التێـور الإسـلامی) تـەفسـیری دەوڵـەت ئـەكـات بـە تـەفسـیرێكی ئـەخلاقـی و ئـەقایـدی، وە دەوڵـەت لـە چـەمك و تێگـەیشـتنی ئیسـلامیەوە پێویسـتیەتـی بـوونی ئـەخـلاق و ئـەقیـدە ئاشكرا ئەكات.
بـۆ روون بوونـەوەی زیـاتریش ئـەتـوانین بڵێـین: دەوڵـەت لـە روانگـەی ئیسـلامەوە، لـەسـەر بنـەمـای پاراسـتنی هـەق و دادگـەری و فـەرمـان بـە چاكـەو رێگـرتن لـە خراپـە و چـاككردنی زەمـین و بینـاكردن و ئـاوەدان كردنـەوە و گـەشـە پێدانی ژیـان و بـرەو پێدانی پێك دەهێنـرێ. ئـەمـەش سـەر بـاری ئـەمانـە، هـەوڵێكیشـە بـۆ مسـۆگەر كردنـی چـاكترین ژیـان بـۆ

بەشەریەت و بەختەوەر بوونێكی تەواو بۆ مرۆڤایەتی. وەك بۆ بانگەواز كردنیشە بۆ یەكتایی خوای تاكو تەنیاو ڕێنمایی كردنی ئینسانە بۆ ڕاستە ڕێ بوونی.

هەموو ئەو پێویستیانەش پێویست بوونی ئەخلاق و ئاقیدەی ئیسلامین. دەیان ئایەت و فەرمایشتی پێغەمبەری خواو سیرەو ژیانی پێغەمبەریش بەڵگەی ئەم حاڵەتەن كە باسمان كردن.

لەوانە خوای گەورە دەفەرموێ:

(1) [ إنّ اللهَ يأمُرُكُم أن تُؤدّوا الأماناتَ إلى أهْلِها وإذا حَكَمْتُم بينَ النّاسِ أن تَحْكُمُوا بالعَدْل ] [ النساء / 58 ] (لە پێشەوە لێكمان داوەتەوە).

(2) [ وبالحقِّ أنزَلْناهُ وبالحقِّ نَزَل ... ] ). [ الإسراء / 105 ] واتە: ئێمە قورئانمان لەسەر بنچینەی هەق و ڕاستی دا بەزاندووە، وە بۆ چەسپاندنی هەق و ڕاستیش دا بەزیوە.

(3) [ الّذينَ إن مَكّنّاهُم في الأرْضِ أقامُوا الصّلاةَ وآتوا الزّكاةَ وأمَرُوا بالمعروفِ ونَهُوا عن المُنْكَر ] . ( [ الحج / 41 ] واتە: كە ئەگەر پایەدارمان كردن لە زەویدا نوێژەكان بە چاكی ئەنجام دەدەن، زەكاتیش بە تەواوی ئەبەخشن، فەرمان بە چاكە دەدەن، ڕێش لە خراپە دەگرن.

(4) [ وَعَدَ اللهُ الّذينَ آمَنُوا مِنْكُم وعَمِلُوا الصّالحاتِ لَيَسْتَخْلِفَنّهُم في الأرْضِ كما اسْتَخْلَفَ الّذينَ مِن قبْلِهم ... ] . [ النور / 55 ] واتە: خوا بەڵێنی دڵنیا بەخش و تەواوی داوە بە وانەی كە باوەڕیان هێناوە لە ئێوەو كارو كردەوەی چاكیان ئەنجام داوە، كە لە ئایندەیەكی نزیكدا جێنشین و پایەداریان دەكات لە سەر زەویدا، هەروەك چۆن (برواداران) پێش ئەمانی جێنشین كردووە.

(5) [ تِلْكَ الدّارَ الآخِرَةَ نَجْعَلها للّذِينَ لا يُريدونَ عُلُوّاً في الأرْضِ وَلا فَسادا ... ). ( القصص / 83 ] واتە: جا ئەو ماڵی دوا ڕۆژەمان ئامادە

کـردووە بـۆ ئـەو کـەسـانەی کـە نـە بـەرزیـی و بڵـندی و گـەورەییـان دەوێت لـە زەویدا، نەفەسادو گوناهو خراپە.

(6) [ وَمـا لَكُـم لاتُقـاتِلونَ فـي سَـبيلِ اللهِ والمُسْتَضْـعَفينَ مِـنَ الرِّجـالِ والنِّسـاءِ والُولْـدانِ يَقولُـونَ رَبّنـا أخْرِجْنـا مِـن هـذهِ القرْيَـةِ الظّـالِمِ أهْلِهـا ).( النسـاء / 75 ] واتــە: ئــەوە چیتانــەو بــۆچی شــەڕێ ناکــەن لــە پێنــاوی خــوادا بــۆ رزگــار کردنــی لاواز کــراوو چــەوســاوەکــان، لــە پیــاوان و ئــافرەتــان و منـداڵان، ئـەوانـەی کـە دەڵـێن: پـەروەردگـارا تـۆ رزگارمـان بکـە لـەم شـارەی کە خەڵکەکەی ستەمکارن...

(7) [ وَمـا خَلَقْـتُ الجِـنَّ والإنْـسَ إلّـا لِيَعْبُـدون ). ( الـذاريات / 56 ] واتـە: من جنۆکەو ئینسانم درووست نەکردووە بۆ پەرستشی من نەبێت.

(8) [ قَـالَ يَـا قَـوْمِ اعْبُـدُوا اللَّـهَ مَـا لَكُـمْ مِـنْ إِلَـهٍ غَيْـرُهُ هُـوَ أَنْشَـأَكُمْ مِـنَ الْـأَرْضِ وَاسْـتَعْمَرَكُمْ فِيهَـا ] هـود / 61 واتـە: (سـاڵح بـە گـەلـەکـەی خـۆی گـوت:) ئـەی گـەلـەکـەی خـۆم، گوێرایـەڵی خـوای گـەورە بکـەن جگـە لـەو (زاتـە) هـیچ خوایــەکــی ترتــان نییــە، ئــەو بــەرپــای کــردوون لــەم زەویــەدا، داوای لــێ کردوون ئاوەدانی بکەنەوە...

بـەم شێوە لـە چـەمکو مـەفهـومی ئیسـلامی هـەقیقـەتـی دەوڵـەتـی ئیسـلامیمان بۆ روون ئەکاتەوە.

پوختــەی ووتــە ســەبــارەت بــە ناســینمان بــە دەوڵــەتــی ئیسـلامی، ئــەتــوانین بــەر چــاوترین بنــەماکــانی دەوڵــەت و پــەیــوەنــدی بــە ئوممــەت و جیهــانی غــەیــرە ئیســلامی (کــە سیاســەتــی دەوڵــەت و سرووشــتەکانیــەتــی) لــەســەر چەند بنەمایەکەوە بوەستێنین:

1. دەســەڵات لــە ئیسـلامدا لــە کــەســایەتــی فــەرمــانرەوا ئاوێتــە ئــەبێت، دەوڵــەت خـۆی کـەسـایەتیـەکـی یاسـایی سـەر بـەخۆیـە. وە فـەرمـانرەوایش ئـەمینـەو

بــەر پرســیارە لـــە بــەجــێ گــەیانــدنی كــارەكــانی لـــەبـــەردەم ئوممـــەت و پرەنسیپەكانی دەوڵەت.

**2.** راوێـژو رێزگرتنـی لـە راو بـۆ چـوونی خـەڵكـی: وە تـوخمی بنـەرەتـی كـە فــەرمــانرەوا لــە ئیسـلامدا ئیعتیمــادی لــەســەر ئــەكـات، بریتییـە لــە تــوخمی بــەیعــەت و شــورا، بــەیعــەت و شــورا تــەعبیـرە لــەوە كــە خــەڵكــی خۆیــان خــاوەن هـــەقـــن لـــە دەســـەڵاتـــدا، بــەو مانایـــە دەســـەڵات و حـــوكمڕانێتی بنەرەتەكەی بریتییە لە راپەڕاندنی كارو باری خەڵك .

عـەلـی كـوری ئـەبـو تالـب، خـوا لێـی رازی بێـت، دەفـەرمـوێ: (إنّ لـی علـيكم حقّـاً ، ولكـم علـىَّ حـقّ ، فرِمّـا حقّكـم علـىَّ فالنّيحـه لكـم... ورِمّـا حقّـى علـيكم فالوفـاء بالبيعـه). واتـە: مـن هـەقـم بـەسـەر ئێـوەدا هـەیـە، ئێـوەش هـەقتـان بـەسـەر منـەوە هـەیـە، هـەقـی ئێـوە لـەسـەر مـن ئـەوەیـە كـە ئامۆژگاریتـان بكـەم... وە هـەقـی منـیش بـەسـەر ئێوە ئـەوەیـە كـە بـە وەفـابن بـە بـەیعـەتتـان لە گەڵ مندا..

وە لــە قورئــانی پیرۆزیشــدا مــەبـدەئـی راوێـژ روو لــە پێغـەمبـەر [ صـلى الله عليـه وسـلم ] بــوو كــە خــوای پێــی فــەرمــوو: [ وَشَــاوِرْهُمْ فِـي الْـأَمْرِ فَـإِذَا عَزَمْــتَ فَتَوَكَّــلْ ] [ آل عمــران:159 ] واتـــە: لـــە كـــارو پێشـــهاتا پـــرس و رایـان پـێ بكـە، (ئـەگـەر بریـارت دا كارێـك ئـەنجـام بـدەیـت، ئـەنجـامی بـدەو) پشـت بـە خـوا ببـەستە.. لـەو دەقـە قورئـانیـەشـە كـە سوود لـە مـەبدەئـی راوێـژ ئــەبینــین كــە حــاكم ئــەبــێ راوێــژ بكــات بــە ئوممــەتــی خــۆی و رێــز لــە راو بۆچوونــە شــەرعیــەكانیــان بگرێــت، ئــەو مــەبــدەئــە وە نــەبێــت كــە بــە تــەنهــا روو لـــەپێغـــەمبـــەر [ صـــلى الله عليـــه وســـلم ] بێـــت، بگـــرە مـــەبـــدەئێكـــە مسوڵمانانیش پێیەوە ئەبێ پابەند بین. وەك خوای گەورە دەفەرموێ:

[ والّــذينَ اسْـــتَجابُوا لــربِّهم وأقــامُوا الصّــلاة وأمْــرُهُم شــورى بيــنهم ... ] الشّــورى/38، واتــە: ئــەوانــەش كــە بــەدەم بانگــەوازی پــەروەردگاریانــەوە

دەچن و نـوێژەكانیـان بـە چـاكی ئـەنجـام ئـەدەن، وە كـارو باریـان هـەردەم بـە مـــەشـــورەت و راوێژكارییـــە... لێـــرەشـــەوە دیكتاتۆریـــەتـــی سیاســـی رەت ئـــەكرێتـــەوە، دەورێكـــی زۆر بـــەر چـــاویش ئـــەدرێتـــە ئوممـــەت لـــە ژیـــانی سیاسـیُ و وە راسـتگێرانی ژیـانی كۆمـەلایـەتـی، بـە پێـی بـەرژوەنـدی گشـتی یەكانەوە.

3. دەسـەڵات ئـەمانـەت و مـەسئولیەتـە، هـەروەك لـە قورئـانـدا بـە مـەبدەئێكـی سیاسـی گرنگـی گرتـووە، ئـەویش ئـەوەیـە كـە دەسـەڵات ئـەمانـەتـە لـە دەست فـەرمـانرەواوەو بـەر پرسیارە لـە بـە رێـوە بردنـی كـارو بـاری خـەڵكییـەوە، سـەرۆكـی وڵات ئـەبێت ئـەمین بێ و بـەر پرسـیار بێـت لـە كـارو بـارەكـانی ژیـــانی خـــەڵكیـــدا. وەك خـــوای گـــەورە دەفـــەرمـــوێ: [ إنّ اللهَ یـــأمرکُم أن تُـؤدّوا الأمانـاتَ إلـى أهْلِهـا وإذا حَكَمْـتُم بـینَ النّـاسِ أنْ تَحْكُمُـوا بالعَـدْلِ ] [ النســاء / 58 ] واتــە: بێگومــان خــوا فــەرمانتــان پــێ ئــەدات كــە ئــەمانــەت بگێرنـــەوە دەســت خـــاوەنـــەكـــەی، هـــەر كـــاتێكیش داوەریتـــان كـــرد لـــە نێـــوان خـــەڵكیـــدا، داد پـــەروەرانـــە فـــەرمـــانرەوایـــی بكـــەن. پێغـــەمبـــەریـــش  دەفەرموێ:

[ كُلّكُم راع وكُلّكُم مسـؤولٌ عـن رعیّتـه ] . [ متفـقٌ علیـه وعـن ابـن عمـرَ رضي اللَّهُ عنهما ] . (پێشتر مانا كراوە)

وە مـەبدەئـی بـەر پرسیارێتی جێگیرە لـە دەیـان دەق كـە بـاس لـە فـەرمـان بـە چاكـەو رێگـری لـە خراپـە ئـەكـەن، كـە هـانی خـەڵكـەكـە ئـەدەن كـە بـە كـاری ئامۆژگـاری و فـەرمـان بـە چاكـەو بـەرهـەڵسـتی لـە خراپـە هـەڵبسـن، ئـەو هـــەقـــە بـــە ئوممـــەت ئـــەدات كـــە لـــە پێشـــەواكـــەی خـــۆی بپێچێتـــەوەو روو بـەرووی بێتـەوە لـە كـەم تـەرخـەمییـەكـانی و لـە خـراپ بـە رێـوە بردنـی كـارو بـارەكـانی ژیـانی بپرسێتەوە، یـان ئـەگـەر بینیـان كـە ئـەو خـەریكـە دەسـەڵات ئـــەقۆزێتـــەوە بـــۆ بـــەرژەوەنـــدی تاكـــە كـــەســـی، یـــان لادانـــی لـــە رەوتـــی

شـەرعـەوە، هـەمـدیس ئاگـادار ئـەکرێتـەوە، ئـەگـەریـش چـاك نـەبـوو لا ئـەبردرێـت. هـەروەك بـەر پرسـیاریش ئـەبێـت لـە بـەردەم خـوای پەروەردگاردا.

**4. دەوڵەتی ئیسلامی دەوڵەتی یاسایە:**

**پـێش ئـەوەی بـاس لـە یاسـایەتـی دەوڵـەتـی ئیسـلامی بکـەیـن، پێویسـتە لـە پێشدا مانای دەوڵەتی یاسایی بکەین:**

**دەوڵـەتـی یاسـایی بریتییـە لـە کـەسـایەتـی یاسـایی، واتـە هـەمـوو ئـەو شـتانەی کە لە سیاسەت و لە ئیدارە دا هەن ئەبێ مل کەچ بن بە یاساوە، یاسا**

**حـوکم ئـەکـات و ژێـر خـانووەکـەی ڕێـك ئـەخـات، ئـەگـەر کـەم تـەرخـەمـی تیا ڕوودا، لێپێچینـەوەی تیـا ئـەکرێـت، هـەروەك چـۆن حـوکم لـە سـەر ڕەوشـتی تاکەکانەوە ئەکرێت و لە کەمتەرخەمییەکانی ئەپێچرێتەوە.**

**ئیسـلام دێـت دەسـەڵات [ السـلطة ] جێگیـر ئـەکـات، سـەڵاحیـەتـەکـان بـۆ دەسەڵات دیار ئەکات و هەموو حەق و مافەکانی بۆ دەستنیشان دەکات.**

**لـە توێژینـەوەی زانسـتی بـۆ مانـای دەسـەڵات لـە ئیسـلامدا ئـەوەمـان بـۆ ئاشـکرا ئـەکـات کـە دەسـەڵات لـە ئیسـلامدا بریتیـە لـە دەسـەڵاتێکـی تـەنفیـزی، بـەو مانایـە کـە ئـەو کـەسـەی تـەکلیـف کـراوە بـە جێبـەجێکردنـی حوکمـەکـانی شـەریعـەت و پاراسـتنی بـەر ژەوەندیـەکـانی، زۆر جـاران پێویسـتی بـە سـەڵاحیاتێـك هـەیـە کـە بـۆی دەستنیشـان کـراوە تـا ڕایانپـەڕێنـێ. بۆیـە ئـەوانـەی کـە ئـەمیرایـەتـی ئـەو ئیسـلامە ئـەکـەن پێویسـتیان بـەو دەسـەڵاتـە دیـار کـراوە هـەیـە، تـاکو بتـوانن کـارەکـانی خۆیـان ڕاپـەڕێنن، ئـەمـە ئـەگـەر لـە ئاسـتێکی بچـووکتر لـەم دەسـەڵاتـەشـەوە بێـت، هـەر وە تـرە، بـۆ نموونـە دەسـەڵاتـی بـاوك بـە سـەر منداڵـەکانییـەوە، ئـەبـێ چـاك مامـەڵـەیـان دەگـەڵـدا**

بکـات و سـووربێت لـه سـەر پارسـتنی بـەر ژوەندیـەکانیانـەوە. بـەڵام خـۆ ئـەگـەر مافیـان پێشـێل بکـات و هـەقیـان لـێ زەوت بکـات ئـەوا جـوامێری خـۆی لـه ئاستیاندا لـه دەسـت ئـەدات و لـه لایـەن دەسـەڵاتـەوە لێپیچینـەوەی دەگـەڵـدا ئەکرێت.

کـەواتـه قورئـان یاسـایەی دەوڵـەت و سـەروەری یاسـامان بـۆ دیـار ئـەکـات بـەو بـەڵگـەی کـه خـوا روو لـه پێغـەمبـەر [ صـلی الله علیـه وسـلم ] ئـەکـات و دەفـەرمـوێ: [ إن أتّبـعُ إلّـا مـا يُـوحى إلـيَّ ] يـونس / 15 واتـە: من تەنها پەیرەوەی ئەو سرووشه ئەکەم که بۆم هاتووە.

یـان دەفـەرمـوێ: [ ثُـمّ جَعَلْنـاكَ علـى شـريعة مِـنَ الأمْـرِ فاتّبِعْهـا ولا تَتَّبِـع أهـواءَ الّـذينَ لا يَعْلَمُـون ] . [ الجاثيـة / 18 ] واتـە: لـەوەودوا ئێمـه تۆمـان خسـتۆته سـەر بـەرنامـەیـەکی راسـت و رەوان، شـوێنی بکـەوەو لێـی لا مەدە، نەکەیت شوێنی هەواو ئارەزووی نەفامان و نەزانان بکەویت.

یـان دەفـەرمـوێ: [ ... قـل مـا يكـون لـي أن أُبدِّلَـهُ مِـن تِلقـاءِ نَفْسـي ... ] يونس / 15 واته:... بڵێ: من ناتوانم له خۆمەوە (فەرمانی خوا) بگۆڕم.

یـان دەفـەرمـوێ [ ... وَأُمِـرْتُ لأعْـدِلَ بَيْـنَكُم ... ). ( الشـورى / 15 ] واتـە: من فەرمانم پێ کراوە که دادپەروەری له نێوانتاندا بەر قەرار کەم.

بـەم شـێوەیـه قورئـان بۆمـان روون ئـەکاتـەوە کـەوا پێغـەمبـەر [ صـلی الله علیـه وسلم ] ئـەبـێ شـوێن ئـەو شـەریعـەتـه بکـەوێـت کـه خـوا بـۆی بریـار داوە، لێریشـدا ئـەوە ئاشـکرا ئـەبێـت کـه دەوڵـەتـی ئیسـلامی دەوڵـەتـی شەریعەت و یاسایە. بگرە بە جێگەیەنەری یاساو شەریعەتی خوایە.

5. سـەر بـەخۆیـەتـی قـازی: خـوای گـەورە دەفـەرمـوێ: [ إنّ اللهَ يـأمُرُكُم أن تُـؤدّوا الأمانـاتَ إلـى أهْلِهـا وإذا حَكَمْـتُم بَـينَ النـاسِ أن تَحْكُمـوا بالعَـدْلِ ... ] . [ النساء / 58 ] (پێشتر مانا کراوە)

بۆیە پێغەمبەر [ صلى الله عليه وسلم ] دەفەرموێ: [ إِنَّمَا أَهلَكَ الَّذينَ قَبْلَكُمْ أَنَّهمْ كَانُوا إذا سَرَقَ فِيهم الشَّريفُ تَرَكُوهُ، وَإذا سَرَقَ فِيهِمُ الضَّعِيفُ ، أَقَامُوا عَلَيْهِ الحَدَّ ، وَايْمُ اللَّهِ لَوْ أنَّ فاطِمَةَ بِنْتَ مُحَمَّدٍ سَرَقَتَ لَقَطَعْتُ يَدَهَا ] [ متفقٌ عليه عَنْ عَائِشَةَ رضِيَ اللَّهُ عَنْهَا ]

واتە: گەلانی پێش ئێوە بە فەتارەت چوون، بەوە ئەگەر یەکێکی ناو دار دزی بکردایە، وازیان لێ ئەهێنا و هەقیان لێ نەئەسەند ، وەلێ ئەگەر یەکێکی هەژارو بێ ناو دزی بکردیە، شەلاق و حەددیان لێی ئەدا، سوێن بە خوا ئەگەر فاتیمەی کچی موحەممەد دزی بکات من دەستی ئەبرم.
یان ئەبو بەکری سەددیق (خوا لێی رازی بێت) دەفەرموێ: [ القوي منكم عندي ضعيف حتى آخذ الحق منه، والضعيف منكم قوي حتى آخذ الحق له ] واتە: هێز دارتان لە لای من بێ بەهاو بێ هێزە تا هەقی لێ ئەسەنمەوە، بێهێزیشتان بەهێزە تا هەقی بۆ ئەسەنمەوە.!
بۆیە قورئان پێ لەسەر ئەوە ئەگرێت کە نابێت تەحاکوم بە تاغوت بکرێت، چونکە کار بەدەستی تاغوت حاکمێکی زاڵمەو حوکم بە هەق ناکات و کاریش بەو شەریعەتە دادگەرە ناکات.
خوای گەورە دەفەرموێ: [ أَلَم تَرَ إِلَى الَّذينَ يَزْعمونَ أ نَّهُم آمَنوا بما أُنزلَ إِلَيْكَ يُريدونَ أن يَتَحاكَمونَ إلى الطّاغوتِ وقد أُمِروا أن يَكْفُروا به ] ( النساء / 60 ]
واتە: ئایا نابینیت و سەرسام نیت لەوانەی وا نیشان دەدەن کە باوەریان هێناوە بەوەی کە بۆ تۆ رەوان کراوە، وە بەوەش کە پێش تۆ رەوانە کراوە (بۆ پێغەمبەران) کەچی دەیانەوێت روو بکەنە زۆر دارو تاغوتان تا دادوەرییان لە نێواندا بکەن و چارەسەری کێشەکانیان بکەن. لە کاتێکدا فەرمانیان پێ دراوە کە باوەریان پێیان نەبێت.

لێـره دا بۆمـان روون ئـەبێتـەوه کـە دەوڵـەتـی ئیسـلامی و کۆمـەڵگـەی مـەدەنـی ئـەگـەر لـەسـەر رەوشـت و نیزامێکـی ئیسـلامی پێـك بهێنرێـت، شـکۆمەنـدی فیکـری ئیسـلامیمان بـۆ بـەهـەق ئـەگرێـت، ئـەوەمـان بـۆ روون ئـەکاتـەوه کـەوا دەوڵـەتـی ئیسـلامی چـۆن ئـەتوانێـت کـە پێشـەوایـەتـی بەشەریەت بکات لە قۆناغە یەك بەدوای یەکەکاندا.

## پوختەی ووتە

ئێمـەی مسـوڵمان لـەسـەرمانـە کـە روو لـە هـەمـوو جیهـان بکـەیـن و هانیـان بـدەیـن کـە ئیسـلام بکـەن بـە دیـن و دەوڵـەت و شارسـتانی، لـە بـەردەم بـەشـەریـەت هـیچ شـتێك نییـە کـە رزگاریـان بکـات تـەنهـا ئیسـلام نـەبێـت. بێگومـان کـە وایـش بـوو ئـەوه بـۆ نـەوەکـانی داهـاتووش ئـەوه ئاشکرا ئـەبێت کـە ئـەم دینـە ئـاینێکی گـەورەیـە، کـە ئـەبیـنن عیلم و ئـەقـڵ لـەم دەوڵـەتـەدا حـوکم ئـەکـات. ئـە لێرەشـەوه ئـەم ئایـەتـە قورئانیـە وه راست ئـەگـەرێت کـە دەفـەرمـوێ: [ وَلَقـد كَتَبْنـا فـي الزّبـورِ مِـن بعـد الـذّكرِ أنّ الأرْضَ يَرِثُهـا عِبـادي الصّـالِحون ] [ الأنبيـاء/105 ] واتـە: بـەراسـتی ئێمـە لـە کتێبـی زەبـوردا دوای زیکـرو یادمـان بریارمانـداوه کـە بـەنـده چـاکو پاکـەکـانم دەبنـە خـاوەنـی زەوی لـە (دونیـادا)، وه لـە قیامـەتیشـدا خـاوەنـی سـەر زەوی بەهەشتن.

# فەلسەفەی بونی خوا

مـرۆڤ بونـەوەرێکـی هۆشـمەنـده و بیرمـەنـده، لـە جـەرگـەی ئـەم جیهانـە پـان و بـەرینـەدا دەژی، بیـر لا هـەمـوو شـتێك دەکاتـەوه لـەم

بوونەدا هەوڵ دەدات تێبگات، وەدەیەوێت بزانێت.یەکەم:ئەم جیهانەچۆن سەری هەڵداوە؟

دووهەم: چۆن بە گۆیرەی ئەو سیستەمە سەرسوڕهێنەرهەڵدەسوڕێت؟

سێهەم:ئایا سەرەتای هەیە؟

چوارەم: ئایاکۆتایی هەیە ؟

پێنجەم: ئایا بە ڕێکەوت هاتۆتە گۆڕێ؟

شەش: ئایا دروستکارێك دروستی کردوە وهێناویەتە دی ؟

بێ گومان بۆ وەڵامی دانەوەی ئەم پرسیارانە، ئایدیای مرۆڤ وتێگەیشتنی لەم بونەوەرە کەژیان پێك دەهێنێت، بەشێوەیەکی کاریگەر نە هاوبەشی دەکات لە چارەنوسی مرۆڤ و جۆری و شارستانیەتی و ژیانی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی تاك، ئارام گرتنی دەرونی ئەو کەسایەتیە، ئەگەر ئەم وەڵامانە دەست

نەکەوت مرۆڤەکە توشی دڵەڕاوکێ و سەرگەردانی دەبێت توشی بێ چارەی و کەسێکی وێرانی لێ دەردەچێت.

بۆ ئەم مەبەستە زانایان و فەیلەسوفەکان و خاوەن بیرەکان هەوڵیانداوە هەریەکەیان لە ڕێگای عەقڵ و هۆش و لە ڕەوتی تاقیکردنەوە زانستەیەکان، وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە، وەڵامیان بۆ دابین بکات.

من دەمەوێت لەم باس و لێکۆلینەوەیەدا هەندێ لەو وەڵامانە بخەمە ڕوو تان جوانتر بتوانین لە ڕێگای بەڵگەی هزرەوە بکەوێتە بەردەم خوێنەر.

مەرج نیە من بتوانم ئەم بابەتە بەو شێوەیە کە بیرمەندان توانیانە باشتر ڕوونی بکەمە، بەڵام هەوڵێکە لە ڕێگای پێنوسەکەمەوە و لەڕێگای ئەزمونی خەڵکانێکەوە کە باسیان لە دیالێکتیکی ماتریالیزم کردووە باسێك بکەین تا باتوانم بیری خۆم و بوچونی هەنذێك لە هاودینانم بخمە ڕوو.

ئەم جیهانەچۆن سەری هەڵداوە:

کەواتە خاڵی سەرەتا لێرەوەیە، سۆنگەی بیر کردنەوە ئەوەیە کە چۆن سەرهەڵدانی ئەم جیهانەو سەرەتای ڕەوتی ئەم جیهانە بە ماکەکەی و هەیئەتەکەی و یاساکانی لێکی بدەینەوە ئەوە ڕوون بکەینەوە کە چۆن سەری هەڵداوە؟

بۆ باس کردنی ئەم بابەتە چەندین بەڵگەی ئەقڵی و ویژدانی هەن لەو بەڵگانەی کە مرۆڤ ژیانی ئاسایی خۆی پێ دەست پێکردون، سەرباری لێکۆڵینەوەکانی فەیلەسوف و زاناکان، ئەو

لێكۆڵینەوانەی كە دروست كردنی ئەم جیهانەمان لە لایەن داهێنەرو بەدیهێنەرێكەوە یان خوڵقێنەرێكی كارساز دایناوە بۆمان دەسەلمێنێت هەروەك زانستیش بەتەواوی بەشەكانیەوە لە فیزیك و گەردوون ناسی و پزیشكی و ڕووەكناسی زیندەوەرناسی و ....هتد.

توانیویەتی لایەنێكی گرنگمان بۆ دەربخات لایەنێك كە شاراوە بووە لە ئێمە لە تەفسیرو لێكدانەوەی ئەم جیهانەدا،هەروەك توانیویەتی تیۆرو كۆمەڵێك بیردۆز كە خوا نەناسەكان دایان ناوە هەڵی بوەشێنێتەوە بەڵگەكانیان بە درۆ بخاتەوە كە بە درۆ هەڵوەشانەوەی ئەم بەڵگانە قەڵاو كۆشكی بیركردنەوەی بێ باوەڕەكان یان ماتریالیزمەكان داڕوخاوە، ئایدیای خوا پەرستی بە بەڵگە و تاقی كردنەوە هەڵسەپێراوەكانی زانست قایم و پتەو تر بووە، پاش ئەوەی بێباوەڕی تیۆری خۆی لەسەر دوو بنەمای فەلسەفی بنیاد نابوو وە ئەو دوو بنەمایەش كە بریتییە :

یەكەم: تیۆری مادده دێرینەكان یان دێرینەی مادده:

ئەم بیردۆزە لافی ئەوە لێدەدات كە مادده كۆنەو هەر بووە، نە سەرەتای هەیەو نە كۆتای ئەمەش مانای ئەوە دەگەیەنێت كە مادده خوڵقێنەرێكی نییە وە هیچ كارسازێك یان بەدی هێنەرێك نەیهێناوەتە گۆڕێ وە جیهانێكی تریش بەدوایدا نایەت!.

دووەم: پشت بەستن لەسەر تیۆری ڕێكەوت و ڕەفزكردنی بنەما هۆكاریەكان:

**ئــەم بیــردۆزە وا دەبینێــت کــە جیهــان لــە ڕێگــای ڕێکــەوتــەوە ســەری هــەڵــداوە و دروســت بــووە، داهێنــەرو بــەدیهێنــەرێــك نــەیهێنــاوەتــە کایەوەبێ نەخشەو پلان دروست بووە.**

**بــەڵام بــەداڕوخــانی ئــەم دوو تیــۆرە بیردۆزیــە بــەدەســتی زانســتی تاقیگــەری فــەلســەفــەی بــێ بــاوەڕەکــان هــەرەســی هێنــا هــەرەس هێنانێکی بە بەڵگە سەلمێنراو،**

**وێــڕای هــەرەس هێنــان و داڕمــانی ئــەقڵــی و فــەلســەفــە ڕووتــە ماتریالیزمەکە ئیتر ئەم دوو تیۆرە لە دیدی زانستەوە بوونە ئــەفســانە و گریمــانێکی خــەیــاڵی، جــا بــۆ ئــەوەی ئــەم دوو تیــۆرە نمونەکانیان لە بیروڕاکانی دیکە بخەینە سەرباس و لێکۆڵینەوە،**

**بــەڵام بــاس و لێکۆڵینــەوەکــە لــەســەر بناغــەی تیــۆرو بــەڵگــەی زانستە فــەلســەفیــەکــان بنیــاد بنێــین، واتــا بــا بیــردۆزی بــێ بــاوەڕی بخینــە ژێــر بــاس و لێکۆڵینــەوە لــەســەر بنچینــەی وەك ئامــاژەمــان پــێ کــرد بــەڵگــەی تــاقی گــەری، یــان بــەڵگــەی ڕەوتــی ئــەقڵــی بــەم جــۆرەی خــوارەوە کــە دەتــوانین لــەســەر ســێ بنــەمــای زانســتی و فەلسەفی ڕوونی بکەینەوە.**

**یەکەم: بەڵگەی نەخشاندنی ڕێکی و جوانی سیستەم.**

**دووەم: بەڵگەی جوڵەو بزواوتن و نەجوڵاندن لەخۆوە**

**نەبزواوتن.**

**سێیەم: بەڵگەی پێ چون و لەوانەیی (ئیمکان)**

**بەڵگەی نەخشاندنیڕێکی و جوانی سیستەم:**

**بێگومان نیگایەکی زانستی کە مرۆڤ دەینەخشێنێت بە جیهانی سروشت و مرۆڤ و ڕووەك و ئاژەڵ و....هتد.**
**هەروەها بەوەی کە تێیدایە لە ووردی و کارسازی دەردەکەوێت کە ئەم جیهانە پێویستی بەنەخشەکێشان و ساز کردن و ویستگەیەکی پێش تر هەیە خۆی بەڵگەیە لەسەر بوونی پەروەردگار کە خوایەکی داناو زاناو بە توانا زۆر بە جوانی و بە ووردی و بە ڕوونی، بە لە ناو بردنی بیری ڕێکەوت و پوچ کردنەوەی، یاخود ئەزەلیەتی ماددیەتمان بۆ دەردەکەوێت ئەوەی کە تیۆری بێ باوەری و فەلسەفەکەی بوو، بیرکردنەوەی پێچەوانەو دژ بە ئایدیا خوا پەرستیەکەی لەسەر بنیاد نراوە .**

**لێکۆڵینەوەو باسە زانستیەکان مەحاڵ بوونی پێکهاتنی جیهانیان بەڕێکەوت لە ڕووی کات و زەمەن و پێك هاتنی واقیعیەوە سەلماندوە کە ئێمە لەم باسەدا لایەنێك لە باس و لێکۆڵینەوە و بەڵگە زانستیانە ڕوون دەکەینەوە کە زانایانی سروشت و زیندەوەر ناسی سەلماندویانە، تیۆری ڕێکەوتیان لە دوو بواری سروشت و ژیاندا بە درۆ خستۆتەوە بۆ هەر ئەقڵێکی خاوەن هزری زانستی بوونی دانای و هودە زانی و ویست و**

نەخشەکێشانی پێشتر بۆ ئەم جیهانە دەردەخات جا لە بواری سروشتدا زانایان دەڵێن:

ئێمە یەکەم لە سەرتاوە ئەستێرەیەکی گەڕۆکی بچووکمان هەبووە کە ئەویش زەوی یە ئەم ئەستێرەیە چەشنی نیشتمانێك بووە بۆ دروستکراوەکانی مرۆڤایەتی، کە پاش زنجیرەیەك گۆڕانکاریی لەماوەی دوو بلیۆن ساڵ یاخود زیاتردا بۆتە جێگایەکی لە بار بۆ ژیانی زیندەوەری و ڕووەکی کە ئەمانە

یارمەتی گەشە کردنی و هۆیەك بوون بۆ سەرهەڵدانی مرۆڤ، خرۆکەی زەوی لە هەر بیست و چوارکاتژمێرێکدا جارێك یاخود بەتێکڕای نزیکەی (1000)میل لە کاتژمێرێکدا بە دەوری تەوەری خۆیدادەسوڕێتەوە.
گریمان کە زەوی بە تێکڕایی (100)میل لە کاتژمێرێکدا دەسوڕێتەوە، بۆ وانەبێت؟ ئەگەر وابێت ئەوا ئەو کات شەوڕۆژمان بە ئەندازەی دە ئەوەندەی تر درێژ دەبێتەوە .

کەواتە لەم بارو دۆخەدا خۆری هاوین هەموو ڕۆژێك ڕووەك وگژوگیاکانمان دەسوتێنێت و بە شەویش تەواوی ڕووەکی سەر زەوی وشك دەبن.

لە کاتێکدا ئەو خۆرەی کە سەرچاوەی تەواوی ژیانە. پلەی گەرمیەکەی دەگاتە (12)هەزار پلەی فەرنهایت و خڕۆکەی
زەوی ئێمە بە ئەندازەیەك لێی دوورە بەسە بۆ ئەوەی کە ئەم ئاگرە زۆرە گەرمای پێویستمان پێ ببەخشێت و لەوەش زیاتر

**پێویستمان نییە، ئەم دوورایەش بە شێوەیەكی سەرسوڕهێنەر و ڕێژەیەكی نەگۆڕە، كە لە ماوەی ملیۆنەها ساڵدا گۆڕانكاری كەمی بەسەردا دێت.**

**بەجۆرێك كە بەردەوام بوونی ژیان بەوجۆرەی كە پێی ڕاهاتوین و مومكینە، كە ئەگەر بهاتایەو پلەی گەرمای سەرزەوی لە ساڵێكدا بە تێكڕای پەنجا پلە زیادی بكردایە ئەوا تەواویی زیندەوەرەكانی سەر زەوی هەمووی دەسوتان و یان لەناو دەچون.**

**خڕۆكەی زەوی بەتێكڕایی(18) میل لەخولەكێكدا دەسوڕێتەوە، ئەگەر بهاتایەو تێكڕایی سوڕانەوەكەی"بۆ نمونە" (6) میل یاخود (20) میل بوایە لە خولەكێكدا ئەو كات دووری یاخود نزیكی ئێمە لە خۆرەوە بە شێوەیەك دەبوو كە ژیانمان لەگەڵیدا دەیبەست، لە هەمان كات دا ئەستێرەكان بەوشێوەیە جیاوازیان دەبێت لە جۆری تیشكدانەوەیاندا، بەشی زۆری تیشكەكانیان هەموو جۆرە خانەیەك لە ژیان دەمرێنێت ، هەروەها چڕی و بارستای ئەم تیشكدانەوەیەش كەوا لە نێوان كەمتر لە تیشكدانەوەی خۆرەكەمان و زیاتر لە وەی دە هەزار جارە، ئەو كات دوری و نزیكی ئێمە لە خۆرەوە بەشێوەیەك دەبێت كە جۆری ژیانمان لەگەڵ ئەو چەشنە ڕابهاتایە یان ئەگەر ئەم خۆرەی ئێمە تەنها نیوەی تیشكدانەوەی ئێستای بدایەتەوە ئێمە دەبووین بە سەهۆڵ، ئەگەر بە ئەندازەی نیوەی ئێستا زیاد بوایە ئەوە زۆر لە دێرینەوە ئێمە ببوینە خۆڵە مێش، لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئەگەر بمان توانیایە {پرۆتۆ پلازمێك} {شانە)**

یەکمان بۆ ژیان دروست و بەدی بهێنایە ئەوا تێدەگەیشتین کە تەنها هەر ئەم خۆرەی ئێمە لە بارە بۆ ژیان لە نێوان ملیۆنەها خۆری ناپوختە لە گەردووندا .

پاشان هەر ئەم خڕۆکەی زەوی یە لارە بە گۆشەیەك کە ئەندازەکەی (23)پلەیە ئەمە لە بەر چەند هۆیەکە کە خڕۆکەی زەوی دەخوازێت، بۆ نمونە ئەگەر ئەم زەویە مەیلەو لار نەبوایە هەردوو جەمسەری زەوی هەمیشە لە شەودا دەبوو لەم دۆخەدا هەموو هەڵم لە ئۆقیانوسەکانەوە هەڵدەسا بە ڕاست و چەپدا یان بەرەو باکور یان باشور دەڕۆشت و لە کاردانەوەی خۆیدا بە چەندین کیشوەری بە سەهۆڵ دادە پۆشی، ڕەنگە بیابانێکی لە نێوان هێڵی یەکسان سەهۆڵ بەندانێکی دروست بکردایە، ئەگەر ئەمە ڕوی بدایە ئەوا لەم دۆخەدا چەندین ڕوبار لە سەهۆڵبەندانەکانەوە هەڵدەسان و لە ڕێگایی شیو و دۆڵەکانەوە دەڕژانەوە ناو ئۆقیانوسێکی بە خوێ داپۆشراو لەم حاڵەتەدا هەموو زەوی دەبوو بە کانێکی خوێ حەوزێکی پڕ لە خوێ لە سەر زەوی دروست دەبوو .

دووری مانگ لە ئێمەوە (240)هەزار میلە گریمان (50)هەزار میل لە ئێمەوە دوور بوایە لەم حاڵەتە هەموو زەوی دەکەوتە ژێر ئاو لە ڕۆژێکە دوو جار نغرۆ دەبوین، بەڵام ئاوێکی بە گوژم کە کێو و چیاکانی ڕادەماڵی هەروەها سەر زەوی دەبووە گێژەڵوکە و ڕەشەبا لەم ئارامیەی ئێستا نەدەماو زەوی دەبوو بە ترسناکترین خڕۆکە .

با نموونەیەكی زانستی تر بێنینەوە بۆ بە درۆخستنەوەی ڕێكەوت سەلماندنی پێوستی ئەم بوونە بە نەخشە كێشێك وكار سازێك كە لە ئەندازە گیری ڕێكی سیستەم داڕشتوە .

بۆ نمونە لێكۆڵەرەوانی زانایاندا هاتووە كە :

با ئۆكسجین بكەینە نمونەیەك و بیگرین بە دەستمانەوە بۆ ئەوەی كارسازی و ڕێكو پێكی سیستەمی ئەم جیهانەمان بۆ دەربكەوێت كە خوایەكی بە هێزو دەسەڵات دار دایمەزراندوە، ئەو هەوایەی كە لە ژورووی زەوییەوەیە بریتیە لە {ئوكسجین ونایترۆجین و ئارۆجین و نییۆن و كۆنسیۆن و كاریبتۆن } پێكهاتوە

هەر ئەم هەوایە هەڵمی ئاوی گرتوتە خۆی، هەروەها دووەم ئۆكسیدی كاربۆنی بەڕێژەی (0.3) لە1%یان سێ بەشی لە (10.000) تێدایە، گازەكانی تر خۆیان دەنوێنن لە شێوەی ڕەنگی سور و شین و سەوز دا، بەڵام ئارۆجین ئەو گازەیە كە بە ڕێژەی (0.6) لە1% لە هەوادا هەیە ڕووناكیەكی گەشاوەمان پێدەبەخشێت كە ژیاری بەرەو پێش دەڕوات لە هەر شوێنێكدا بەكاربێنرێت ئەوا ناترۆجین بەڕێژەی نزیكەی (78%) لە هەوادا هەیە، لە كاتێكدا ڕێژەی ئۆكسجین لە هەوادا

بـــە (21%) دیـــاری دەکرێـــت، هـــەوا بـــە تێکڕایـــی خـــۆی گوشـــار دەخاتە سەر زەوی نزیك بە ئەندازەی (15) ڕەتڵ لە سەر هەر

قـــولانچکێکی چـــوار گۆشـــە لـــە ڕووبـــەری زەوی بـــە ئاســـت دەریـــا، کـــە هـــەر ڕەتڵێکـــیش بریتیـــە لـــە (2564)گـــرام، لـــە ڕاســـتیدا ئۆکســـجین لـــە هـــەوادا خـــۆی بـــەشـــێکە لـــەم گوشـــارو پاڵـــەپـــەســـتۆیە، کـــە ئـــەنـــدازەی دەگاتـــــە (3 ڕەتـــــڵ لـــــە ســـــەر قـــــولانچکێکی چـــــوار گۆشـــــە. بـــۆ مـــاوەی ئوکســـجینەکـــەی تـــری گـــەمارۆیـــە لـــە شـــێوەی چـــەنـــد ئاوێتـــەیـــەك لـــە تـــوێژاڵی زەویـــدا، ئـــەم بـــەشـــە (0.8)ی ســـەرجـــەمـــی ئـــاوی جیهـــان پێکـــدەهێنێـــت لای هـــەمـــووان ئاشـــکرایە کـــە ئۆکســـجین شـــەمـــاڵی ژیانـــە بـــۆ هـــەمـــوو زینـــدەورانـــی ســـەر زەوی بـــۆ ناســـینی ئوکســـجین جگـــە لـــە هـــەوا لـــە هـــیچ ســـەرچـــاوەیـــەکـــی تـــر چنـــگ ناکەوێت !.

ئێســـتا لـــەهاوکێشـــەکـــان بپرســـین: چـــۆن ئـــەم توخمـــە پـــڕ لـــە چالاکیـــە لـــە ڕووی کیمایـــەوە دەربـــاز بـــوو لـــەو یـــەکگرتنـــەی کـــە هـــەیـــەتـــی لـــە گـــەڵ ئـــەو توخمانـــەی تـــردا و لـــە هـــەوادا نزیـــك بـــەهـــەمـــان ڕێـــژەی پێوســـت دایناوە بۆ تەواوی بوونەوەرە زیندوەکان .

گریمـــان ئۆکســـجین لـــە بـــری ئـــەو ڕیـــژەیـــی کـــە ئامـــاژەمـــان پێکـــرد ڕێـــژەکـــە لـــە (50%) یـــان زیـــاتر بوایـــە ئـــەو کاتـــە هـــەمـــوو مـــادەکـــان قـــابیلی ســـووتان لـــە جیهانـــدا بـــە ئـــەنـــدازەیـــەکـــی خێراییـــەك گڕیـــان تـــێ بـــەر دەبـــوو کـــە زەوی دەبـــووە جـــەنگڵـــی گڕکـــان یـــان بـــە پێچـــەوانـــەوە ئـــەگـــەر ڕێـــژەکـــە لـــە (10%) یـــاخود کـــەم تربێـــت، بـــەڵام لـــەم حاڵـــەتـــەدا

**ئەو توخمانەی کە ئێستا هەن بە بار نە دەهاتن بۆ نمونە ئاگر ئەگەر ئۆکسجین ئازاد ئەو تەنها بەشەی لە نێوان ملیۆنەها**

**بەشی مادەی زەوی دا هەڵبمژیبایە ئەو کاتە هەموو ژیانی زیندەوەر لە خێرا ترین کات دەوەستا .**

**گریمانێکی تر بۆ بە درۆ خستنەوەی ڕێکەوت سەلماندنی داهێنەر واتا (خوا) ئەگەر زەوی بەدەوری خۆیدا خێرا تر بسوڕایەتەوە لە وەی کە ئێستا هەیەتی هەرچی خانوو بیناو شاخ و دارو هەمووی پرژوو بڵاو دەبووەوە بە جۆرێك کە زەوی خۆی لەت و پەت دەبوو، ئەمە لە ئەنجامی سوڕانەوی زەوی بە دەوری خۆیدا بە شێوەیەکی خێرا وەك چۆن دەزوی کۆلارە بە دەست کەسێکەوە دەپسێت ئەگەر بەخێرایەکی زۆر بسوڕێتەوە دەبێتە هۆی کاریگەری هێزی ڕەوانە لە چەقەکانیەوە یان ئەگەر بە پێچەوانەوە بە هێواشی بسوڕایەتەوە بە دەوری خۆیدا بۆ نمونە لەماوەی (100) کاتژمێردا بسوڕایەتەوە لە بری (24)کاتژمێردا ئەو کات هەر چی لە سەر زەویدا بوو هەمووی دەمردن و لە ناو دەچوون بە هەموو زیندەوەرەکانیەوە بەهۆی گەمارۆی وێرانکاری خۆرەوە .**

**هەموو ئەمانە شایەتن لە سەر بەدیهێنەرێکی کار سازو باڵا دەست حیکمەتی ئەوەمان بۆ ڕۆشن دەکەنەوە لەگەڵ گونجاندنی ژیان مرۆڤ و زیندەوەرەکانی تری سەر زەوی کە بێگومان لە**

توانـــای {ئانارشیســـتیدا } نیـــە کـــە بتوانێـــت ئـــەم بوونـــەوەرە پـــان و پۆڕە و فراوانە و گەردوونە ڕێکو پێکە بێنێتە بەرهەم،

{بـەڕاسـتی خـوای گـەورە کـەدەفـەرموێـت} وَكُـلُّ شَـيْءٍ عِنـدَهُ بِمِقْـدَار

واتـە (هـەر شـتێك لای خـوای گـەورە بـە ئـەندازیـە) سـورەتـی الرعـد ئایەتی (8) هەروەها دەفەرمووێ

{وَالأَرْضَ مَـدَدْنَاهَا وَأَلْقَيْنَـا فِيهَـا رَوَاسِـيَ وَأَنبَتْنَـا فِيهَـا مِـن كُـلِّ شَـيْءٍ مَّوْزُونٍ}

واتـــە ( ئێمـــە لـــە نێـــو زەویـــدا کێـــوە بـــەرزەکانمـــان چـــەقانـــدوە کـــە چـــەشـــنی مـــێخ بـــۆ ڕاگرتنـــی زەوی لـــە هـــەر شـــتێك بـــە کێشـــانە و گونجانـــدن لـــەگـــەڵ حیکمـــەت و دانـــایی دا گژوگیـــاو ڕوەکمـــان تیـــادا ڕوانـــدوە ) ســـورەتـــی الحجـــر ئایـــەتـــی (19)یـــان ئـــەگـــەر بارســـتایی زەوی بـە ئـەنـدازەی چـەنـد پێیـەکـی تـر ئـەسـتورتر بوایـە لـەوەی کـە ئێســـتا هـــەیـــە، هـــەرچـــی دووەم ئۆکســـیدی کـــاربۆن وئۆکســـجین هـــەیـــە هەمووی هەڵدەمژی، ئەوکاتە ژیان مەحاڵ و ئاستەم دەبوو.

خـۆ ئـەگـەر زەوی لـەقـەبـارەی خـۆردا بوایـە لـەگـەڵ ئـەو چڕییـەی کـە هـــەیـــەتـــی، ئـــەو کـــات هێـــزی موگناتیســـی زەوی بـــۆ ڕاکێشـــانی ئـــەو

تــەنانــەت كــە لــە ســەریــەتــی (150)و چــەنــدان و دووچــەنــدان دەبــوو، هەروەها بەرزی ئاتمۆسفێری زەوی چوار میل دەهاتە خوارێ

ئــەو كــات بــەهــەڵــم بــوونی ئــاو مــەحــاڵ دەبــوو، هــەروەك پاڵــەپــەســتۆو گوشاری هەوا بەرز دەبوەوە بۆ زیاتر لە (150)كیلۆگرام لەسەر

ســانتیمێكی چــوار گۆشــە، كێشــی ئــەو زینــدەوەرانــەی كــە ئێســتا ڕەتڵێكــە دەگــەیشــتە (150) ڕەتــڵ و قــەبــارەی مــرۆڤ كــەمــی دەكــرد تــا دەگــەیشــتە قــەبــاری مشــكێك یــان ســمۆرەیــەك ئــەو كاتــە ژیــانی بــە كۆمەڵی ئەم مەخلوق و دروست كراوانە ئاستەم دەبوو .

خــۆ ئــەگــەر ئــەم بــەڵگــانــەو نیشــانانەی كــە پێكهــاتنی جیهــانی مــادین بــە هــەمــوو ئــەو كــەرەســتانەی كــە تێیدایــە لــە یاســاو سیســتەم و فراماســیۆن و پــەیــوەنــدی نێــوان كــەرەســتەكــان لــە ڕێگــای ڕێكــەوتــەوە رەد دەكاتــەوە، ئــەو ڕێكــوپێكی ژیــان و مــادەی زینــدوو هــەروەهــا دروســت بــوونی لــە ڕێگــای ڕێكــەوتــەوە زۆر دوورتــرە لەم گریمانەی كە بە مەعریفەو زانست رەدكراوەتەوە .

لــەم بــارەیــەوە یــەكێــك لــە زانایــان و پســپۆڕەكــان بــۆ ڕونكردنــەوەی ئەم ڕاستییە نوسیویەتی و دەڵێت :

پرۆتینــەكــان لــە كــەرســتە ئاوێتــە ســەرەكییــەكــانن لــە تــەواوی شــانە

**زینـــدەوارەكانـــدا، كـــە لـــە پێـــنج تـــوخم پێكـــدێت وبـــرتین لـــە: كـــاربۆن و هایـــدرۆجین ونـــایترۆجین و ئۆكســـجین وگـــۆگرد، كـــە ژمـــارەی گەردیلەكان لەیەك بەشی بچوكی پرۆتینیدا دەگاتە (40)هەزار**

**گـــەردیلـــە. وا دابنێـــین ژمـــارەی ئـــەو توخمـــە كیمیایانـــەی كـــە لـــە سروشـــتدا ژمـــارەیـــان (92) تـــوخم یـــان زیـــاتر، هـــەمـــوو بـــە شـــێوەیـــەكـــی هـــەڕەمـــەكییانـــە دابـــەش بـــوون، ئـــەوكاتـــە ئیحتمـــالی كۆبونـــەوەی ئـــەم پێـــنج توخمـــە بـــۆ ئـــەوەی بـــەشـــێكی بچـــوك لـــە بـــەشـــە بچوكـــەكـــانی پـــڕۆتین پێـــك بهێنێـــت پێویســـتی بـــە ژمـــارە هـــەیـــە بـــۆ زانینـــی چـــەندایـــەتیـــی ئـــەو مـــادەیـــە كـــە پێویستـــە بـــەردەوام تێـــك هـــەڵبـــوەشـــێنرێت بـــۆ ئـــەوەی ئـــەم بـــەشـــە بچوكـــە پێـــك بێـــت، ئـــەوجـــا بـــۆ زانینـــی درێژایـــی ئـــەو مـــاوە كاتییـــەی كـــە پێویســـتە بـــۆ ئـــەوەی ئـــەم كۆبونـــەوەیـــەی نێوان گەردیلەكانی تەنها بەشێك ڕووبدات.**

**بـــۆ ئـــەم مـــەبـــەســـتە زانـــای ماتمـــاتیكی سویســـری (چـــارلزیوچین جـــای)هـــەڵســـا بـــە ژمـــاردنی ئـــەو فاكتورانـــە، بـــۆی دەركـــەوت كـــە دەرفـــەت لـــە ڕێگـــای ڕێكـــەوتـــەوە نـــاڕەخســـێت لـــە بـــۆ دروســـت بـــوونی تـــەنهـــا بـــەشـــێكی بچـــووكی پـــڕۆتین لـــەوانـــەیـــە بـــە ڕێـــژەی (1) تـــا (10تـــوان140) نـــەبێـــت واتـــا بـــە ڕێـــژەی1) تـــا 10) كـــە (140) لـــە خـــۆی درابێتـــەوە ئـــەو ژمـــارەیـــە كـــە بـــە ووشـــە نـــە قســـەی لـــەســـەر دەكرێـــت و نـــە لـــە هاوكێشـــەشـــدا بـــەكـــار دەهێنرێـــت وە دەرنابڕێـــت ئـــەوجـــا چـــەندایـــەتـــی ئـــەو مـــاددەیـــە كـــە پێویســـتە بـــۆ ڕودان و پـــەیـــدابوونی ئـــەم هاوكێشـــەیـــە لـــە ڕێگـــای ڕیكـــەوتـــەوە تـــەنهـــا یـــەك**

گـــەردیلـــەی بچـــوك بـــەرهـــەم بێنێـــت، دەبێـــت زیـــاتر بێـــت لـــەوەی كـــە هەموو ئەم بوونەوەرە گرتویەتیە خۆی بە ملیۆنەها جار،

هـــەروەهـــا دروســـت بـــوونی گـــەردیلـــەیـــەك بـــەو شـــێوەیـــە لـــەســـەر ڕووی زەوی لـــە ڕێگـــای ڕێكـــەوتـــەوە بـــە تـــەنهـــا بلیۆنـــەهـــا ســـاڵی پێویســـتە كـــە زانـــای سویســـری ئـــەنـــدازەی ئـــەمـــەی بـــە ســـاڵ دانـــاوە لێكـــدانی ژمـــارە (10)لـــەگـــەڵ (243) جـــار لـــە خـــۆی واتـــا (10 تـــوان 243)ساڵ .

پرۆتینـــەكـــان پێـــك هـــاتوون لـــە چـــەنـــد زنجیـــرەیـــەكـــی درێـــژ لـــە ترشـــەڵـــۆكی ئـــەمینیـــی، بـــەڵام ئـــایـــا گـــەردیلـــەكـــانی ئـــەم گـــەردانـــە چـــۆن پێـــك دێـــن ئـــەم پرۆتینانـــە ئـــەگـــەر بـــە شـــێوەیـــەكـــی تـــر جگـــە لـــەو شـــێوەیـــەی كـــە پێك هـــاتوە و پێـــك بێـــت ئـــەوكـــات ناپوختـــەو نالـــەبـــار دەبێـــت بـــۆ ژیـــان، بـــەڵكـــو لـــە هـــەنـــدێ كاتـــدا دەشـــبێتە زەهـــر، بـــۆ ئـــەم مـــەبـــەســـتە زانـــای ئینگلیـــزی (ج. ب لیســـز) هـــەمـــوو ئـــەو ڕێگایانـــەی ژمـــاردوە كـــە دەشـــێت گـــەردیلـــەكـــانی پـــێ یـــەك بگرێـــت لـــە تـــەنهـــا گـــەردێكـــی ســـادەی پرۆتینیـــدا لـــە ئـــەنجامـــدا بینـــی كـــە ژمـــارەی گـــەردیلـــەكـــان بلیۆنـــەهـــا (10 تـــوان 28) لـــە بـــەر ئـــەمـــە لـــە ڕووی ئـــەقڵـــەوە مـــەحاڵـــە كـــە هـــەمـــوو ئـــەم ڕیكـــەوتانـــە یـــەك بگـــرن بـــۆ ئـــەوەی یـــەك گـــەردی پرۆتینـــی دروســـت بێـــت بۆیـــە دەڵـــێن تـــەنهـــا خـــودا هـــەر خودا خاوەنی هەموو دروست كراوەكانە .

هەڵبەتە پرۆتینەکان جگە لە ماددەیەکی کیمیای بێ گیان کەرەسەیەکی دیکە نین، ژیانیان تێدا نییە مەگەر پاش ئەوەی ئەو ڕازە یان ئەو ڕۆحە سەرسوڕهێنەرەی تێ دەچێت و کە تا ئێستا ئەقڵی هەموو بەشەریەت هیچ شتێك لە ماهیەتی نازانێت

ئەو ڕازەش ئەقڵ نەیبڕیوە تەنها خوا خۆی نەبێت ئەوەی کە توانیویەتی بەوپەڕی حیکمەت و دانای خۆی دایبنێت و بیزانێت کە نمونەی وەها گەردێکی پرۆتینی بار بهێنێت بۆ ئەوەی ژیان دابمەزرێنێت ئەوکاتە کە دروستی کردوە وێنەی بۆ کێشاوەو ڕازو ڕۆحی ژیانی بەسەردا ڕژاندوە .

ئێمە دەزانین کە مرۆڤ دارای چ ئاڵۆزی و ووردەکارییەکە لە چالاکی ئەقڵی و دەزگای دەماریدا، کە ئەم ئاڵۆزی و ووردەکارییە مرۆڤی شایستەی ڕێکخستنی هەست و بیر کردنەوە و دەرك و هەڵسوکەوتەکان کردوە دەتوانێت ئەم شایستە ڕێك بخات هەروەك بوونی دەزگای دەماری و پلەی دەرکی ئاژەڵ دەزانین، بەڵام مرۆڤ نەی دەزانی کە ڕوەکیش دارای دەزگای مەرکەزی ئەوتۆیە کە چالاکیەکانی ڕێك دەخات بەو جۆرەی کە دەزگای دەماری چالاکیەکانی لەشی مرۆڤ و ئاژەڵ ڕێك دەخات ئەمەش لەلایەن زانایەکەوە دۆزراوەتەوە .

زانای سۆڤیەتی (جوبار) پاش ئەوەی کە بیست ساڵی بردە سەر لە لێکۆڵینەوەی یەکاڵاکردنی ڕووەکدا ئاشکرای کرد و دڵنیا بوو لە بوونی دەزگایەکی مەرکەزی وەها کە تەواوی ئەرکە

سـەرەكیـەكـانی ڕووەك ڕێـك دەخـات كـە ئـەویـش لـە مـرۆڤ و ئـاژەڵـدا جیـاوازی نییـە، ئـەم دەزگایـە لـە ڕێگـای چـەنـدین تـەوژمـی كـارەباییـەوە كـار دەكـەن وە بـەڕێـوەی دەبـەن هـەسـت و بـەڵگـە زانیاریـەكـان لـە بـەشـێكەوە بـۆ بـەشـێكی تـری ڕووەكـەكـە دەگوێزنـەوە خێرای ئەم تەوژمانە دەگاتە (19)م لە كاتژمێرێكدا.

بـەم جـۆرە ئـەم بـەڵگـە زانسـتیانە وا دەردەخـەن وە دۆزیویانـەتـەوە وە لـە تاقیگـەوە بـە ئێمـەیـان ڕاگـەیانـدوە و بـاوەڕیـان هێنـاوە بـە بـوونی حیكمـەت و نـەخشـە دانـەرێـك و ڕێكخسـتن و ڕەت كردنـەوەی هـەڕەمـەكـی (ئانارشیسـتی) ڕێكـەوت لـە هـەر گـەردیلـەو شـانەیـەك، لـە گـەردیلـەو شـانەكـانی ئـەم جیهانـە سـەیـرو سـەرسـوڕهێنەرەدا ڕێكـی سیسـتەم و كـار سـازی ڕێخـراوەیـەتـی ئـەم جیهانـە دەكـەینـە بـەڵگـە لـەسـەر بـوونی خـالق و دروسـت كـەرێكـی ڕێكخەری هوودە زان و دانا (الله)

دووەم :بـەڵگـەی جوڵـەو بـزاوتن و نـەجوڵانـدن لـەخـۆوە نـەبـزاوتن

بـەڵگـەی دووەم لـەسـەر بـوونی خـالق و دروسـتكەرێكـی مـەزن، بەڵگەی بزاوتن وخۆنەبزاوتنە.

لای هـەمـووان ئاشـكراو ڕوونـە كـە ئـەم جیهانـە بـونێكی بـزەواوت و پـڕ لـە جموجۆڵـە بـە تـەواوی بنیـات و درووسـت بـوون و پێكهاتنیـەوە، هـەر لـە پێكێنـەرەكـانی گـەردیلـەوە هـەتـا كاكێشـانە گـەورەكـان دەگرێتـەوە بـەشـەكـانی گـەردیلـە و زەوی و خـۆرو مانـگ و ئـەسـتێرەو كاكێشـانەكـان، هـەمـوو بـە گـوێرەی سیسـتەمێكـی وورد

وڕێــك وجــوان ئــەنــدازەدار دەجوڵێنــەوە لــە هــاتوو چــۆدان . ئێمــە لێــرەدا دەمانــەوێــت بــزانین كــە بــزەوت و جموجــووڵی ئــەم بوونــەوەرە لــەكــوێ وە هــاتوە، لــەكاتێكــدا كــەزانســتی فیزیــا یاســای لــە خــۆ نــەبــزواوێن دەســەلمێنێــت، ئــەو یاســایە، یاســای یــەكــەمــی (نیوتن)ەو، دەقی ئەو یاسایە بەم جۆرەیە :

تــەن لــە حــاڵی ســرەوت و نــەجووڵانــدا دەمێنێتــەوە ئــەگــەر هێزێكــی دەرەكــی كــار نــەكاتــە ســەری وبجوڵێنێــت، هــەروەك لــەهــەمــان تیــژی و خێرایــی بزواوتنــی خۆیــدا بــەردەوام بێــت ئــەگــەر هێزێكــی دەرەكــی كار نەكاتە سەری و نەیوەستێنێت .

خــۆ ئــەگــەر هــات و زانیمــان كــەمــاددە خــۆی بزاوتــی نییــەو، لــەخــودی خۆیــەوە ناتوانێــت بــزواوتن بــەرهــەم بێنێــت، ئــەی كێیــە ئــەوەی كــە ئــــەم جیهانــــەی بزوانــــدوە و بزواوتنێكــــی گــــەورەی ڕێكــــوپێكی ووردی تیــا دانــاوە، بێگومــان هــەر دەبێــت چــاوگ و ســەرچــاوە بزواوتنــەوەی هێزێكــی دەرەكــی بێــت كــە بزوتنــی لــەم جیهانــەدا دروست كردبێت، كە ئەوە دەسەڵاتی خوای تاك وتەنهایە.

جــا هــەروەك بــەڵگــە لــە خــۆ نــەبــزواوتن بــەڵگــەیــە بــۆ ئێمــە لــەســەر ئــەوەی كــە جیهــان جووڵێنــەرێــك- واتــە -ڕێكخــەرێكــی هــەیــە ئــەوا یاســای دینــامیكی دووەمــی گــەرمــایی، ســەلمانــدنی كــەجیهــان ســەرەتــاو كۆتــای هــەیــە و بــەم تیــۆری {{دێرینــەی مــاددە و بــوونی لــە ئــەزەلــەوە {{بــەدرۆ دەخاتــەوەو ڕووی خــاوەنــەكــەی ڕەش دەكات و دیداتەوە بە نیوچاوانیدا ماڵی قەڵب سەر بەساحێبێتی.

**لـــەم بـــوارەدا بـــاش وایـــە بیـــرو بۆچـــونی زانـــایی گـــەورەی....... فیزیایی(کلۆد.م.هاشاوای) بەنمونە بێنمەوە کە دەڵێت :**

**نـــەخشـــەگیـــری یـــاخود ڕێکـــی سیســـتەم یـــان ســـازدان و ڕێکوپێـــك کـــردن، یـــان خـــۆت چیـــت پێخۆشـــە نـــاوی بنـــێ، مـــەحاڵـــە دروسـت بێـت مـــەگـــەر بـــە دووڕێگـــا نـــەبێـت، ڕێگایـــەکیـــان داهێنـــان و نـــەخشـــەکێشـــان، ئـــەوی تریـــان ڕێکـــەوت ئیحتمـــالی ڕێکـــەوت زۆر دوورە لێـــرەدا مـــاوە بڵـــێم لـــەنێـــو جـــەرگـــەی ئـــەم بـــێ بڕانـــەوەیـــەدا هیچمـــان دەســـەڵات نییـــە جگە لەوەی کە بڕوا بێهنین بە بوونی خوابەردەوام دەڵێ :**

**بـــەڵام خـــاڵی دووەم، ئـــەوخاڵـــەی کـــە دەمـــەوێـــت ئامـــاژەی بـــۆ بکـــەم ئـــەوەیـــە کـــە ســـازێنەرو نـــەخشـــەکێشـــی ئـــەم بوونـــەوەرە مـــەحاڵـــە شـــتێکی مـــاددیی بێـــت، جـــا مـــن لـــەو بـــاوەڕەدام کـــە خـــوا شـــتێکی ناســـکی نامـــادەیـــە و مـــن بـــڕوام بـــەشـــتی بـــوونی شـــتی نامـــاددە هـــەیـــە، پاشـــان مـــن وەك زانایـــەك هـــەســـت بـــە پێویســـتی بـــوونی هۆیـــەکـــی یـــەکـــەمـــی نامـــاددیی دەکـــەم، فـــەلســـەفـــەکـــەم ڕێگـــا بـــەبـــوونی شـــتی نامـــاددی دەدات، چونکـــە هـــۆی یـــەکـــەم بـــە حـــوکمی پێناســـەکـــەی مـــەحاڵـــە دەرك بکرێـــت بـــە هـــەســـتە..... سرووشـــتیەکـــان، کـــەوابـــوو لـــە ڕووی نەزانیەوەیە ئەگەر بوونی هۆی یەکەم ڕەفزبکەم بەهۆی بێـــدەســـەڵاتـــی زانســـت لـــەدەرك پێکـــردن و دۆزینـــەوەی ئـــەودا، لـــە ســـەرو ئـــەویشـــەوە فیزیـــایی نـــوێ فێـــری کـــردووم کـــە سروشـــت بێـــدەســـەڵاتـــە لـــەوەی کـــەخـــۆی ســـازو کـــۆك و ڕێکوپێـــك بکـــات، یـــان دەسەڵات بەسەر خۆیدا پەیدابکات.**

**ســـیر ئیســـحاق نیـــوتن ئـــەوەی دەرك پـــێ کردبـــوو کـــەسیســـتەمـــی بوونـــەوەر بـــەرەو ڕۆچـــون دەڕوات، ســـەرەنجـــام لـــەقۆناغێـــك نزیـــك**

دەبێتەوە کە پلەی گەرمای هەموو پێکهێنەرەکانی تێدا یەکسان دەبێت لەمەوە گەیشتە ئەوەی کە ئەم بوونەوەرە دەبێت سەرەتایەکی هەبێت، هەروەك پێویستە بەگوێرەی نەخشەیەکی دیاری کراو سیستەمێکی وێنە کێشراوی داڕێژرابێت، کە لێکۆڵەرەوانی ئاو، هەوا بەتەواوی ئەوەیان سەلماندوە یارمەتی ئێمە دەدات لەسەر جیا کردنەوەی نێوان ووزەی ئاسان*و ووزەی دژوار*دا نیوتن بەدی دەکرد کە سیستەمی بوونەوەر لەکاتی ڕوودانی هەر جۆرە گۆڕانکاریەکی گەرمیدا، بەشێك لەوزەی ئاسان دەگۆڕێت بۆ ووزەی نا ئاسان، ئەوە هیچ چارەیەکی تری نییە بۆئەوەی کە ئەم گۆڕانکاریەی سروشت بەشێوەیەکی پێچەوانە بڕوات، ئەمە بوو یاسای دووەم لە یاساکانی دینامیکی گەرمایی .

پۆلتزمان بایەخێکی زۆری دا بۆ ڕونکردنەوەی ئەم.......
دیاردەیە، لە لێکۆڵینەوەیەکی خۆیدا ئەوپەڕی بلیمەتی و بڕشتی ماتماتیکی خۆی بەکارهێنا، سەرەنجام سەلماندی کە نەمانی وزەی ئاسان ئەوەی کە یاسای دینامیکی گەرمیی ئاماژەی بۆ دەکات، جگە لەحاڵەتێکی تایبەت لەدیاردەیەکی گشتی نییە، نیشانەیە بۆ ئەوەی کەهەر چەشنە گۆڕان و گۆڕانکارییەکی سرووشتی هەڵتەکانێك یان کەمووکوڕی لە سیستەمی بوونەوەریی لەگەڵدایە، لە حاڵەتی گەرمیشدا گۆڕانی وزەی

ئاسان بۆ شێوە و شکڵی نائاسان، خۆی بەنەمان و لەدەست چوونی یان بەکەم بوونەوەی لە ڕێکوپێکی بەشە گەردیلەکان

دادەنرێــت، یــاخود بــەواتایــەکــی تــر بــەلێــك هــەڵــوەشــانەوەی و هەڵتەکاندنی هاوکێشەکەی دەژمێرێت .

مانــای ئــەمــە بــەشێوەیــەکــی تــر ئــەوەیــە کــە سرووشــت ناتوانێــت خــۆی خــۆی ســاز بــدات یــان خــۆی دابهێنێــت، چونکــە هــەرجــۆرە گۆڕانکارییــەکــی سرووشــتی هــەردەبێــت ســەربکێشــێت بــەرەو جۆرێــك لــە فــەوتــان و لــەدەســت چــونی سیســتەمــەکــە، یــان درز تێکــەوتنــی هاوکێشــەکــە گــەشــتێکە، ڕەنگــە لــەهــەنــدێ حاڵــەتــا سیســتەمــەکــە لــە ســادەییــەوە بــەرەو ئاوێتــە بــڕوات، بــەڵام وەهــا شــتێك بــەو ئاســانییە نابڕێتــەوە مــەگــەر لــەســەر حیســابی شــەق بــردن و درز بردنێکــی گــەورەتــری ڕێکــوپێکی کــارەکــە نــەبێــت لــە شــوێن و جێگایــەکــی تــرەوە. ئــەم بوونــەوەرە بریتیــە لــە کوتلــەیــەك و دەکــەوێتــە ژێــر بــاری سیســتەمێکــی دیــاری کــراوەوە، لــەبــەر ئــەمــە هــەردەبێــت خــاوەنــی هۆکــارێکی یــەکــەم بێــت، کــە ئــەو هۆکــارە ناکــەوێتــە ژێــر بــاری یاســای دووەمــی دینــامیکی گــەرمیــەوە، هــەروەك دەشــبێت کــە ئــەم هۆکــاری یــەکــەمــە مــاددە نــەبێــت لــە سروشــت و خۆڕســکی خۆیــدا، بێگومــان ئــەویــش خــۆی خــوای خــاوەن لوتــف و بــەزەیــی و ئاگایــە، ئــەوەی کــە دیــدی چــاوەکــان دەرکــی پــێ ناکــەن و نــایبینن. لێــرەوە بۆمــان ڕوون بــوەوە کــە چــۆن بوونــەوەر بــە تێکــڕای کــەوتۆتــە ژێــر بــاری یاســای گواســتنەوە و نــەمــان و لــەدەســت چــوونی گــەرمــی لــە تــەواوی جموجــووڵ و چالاکی و تێکهەڵ بوون وپرۆسەی پێکهاتن و هەڵوەشان لە

سرووشــتدا، هــەروەهــا دەربــارەی بێــدەســەڵاتــی سرووشــت بــەســەر دووبــارە ڕێکخســتنەوەی هــەڵــوەشــاوەکــەیــداو، پێویســت بــوونی بــە

کار سازو ڕێکخەرێکی خاوەن زانست و دەسەڵات و حیکمەت و دانایی، ئەوە تەنها خوای گەورەیە .

سێیەم : بەڵگەی پێچون و لەوانەیی (ئیمکان)

بەڵگەی ئیمکان ئەو بەڵگە عەقلّیەیە کە زانایانی ئایدیای ئیسلامی پەیڕەویان کردووە لە بۆ بەڵگە هێنانەوەی لە سەر پێویستی جیهان بە خالق و درووست کەرێك کە ناکەوێتە ژێر باری یاساکانی مومکینەوە(جیهان)

لەم بوارەدا زانایانی ئیسلامی بونەوەریان بەو جۆرەی کە عەقڵ دەرکی دەکات کردووە بە سێ بەشەوە

یەکەم: بوونی مەحاڵ (نەبوونەکراو).

دووەم:( بوونی مومکینی. )

سێیەم: بوونی واجب(الله).
ئەم دابەشکردنە لەسەر ئەو بناغەیە دادەمەزرێت کە هەموو ئەو شتانەی ڕەنگە ئێمە بیری لێ نەکەینەوە یان بەبۆ چوون بۆی بچین خۆیان بەگوێرەی بەدیهاتنی بوونیان بەم شێوەیەی خوارەوەیە :
یەکەم بوونی مەحاڵ: بوونی مەحاڵ بریتیە لەهەر شتێك کەبۆی دەچین و دێت بە خەیاڵماندا، لەوانەیە و مەحاڵە بوونی دەرکی هەبێت، چەشنی کۆبوونەوەی دووشتی دژ بەیەك: وەك بوونی

شـــتێك و نـــەبـــوونی لـــەیـــەك كاتـــدا، چونكـــە وەهـــا شـــتیك مـــەحاڵـــە، هـــەروەهـــا وەك بـــوونی شـــتێك بـــەبـــێ فـــەراهـــەم هـــاتنی هۆكـــانی بـــوونی، چـــەشـــنی بـــوونی دەنـــگ بـــەبـــێ خـــاوەن دەنگـــو، جووڵـــە بـــەبـــێ جوڵێینەرو...هتد

دووەم بـــوونی مـــوكین: بریتیـــە لـــە هـــەر شـــتێك كـــە ڕێـــژەی بـــوون و نـــەبـــوونی یـــەكسـان بێـــت، جـــا نـــە ئـــەوەیـــە لـــەبـــوون نزیكتربێـــت تـــا لـــە نـــەبـــوون، نـــە ئـــەوەیـــە لـــە نـــەبـــوون نزیكتـــر بێـــت تـــا لـــە بـــوون، جـــا هـــەروەك قـــابیلی بـــەدیهـــاتن و بوونـــە، بـــەو شـــێوەیـــە قابیـــل بـــە نـــەبوونـــە، هـــەروەهـــا ڕەنگـــە گیـــر بێـــت و ڕەنگـــە گیـــر نـــەیـــەت، بـــەڵكـــو بـــوون و نـــەبوونـــەكـــەی پێویسـتی بـــەهۆكارێـــك هـــەیـــە كـــە لایـــەنـــی بـــوون و نـــەبـــوونی شـــتە كـــە تـــاو تـــوێ و یـــەكـــلای بكاتـــەوە، تـــەواوی ئـــەوەش كـــە هاتۆتـــە دی و ئـــەوەشـــی كـــە دێتـــەدی لـــە جیهانـــدا دەكـــەوێتـــە بازنـــەو جـــۆغزی ئیمكانـــەوە، چونكـــە تـــەواوی ئـــەو شـــتانەی لـــەم جیهانـــەدان لەگەردو ڕووداوە كان بەر لە هاتنەكایەیان لە قۆناغی ئیمكان و

بـــوون و نـــەبوونـــدا بوونـــە، هـــەروەك هـــەر ڕاســـتییەكـــیش لـــەڕاســـتییە گچكـــەو جوزئییـــە كانیشـــی لـــەقۆنـــاغی بـــوون و نـــەبوونـــدان بـــەر لـــە هاتنـــە كایـــەو فـــەراهـــەم هـــاتنی ســـەبـــەب و هۆكـــارە سروشـــتییەكـــانی ئـــەم شـــتانە فـــەراهـــەم هـــاتوون و هاتوونـــەتـــە گـــۆڕێ وئیمكـــان و حاڵـــەتـــی بـــوون و نـــەبـــوون چوونـــەتـــە دەرێ بـــەرەو بـــوون، ئـــەمـــەش بـــۆ نمونـــە لـــە كورســـی و پـــەرتـــوك وێنـــەیـــەك دەچێـــت بـــەر لـــە بوونیـــان، كـــە ئـــەم شـــتانە بـــەر لـــە بوونیـــان واتـــە لـــەم قۆنـــەغـــەیانـــدا چـــەنـــد حـــەقیقـــەتێـــك بوونـــە لـــە حاڵـــەتـــی ئیمكـــانی بـــوون و نـــەبـــوون، هـــەروەك چـــۆن نـــەبونیشـــیان ئیمكـــانی بـــووە، بـــەڵام لـــە كـــاتی فـــەراهـــەم هـــاتنی

هۆکارەکانیان، دارتاش و نوسەر و هونەرمەند ئەو ماددەیەی شتەکانیان لێ دروست دەکرێت، ئەم حەقیقەتانە لە قۆناغی ئیمکان بوون و نەبوون دەرچوون بەرەو بوون و بوونەتە حەقیقەتێکی بووندار .

سەبارەت بە تێکڕای جیهان حاڵەتێکە هەر بەو جۆرە یە، چونکە جیهان بریتیە لە کۆمەڵێك ڕووداو و هۆکار و ئەنجام کە بەدوای یەکدا یەکیان لە وەیەکی ترەوە هاتوونەتە دی، کەوابوو هەرشتێك لەم بوونەوەر و گەردوونەدا هۆکاری شتێکی ترە، ئەنجامی هۆکارەکان لەیەك کاتدا، هەموو جیهان هەر بەو جۆرە لە وزەو بەشەکانی ئەتۆم وگەردیلە و تا ئەستێرەکان .

تەواوی بوونی ئەم جیهانە بە قۆناغی ئیمکان بوون و نەبووندا تێپەڕیوە، وەك چۆن کتێب و کورسی و وێنەکە لە نموونەکەی ئێمەدا بەم قۆناغەدا تێپەڕین .

هەڵبەتە سەرجەمی تاکەکانی جیهانیش بەم قۆناغەدا تێپەڕیون وپاشان ووردو شت لەدوای شت هاتوونەتەدی، هەندێکیان لە هەندێکیانەوە پەیدا بوون و هاتونەتە گۆڕێ تا ئەم شێوە تەواو کاملەی لێ پیدا بووە، کە خۆی بریتیە لە کۆمەڵێک شتی مومکین و دەشێ و ناشێ، جا هەروەك ئاماژەمان بۆ کرد مومکین لە قۆناغی ئیمکان دەرناچێت بۆ قۆناغی هاتنەدی، مەگەر لەپاش پەیدابوون و فەراهەم هاتنی هۆکارەکە نەبێت، دەنا هەروا لەقۆناغی ئیمکاندا دەمێنێتەوە و هەرگیز بوونی نایەتە دی، چەشنی حاڵی کتێب و کورسی و وێنەکە لە

نمونـــەكـــەمانـــدا، كـــەواتـــە مـــومكین و فـــەلســـەفـــەكـــەی چـــەنـــدین تایبەتمەندی وسیفەتی خۆی هەیە كە بریتیە لە :

یـــەكسانیی ڕێـــژەی بـــوون و نـــەبـــوون: ئـــەگـــەر هۆكـــارەكـــەی پـــەیـــدا بـــوو ئـــەوا ئـــەویـــش پـــەیـــدا دەبێـــت، ئـــەگـــەر هۆكـــارەكـــەی پـــەیـــدا نـــەبـــوو ئـــەوا ئـــەویـــش لـــە ڕووی بـــوون و نـــەبوونـــەوە بـــەســـتراوە بـــە شـــتیكی ترەوە .

دەرچـــونی لـــە ئیمكـــان بـــۆ بـــوون: پێویســـتی بـــە ســـەبـــەب و هۆكارێـــك هـــەیـــە، ئـــەو هۆكـــارەش لـــە نێـــو چـــوار چێـــوەی سرووشـــتیدا، خـــۆی بریتیـــە لـــە كۆمـــەڵێـــك هۆكـــاری سرووشـــتی وەك ئـــەوەی كـــە لـــە تـــەواوی بوونـــەوەردا هـــەیـــە لـــە مـــرۆڤ ئـــاژەڵ و ڕووەك و ڕوویـــداوە كردەوەكانی مرۆڤایەتی و.....هتد

چونكـــە جیهـــان لـــەنـــاوەوەی بنیـــات و بیناســـازی خۆیـــدا كۆمـــەڵێكـــە لەو هۆكارو ئەنجامە مومكینانە پێویستیان بە سەبەب
وهۆكارێكی زۆری سروشتی هەیە .

لـــەو حاڵـــەتـــەدا وا پێویســـت دەكـــات كـــە ئـــەم زنجیـــرەیـــە تـــا بـــێ بڕانـــەوە بـــەردەوامـــی هـــەبێـــت، ئـــەمـــەش مـــەحاڵـــە، لـــەبـــەر ئـــەوەی كـــە عـــەقـــڵ بـــەڕوونـــی دەرك بـــە بێهـــوودەی زنجیـــرەیـــی دەكـــات، كـــەوا بـــوو هـــەر دەبێـــت هۆكـــارێكی یـــەكـــەم لـــە ئـــارادا بێـــت، كـــە خـــۆی ســـەبـــەب هۆكـــارە لـــەپـــەیـــداكردن وهێنانـــە كایـــەی تـــەواوی مومكینـــەكانـــداو، خـــۆی نامومكینـــە، واتـــە بوونـــەكـــەی زاتییـــە و نـــەبســـتراوە بـــەشـــێكی تـــرەوە، ئەوەش پێویست و بوونی واجب پێویست دەكات سێیەم :

بوونی پێویست "واجب :"كۆتایی وەڵامەكەمانە، چونكە وەڵام دانەوەی پرسیاری ئەو كەسەیە كە دەپرسێت لە هۆی تەڕ بوونی جل و بەرگی كەسێكی تر و پێی دەڵێت: ئەم تەڕایە وا بە جلەكانتەوە لە كوێوە هاتوە؟ ئەویش لە وەڵامدا پێی دەڵێت:
لەسەر فەرشێكی تەڕ دانیشتبووم تا تەڕاییەكەی گەیشت بە جلەكانم، دیسان پرسیارێكی تر لە پرسیارەكەدا دروست دەبێت دەڵێت: ئەی فەرشەكە لە كوێوە تەڕای پێ گەیشتبوو؟، پرسیار
لێكراویش لە وەڵامدا پێی دەڵێت: پەرداخێك ئاو ڕژایە سەر فەرشەكە لەبەر ئەوە تەڕ بوو ئیتر پرسیار كەرەكە لە پرسیار كردن ڕادەوەستێ و هیچی تر ناڵێت چونكە ناپرسێت: ئەی تاڕاییەكە لە كوێوە گەیشتوە بە ئاوەكە؟! چونكە ئاو سەرچاوەی تەڕییە، كۆتایی وەڵامەكەشە) واجب الوجود) واتا (بوونی پێویست كە خوای پاك و بێگەردە) هەر بەم جۆرەیە كە كۆتای وەڵامەكە وەردەگیرێت هۆكارەكان هەر لە لای ئەوەوە كۆتاییان پێ دێت .

هُــوَ الْــأَوَّلُ وَالْــآخِرُ وَالظَّــاهِرُ وَالْبَــاطِنُ وَهُــوَ بِكُــلِّ شَــيْءٍ عَلِــيمٌ
سورەتی الحدید ئایەتی 3
واتا هەر ئەوە سەرەتایە و كۆتای یەو دیارەو نادیارەو هەر ئەوە كە ئاگاداری هەموو شتێكەو ئاگایی و زانایی بەسەر هەموو شتێكدا هەیە.

بەم جۆرە دەگەینە دۆزینەوەی دەرك كردن كۆتای فەلسەفە لێرەدا دێت یاخود ئالێرەوە فەلسەفە سەر دەبڕدرێت هەموو هاوكێشەی فەلسەفەی لێرەوە دەبێت خۆی بخاتە ناو تابوتی

مــــەرگ، چونكــــە كــــە دەرك كردنـــــى مــــرۆڤ بــــە دەرك كردنـــــى بــــوونى واجــب وەك هۆكارێــك بــۆ تــەفســير كــردن و لێكدانــەوەى كــەرەســە مومكينەكان، وە هەروەك زانيمان بەشى ئەقڵ و هۆشى دەرك

كــەرەكــانيش دان بــە بــوونى ئــەم پێويســتەدا دەنــێن مــن ئــا لێــرەدا فــەلســەفــە ئــەتــك دەكــەم كۆتــاى بــە گــەڕان بــە دواى بونــدا دەهێــنم و ڕوو دەكــەمــە تاكــە خوايــەك كــە دروســت كــەرى هــەمــوو ئــەرز و ئاسمانەكانە .

ئــەم هۆكــارەش بــە نيســبەت تــەفســير كردنــى جيهانــەوە ئــەو كــەرەســتەيــە يــە كــە ئێمــە زاراوەى( بــوونى پێويســت)ى لێــدەنێــين و، ئــەو بــوونى پێويســتە خــواى پــاك و بێگــەردە كــەوا بــوو دەركــى ســێيەم هــەمــوو قۆناغــەكــان دەبڕێــت دەچێتــە قۆنــاغى بــوونى پێويســت كــە بــوونى پــەروەردگــارى پــەروەردگــارە كــەواتــە لــە ڕووى فەلسەفيەوە دوو بەشمان لە هاوكێشە كە وەرگرت

يەكەم: بوونى مەحاڵ

دووەم: بوونى مومكين

لێــرەدا وەك لــەســەرەوە ئامــاژەم پــێ كــرد فــەلســەفــە ئــەژنــۆى دەشــكێت لــە ســێيەمــدا بــوونى پێويســت خــۆى فــەرز دەكــاو بــە خــەڵكــى ڕادەگــەيــەنێــت كــە زۆر خــەڵكێكــى كــەم هــەن كــە

نەگەیشتونەتە بوونی پێویست ئەوانیش کەسانێکی ناوازەو دەرون نەخۆشن .

بەم جۆرە دێمە کۆتای ئەنجامێکی ڕاگیرانەی ئەقڵی، بریتیە لەوەی کە جیهان پەیدابوێکی بوون مومکینە، وە پێویستی بە خالق و دەروست کەرێك هەیە ئەویش خوای بوونە کە پێویستە بەم پێیە بەڵگە زانستی و ئەقڵیەکان بریتی بوون (بەڵگەی ڕێکی سیستەم و، بەڵگەی بزواوتن لە خۆ نەبزواوتن، بەڵگەی ئیمکان)، ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت کە ئەم جیهانە پێویستی بە خالقێك و داهێنەرێك هەیە لە هەمووی گرنگ تر ئەوەیە کە ئەو پەروەردگارە دوورە لە سیفاتی ئەم جیهانەوە بەم سیفەتانە نا ناسرێت ئەویش خوای پاك و بێگەردە ئەم بوونە لەوەوە دەرچوە هیچ شتێك لەو ناچێت وە ئەو تاك و تەنهایە بێ نیازە دەوڵەمەندە لە کەس نابێت و لە کەسیش نەبووە وە ئەو زیندووکەرەوە و مرێنەریشە وە ئاگادارە بەسەر هەموانەوە .

لەدوای ئەوەی کە ئیسپاتی بوونی خوامان کردوو فەلسەفەی مارکسیزمان هەڵوەشاندەوە شوعییەت بوو بە پوشێکو چوو بە ئاسماندا لە تەرازووی زانستدا کە جێی نابێتەوە نۆبەی قۆناغەکانیەتی کە شیتەڵی بکەین .

**قۆناغەکان و ڕەخنەگرتن لێیان :**

**.....لَقَدْ كَانَ فِي قصَصِهِمْ عِبْرَه لِّأُولِي الْأَلْبَابِ ..**

بۆ هەر ڕووداوێك کەڕوودەدات ئێمەی موسوڵمان سوپاس بۆ

خـــوا خوێندنـــەوەو تـــەفســـیرێكی ئیســـلامیمان هـــەیـــە بـــۆی- وەناســـینی دوژمنـــەكانمـــان هـــەنگـــاوی یـــەكـــەمـــە بـــۆ بـــەرەنگـــاری بوونـــەوەیـــان و پووچەڵ كردنەوەی فێڵ و پیلانیان ...

ماركسـیـەت دەدرێتـــە پـــاڵ كـــارل مـــاركس كـــەئـــەڵمانیـــە بـــەیارمـــەتـــی فریـــدریك انجلـــز بنچینـــەی مـــەنفێســـتیان نوســـیەوە و ڕاڤـــەی مـــادەی كۆنیـــان كـــردو باســـیان لـــە مێـــژووی مـــادە دەكـــەن لـــەســـەر بنـــەمـــای دلیكتیـــك، كـــە لـــە چـــەنـــد بیرۆكـــەیـــەك وەرگیـــراوە لـــە گرنگترینیـــان بیرۆكـــەی داروینـــە كـــە دەڵێـــت: خانـــە زینـــدوەكـــان بـــە زنجیـــرەگۆڕانكاریـــەكـــدا ڕۆیشـــتون كـــە كۆتاییـــەكـــەی بـــە مـــرۆڤ هـــاتووە وە ئـــەم گۆڕانكارییـــەش شـــتێكی چـــەســـپیوەو نـــەگـــۆڕەو دێتـــە دی هــــەمیشــــە... بیرۆكــــەی دووەم كــــە مــــاركس بنچینــــەی بیــــری كۆمۆنیســـتی لـــەســـەر دامـــەزرانـــدوە فـــەلســـەفـــەی ئایـــدیالی ئـــەڵمانیـــە كـــە بـــەناوبانگترینیـــان تیـــۆر(النقـــیض)ی فیلـــەســـوف هیگـــڵ بـــوو، هـــەرچـــەنـــد ئـــەم فیلـــەســـوفە تیـــۆر لـــە بـــواری زانســـتی لۆژیكـــدا.. دانـــا، بـــەڵام مـــاركس هـــاتوو پـــەیـــڕەووی كـــرد لـــە ســـەرواقـــع وەووتـــی خـــەڵـــك لـــە ململانێدایـــە وە ژیـــانیش لـــە ململانێدایـــە وە بنچینـــەی ئـــەم ململانێیەش بریتیە لە ئابووری-گەڕان بەدوای نان و ئاودا-
لـــەســـەر ئـــەم بنچینـــەیـــە وە حتمیـــەكـــەی كـــە لـــە داروینـــی وەرگـــرت مێژووی مرۆڤاییەتی دابەش كرد بۆ پێنج قۆناغ كەئەمانەن .....

یـــەكـــەم قۆنـــاغ: قۆنـــاغی كۆمـــۆنی ســـەرەتـــایی (پـــاش ئـــەوزنجیـــرە گۆڕانكاریـــەی كـــە بـــەســـەر خانـــە زینـــدوەكانـــدا هـــاتوە وە لـــە كۆتاییـــدا مـــرۆڤ دروســـت بـــوە) ئـــەم مرۆڤـــە ژیـــانێكی ئـــاژەڵـــی ڕەهـــایی ژیـــاوە لـــە دارستانەكاندا .

دووەم قۆنـــاغ:قۆنـــاغی كۆیلایـــەتـــی(الرق،بـــەنـــدەكـــان) :هـــەبـــوونی كۆمـــەڵێكـــی كـــەم و خـــاوەن دەســـەڵات كـــە توانیویانـــە بـــاقی خـــەڵكـــەكـــەی تربكەن به بەندەو بیانچەوسێننەوە .

ســـێەم قۆنـــاغ:قۆنـــاغی دەرەبـــەگایـــەتـــی(الاقطـــاع،فیودالی):لـــەم قۆناغـــەدا دەرەبـــەگـــەكـــان خـــاوەنـــی زەوییـــەكـــی زۆر بـــوون وە خـــاوەنـــی ئەو كەسانەش بون كە لەناو زەویەكاندا ژیانیان دەبردە سەر .

قۆنـــاغی چـــوارەم:قۆنـــاغی ســـەرمایـــەداری(كاپیتـــالی)(ئـــەم قۆناغـــە دروســـت بـــوو پـــاش شۆڕشـــی پیشـــەســـازی وە هاتنـــە كایـــەی ئـــامێرە پیپیشـــەســـازیەكـــان) ژیـــان لـــە ســـەردەمـــی كشـــتوكاڵیەوە گـــۆڕا بـــۆ چـــاخی پیشەسازی نوی ...

قۆنـــاغی پێنجـــەم:قۆنـــاغی شـــوعیەتـــی كۆتـــایی(كۆمـــەنیســـتی) : ژیـــان لـــەلای ئـــەوان بـــە شـــوعیەت دەســـتی پێكـــردوە و وە بـــە شـــوعیەتـــیش كۆتـــایی دێـــت وە شـــوعیەتـــی كۆتـــایی دەبێـــت حـــوكمی ســـەرزەوی بكات ....

وە ئـــەوەی جێـــی ســـەرنجـــە وە شـــایەنـــی لێووردبونـــەوەو تێـــڕوانینـــە ئـــەوەیـــە كـــە ئـــەم قۆناغانـــە لـــەلای شـــوعیەت حتمـــین وە هـــەر دەبێـــت ڕوو بـــدات وە مرۆڤـــەكـــان هـــیچ جـــۆرە ویســـت و ئیـــرادەیـــەكیـــان نیـــە وە مێـــژووی مرۆڤایـــەتـــی هـــەر دەبێت بـــەم قۆناغـــنـــەدابـــڕوات ئـــەگـــەر چـــی مرڤـــەكـــانیش پێیـــان نـــاخۆش بێـــت یـــاخود بـــەرەنگـــاری لـــی بكـــەن...وە

**هۆكاری گواستنەوە لە قۆناغێكەوە بۆ قۆناغێكی تر بەهۆی كاریگەری ماددەوەیە، چونكە لە لای شوعیەت، فكر و ڕەووشت و بیرووباوەڕ و دین- وە هەموو شتێكی مرۆڤ بەهۆی كاریگەری مادەوە دێتە كایەوەوە هەر كاتێك ئەم واقعە مادییە گۆڕانكاری بەسەر داهات ئەوا ژیان و قوناغەكانی گۆڕانكارییان بەسەردا دێت ...**

**بۆ نمونە **
**كاتێك كە كشتوكاڵ پەیدابوو(هاتەكایەوە) مرۆڤایەتتی لە قۆناغی شوعیەتی سەرەتاییە وە چووە ناو قۆناغی كۆیلایەتیەوە وەئەم گۆڕانكارییەش حتمی و جەبریی بوو دەسەڵاتی كەسی تێدا نەبوو-وە بەهەممان شێوەش كاتێك كەلو پەلی كشتووكاڵی پەیدابووجیهان قۆناغی كۆیلایەتی بە جێهێشت و چوە ناوو قۆناغی دەرەبەگاییەتیەوە كاتێك كەلو پەلی پیشەسازی پەیدابوو وە دۆزراییەوە مێژوو ڕووی كردە سەرمایەداری وە پاشان بە هۆی پووچەڵ بوونەوەو ڕووخانی سەرمایەدارییەوە مێژووی مرۆڤایەتی بە زۆری وە بەشێوەیەكی حەتمی چوە ناو قۆناغی كۆتاییەوە كە قۆناغی شوعیەتی كۆتاییە(چینی كرێكار)..**

**هەڵوەشێنەرەوەی سەرمایەداری: بەربەرەكانێ لە نێوان چینی كرێكارو سەرمایەدارەكان درووست دەبێت بەهۆی ئەو زوڵم و زۆریەی لە چینی كرێكار دەكرێت لە لایەن سەرماییەدارەكانەوە، چینی كرێكارەكان شۆڕش دەكەن بەمەش هێزی سێیەم پەیدادەبیت و بە گوێرەی منطق الجدلی"المادیە الدیالكتیكیە"( ئەو گۆڕانكاریەی كە بەسەر ئابوری و كۆمەڵایەتی دا دێت**

کەهۆکاەکەی مادەیە) هێزی سێیەم پەیدادەبێت کە بریتیە لە شوعیەتی نوێ بە نوێنەرایەتی دەوڵەتێکی کرێکاری" پرۆلیتاری "ئەمە وەکو بیردوزە بەڵام لە واقیعدا بەشێوەیەکی تر بوو !!!!

بەڵگەی واقعی لەسەر پوچەڵ بونەوەی ئەم ڕیبازە یەکەم شکست کە بەسەر حەتمیەکاندا هات ئەوە بوو کە کارل مارکس وای دانا بوو یەکەم وڵات پەیڕەوی شوعیەت دەکات بەریتانیایە -- واتە بەریتانیا یەکەم وڵات دەبێت کە شوعیەت تێیدا سەرکەوتن بەدەست دێنێت وە هۆکەی ئەوەبووچونکە بەریتانیا گەورەترین وڵاتی پیشەسازیی بوو لە سەدەی نۆزدەهەمدا--- باروو دۆخی کرێکارەکان لە بەریتانیادا زۆر خراپ بوو،چینی کرێکار بە پیاوان و ژنانەوە ڕوژانە زیاتر لە هەژدە کاتژمێر کاریان دەکرد لە ژێر زەویدا لە تونێلە تاریکەکاندا لە پێناوی دەرهێنان و هەڵکەندنی خەڵووزی بەردین کە تاکە

نقودیکی سەرەکی بوو لەو کاتەدا، وە زۆربەیان ئەمردن بەبێ ئەوەی هیچ مافیکیان هەبیت، بۆیە مارکس ووتی کرێکارەکان شۆڕش دەکەن وە بەشێوەیەکی حتمی وە قطعی شوعیەت سەردەکەویت لە بەریتانیا ...

یەکەم خاڵ کە خوای گەورە شوعیەتی بەدرۆهێنایەوە وە بیردۆزەکەی پووچ کردەوە بۆ جیهان هەمووی، ئەوەبوو کە هەتا ئەمڕۆش بەریتانیا نەبوو بە دەووڵەتێکی شوعی وە

شوعیەت سەرکەووتنی بەدەست نەهێنا، لەکاتیکدا شوعیەت لە وولاتێکی کشتووکالي وە کوو ڕووسیادا سەرکەوتنی بە دەست هێنا بەبێ ئەوەی کە بە قۆناغی سەرمایەداریدا بڕوات کە مارکس بە قۆناغی حەتمی و مێژوویی باسی دەکات واتە لە قۆناغی کشتوکاڵیەوە گوازراوەتەوە بۆ قۆناغی شوعیەت ....

وە درۆی دووەم ئەوەبوو کە شوعیەت لە ساڵی **1917** دە دا دەسەڵاتی گرتە دەست لە ڕووسیا، دەبوایە حکومەتێکی پرۆلیتاری ( کرێکاری)بێتە کایەوە وە کرێکار باڵا دەست بن وە لەگەل رۆژگاردا وولات نەمێنیت وە خەڵکی هەر کەسەو بە پێی توانای خۆی کار بکات وە پێداویستی بۆ ئامادە بکرێت، بەڵام ئەوەی کە ڕوویدا کاتیك لینین پاشان ستالین دەسەڵاتی ڕوسیایان گرتە دەست وە حوکمی ڕووسیایان کرد بەتەواوی پێچەوانە بوو، ڕوسیا دکتاتۆریەتیەکی وای بە خۆیەوە بینی کە هاوشێوەی نەبوو لە مێژوودا مەگەر ئەوە نەبێت کە ڕۆژئاواییەکان باسی دەکەن لەبارەی مۆسۆلۆنی یاخود هتلر--- چینی کرێکار بەهیچ شێوەیەك خاوەنی هیچ جۆرە دەسەڵاتێك نەبوون بەڵکو دەسەڵات تەنها بۆ حزبی شوعی بوو وە داهاتی تەواوی وولاتەکە بۆ ئەندامانی حزب بوو وە بەشی کرێکارەکان تەنها چەوساندنەوە بوو !!

پاشان درۆی سێیەم هات کەڕوخانی شوعیەت بوو، لە کاتێکدا دەبوایە شوعیەت دەست بەسەر هەموو جیهاندا بگرێت ووە تاکە دینی دوارۆژ بێت وە هیچ ولاتێك نامێنێت کە شوعیەت ئالاکەی تێدا نەچەقێنێت، ئەمە نەك تەنها ڕوی نەدا بەڵکولە دوای

ستالینەوهەر یەك لە سکرتێرە یەك لەدوا یەکەکانی حزبی شوعی کەدەهاتن دەستکاری ئەم ڕێبازەیان دەکرد بە ناوی دوبارەبنیات نانەوە(اعادە البناء)

(Nikita Khrushchev1954-1964)

کاتێک خروشوڤ هات هەر لەژێر ناوی دوبارەبنیات نانەو ەپیشکەوتنێکی نوێی دانا بەناوی بەیەکەوە ژیانی ئاشتیەوە (التعایش السلمي)، کاتیک کە ڕێککەوتنی بەست لەگەل جۆن کەنەدی سەرۆکی ئەمەریکای ئەو کات لە سەر شەڕی سارد!!!... وە شوعیەت دڵنیا بوو کە ناتوانێت دەسەڵات بەسەر جیهاندا بگرێت .

لەو خاڵەنەی کەلەم باسە دەهێنرێتەوە ئەوەیە؛ کاتێك کە بانگەوازی شێخ محمەدی کوری عبدالوهاب ڕەحمەتی خوای لێبێت لەسەر دەستی چەند گەنجانێك لە ناوچەی هجر لە

سعودییە زیندو کرایەوە و پاشان جیشی تەوحیدیان دروست کرد لە ئامانجەکانیان بەهێزکردنی شەریعەتی ئیسلام بوو--- ڕۆژنامەی البرافد کە ڕۆژنامەیەکی ڕوسی بوو باس لەم بزوتنەوەیە دەکاتوە دەڵێت؛" کاریگەری شوعیەت گەیشتۆتە ناوەڕاستی سەحرای دوورگەی عەرەبی وا دەبینین لە هجر بانگەوازکاران شۆڕش دەکەن بۆ پەیڕەوکردنی ڕێبازی شوعیەت"---ئەوەی ئەم رۆژنامەیە نوسی بوی ئەقڵ وەری

ناگرێت بەڵام لای ئەمان بەم شێوەیەیە هەموو شتێك لە مێژوودا ئەصل وقانون تێیدا ئەو قانونەیە کە مارکس دایناوە !!

هەروەکوو خوای گەورە دەربارەی ئەم زاڵمانە دەفەرمووێت{ مَا أشْهَدْتُهُمْ خَلْقَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَلا خَلْقَ أنفُسِهِمْ وَمَا كُنتُ مُتَّخِذَ الْمُضِلِّينَ عَضُداً}(51)واتە نە ئیبلیس و وە نە نەوەکانی نە ئەمانەش ئامادە نەبوون لە درووست کردنی ئاسمان و زەویەکاندا وە ئاگادارنەبون و پرس وراشیان پێ نە کراوە وە لەمەش کەمتر ئاگاداری دروست کردنیی‌نە فسی خۆشیان نەبوون؛ ئەی چۆن و بەچ حەقێك بەبێ هیچ بنەمایەکی زانستی ئە م قۆناغانە ناو دەبەن بە شتێکی حەتمي و جەبری، هەر وەکو ئەوەی کە خۆیان ئامادەی گۆڕانکاریەکە بوبن وا بەدڵنیایەوە ناویان ناوە گوڕانکاری حەتمی و جەبری------دەبێت بابای موسوڵمان بزانێت کە ئەم ڕێبازە دژی هەموو پەیامە ئاسمانیەکانە کە خوای گەورە بۆ پێغەمبەرەکانی ناردوە .

## شوعیەت وهەوڵی بنیات نانەوە  پاش خروشوف

ویستی خوای گەورە وابووتەرازوو پێوانەکان پێچەوانە بوونەوە وە برجنیف هات1964-1982)

(Brezhnev leonid ، وە پاش ئەویشَ میخائیل گۆرباتشوف هات (Mikhail Gorbachev 1985-1991)،

تێبینی ئەوەیان کرد کە شوعیەت لەناوەوە بەرەوە ڕووخان دەڕروات وە گەورەترین هۆکاری ڕووخانیش بریتی بو لە باوەڕ نە بون بە خوا و بە دین، وە بانگەوازی کردن بۆبێ باوەری وە

خەڵك پەروەردە کردن لەسەر بێ باوەڕی....بۆیە ئەمانیش بەناوی دوبارە بنیات نانەوە(اعادە البناء)شوعیەتیان گۆڕی لە ئەلفەوە تا یاء...ئەوەبوو سەیرترین شت لە دنیادا کە مێژوو تۆماری کردبێ دەبینین سەرۆکی گەورەترین وولاتی شوعیەت (یەکێتی سۆڤیەت) لە دنیادا ئاهەنگ دەگێڕێت بەهۆی تێپەڕبوونی 1000 ساڵ بەسەر دامەزراندنی کەنیسەی کاثۆلۆکی، وەلەئەوەش سەیرتر چونی گۆرباتشۆڤ بوو بۆ فاتیکان بۆ زیارەتی پاپا!! دەبێت لەمە سەیرتر هەبێت کە ئەم رێبازە وە سەرانی و شوێنکەوتوەکانیشی تەنها ناوبردنی دینیان پێ شتێکی دواکەوتوە....دین هەروەکو کارل مارکس دەڵێت سەرخۆشکەری گەلانە- هەروەها دەڵێن دین شتێکە کە دەرەبەگەکان و پاشاکان و خاوەن دەسەڵاتەکان وزوردارەکان دروستیان کردوە بۆ ئەوەی گەلانی پێ بێهۆش بکەن وە دنیاکەیان بخۆن وە بەڵێنیان پێ بدەن بە پاداشت وەرگرتنەوە لەرۆژی دوای ...وە ئەمەش راستیەکی چەسپاوە لە پیاوانی

دینی یهودی و نصاری.... هەروەکو خوای کەورەدەفەرموێت:

يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِنَّ كَثِيراً مِنَ الْأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ أَمْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَيَصُدُّونَ عَنْ سَبِيلِ اللَّهِ] التوبە:34] واتا زۆر لە زاناکانی یهود(الاحبار) وە زاناکانی نصاری(الرهبان (سەروەت و سامانی خەڵکی دەخۆن بە ناهەق و بەناوی دینەوە وە دەبنە بەربەست لە ڕێگای خوادا (ئیسلام)، بەهۆی ئەوپلەو پایەی کە هەیان بوو لە دینەکەیاندا دنیای خەڵکیان پێ دەخوارد .....

**بەڵام مارکس و پەیڕەوانی بەم تێڕوانینە سەیری هەموو دینەکانیان دەکرد ...**

**بەڵام ئێستا بارو دۆخەکە پێچەوانە بۆتەوە نەك هەر ئەوەندەی کە دان دەنێن بە دین بەڵکو بە پێویستیشی دادەنێن هەروەکوگۆرباتشوڤ لە کتێبی "إعاده البناء البروستریکا "دا هاتوە دەڵێت: 'إن القیم الروحیە ضروریه ولابد منها' بنەما دینییەکان زەروریە و پێویستە هەبێت !**

## دەربارەی خێزان و ئافرەت

**ئەو شوعیەتەی کە دەڵێت ژیان بەشوعیەت دەستی پێ کردوە کە خێزان بونی نەبوە پیاو وەکو ئافرەت ئیشی کردوە، وە ژیانیش کۆتایی پێ دێت بە شوعیەتی کۆتایی کەوا حوکمی سەر زەوی دەکات، وە بانگەشەی یەکسانی ئافرەت و پیاو دەکات لە هەموو شتێکدا، وە ئەو شوعیەتەی کە شانازی دەکات بەوەی ئافرەتی دەرکردوە لەماڵ بۆ کارگەکان وە توانیویەتی شان بە شانی پیاو داهینان بکات وە بگاتە لوتکە لە هەمو شتێك بەهۆی شوعیەتەوە .**

**وە خێزان بە لاساکردنەوەی بۆرجوازی و دەرەبەگەکان دەداتە قەڵەم، هەر وەکو مارکس دەڵێ : خێزان لە بنەرەتتەوە قۆناغی کشتوکاڵی وە پێداویستە کشتوکاڵیەکان دروستی کردوە چونکە پیاوخەریکی بەرهەم هێنان وکۆکردنەوەی بەروبومی کشتوکاڵی**

بــوو ئــافرەتــیش خــەریکــی نــان حــازرکردن بــوو بــەم شــێوەیــە خێــزان پێـك هــات، بــەڵام لــە چــەرخــی پیشــەســازیدا کــە ئــافرەت شــان بــە شــانی پیــاوئیش دەکـــات و بـــەرهـــەم دێنێـــت هـــیچ جـــۆرە پێویســـتیەك بـــە هەبوونی خێزان ناکات ..

کاتێـك سـتالین هـات ووتـی ناکرێـت خـەڵـك بژیـات بـەبـێ خێـزان بـەڵام دەتــوانین نیــەتــەکــان بگــۆرین، لــەجێگــای ئــەوەی کــە لــە چــەرخــە دواکــەوتــوەکــان خێــزان هــەبــوە بــۆ بــەیــەکــەوە ژیــان وهێنانــەدی منــاڵ، بــەڵام ئێســتا بــا خێــزان هــەبێــت بــۆ ئــەوەی چینێکــی کرێکــاری بێنینــە کایــەوە کــە بتوانێــت ئــەنــدامێکی کاریگــەر بێــت لــە کارگــەکــان و وە ئــەنــدامێکی سۆڤیەت ((SOVIET بـن تـاوەکوگـەلمـان بـەخـەبـەربێت و ووڵاتمــان پــێش بکــەوێــت وە شــوعیەت بچــەســپێت لــە ســەر ئاســتی جیهــان. بــەڵام کــە گۆرباتشــۆڤ هــات ووتـــی هــەتــا ئــەم نیــەت گۆڕینــەش پێویســت ناکــات ، وە ئێمــە هــەڵــە بــووین پــەلــەمــان کــرد لــە وەدەرنــانی ئــافرەتــان لــە ماڵــدا وە پــەلــەمــان کــرد هۆکــەشــی ئــەوە بــوو لەلایەکەوە سەرقاڵی شەڕبووین وە لەلایەکی تریشەوە خەریکی

بنیاتنانــەوەی ووڵاتــەکــەمــان بــووین لــەســەر بنــەمــای ئــابووری بــەڵام ئێســتا کــە ســەر قــاڵی دوبــارە بنیــات نانــەوەیــن دەبێــت دان بنــێن بــە هــەڵــەکانمانــدا وە بیــرو بۆچونــەکــەشــمان ڕاســت بکــەینــەوە دەربــارەی خێزان کە پێویستە هەبێت وە ئافرەتیش دەبێت دەورە گرنگەکەی خۆی بزانێت کە دایکە وە جێگاکەی ناو ماڵە .

حــەز دەکــەم دەســت نیشــان بکــەم بــە ووتــەی نوســەری گــەورەی

ئینگلیز (اشبنجلر )كە باسی هۆكاری ڕووخانی شارستانیەتەكان دەكات و دەڵێت: كاتێك ئافرەت لەماڵ دەرچوو، وازی هێنا لە دەوری خۆی كە دایكە، وە تێكەڵاوی پیاوانی كرد لەهەموو كارو بارێكدا ئەوە نیشانەی لەناو چوون و ڕوخانی شارستانیەتەكە .

خاڵێكی تر لە هەڵوەشێنەرەوەكانی شوعیەت شوعیەت بیردۆزەكەی بنیات نا لە سەر بنچینەی بیرۆكەی داروین كەوا ماددە حەقیقەتی هەموو شتێكە وە ماركس بەهەموو شێوەیەك ئینكاری غەیبی كردو وەوتی مادە سەرچاوەی هەموو ڕاستیەكانە!!!لەگەڵ هاتنی سەدەی بیستدا، زانایان لەئەنجامی لێكۆڵینەوەی زیاتر لە ماددە و لە پێكهاتوەكانی زۆر ڕاستی تریان دەربارەی گەرد و گەردیلە ڕوون كردەوە... لەنێوان زاناكانیشدا زانای بەناوبانگی ئەڵمانی ئەنیشتاین بوو كە ڕاڤەی ماددەییان بەشێوەیەك كرد كە زۆر

نزیك بوو لە تەفسیری غەیب (ئەگەر بە دووربینی ئەلەكترۆنی سەیری ماددە بكرێت ئەوا دەبینرێت كە بریتیە لە گەردیلە كە لە ناووك'پرۆتون و نیوترون' پێك دێت وە لەدەوری ناوكیشدا ئەلیكترون هەیە كە بەدەوری ناوكدا دەخولێتەوە بە ڕێڕەوی خولگەكاندا... واتە مادە برتیە لە ناوكێك كە ئەلیكترۆنەكان بەدەوریدا دەخولێنەوە ئەمەش لە خولانەوەی ئەستێرەكان دەچێت بە دەوری خۆردا..وە چەكی ئەتۆمیش بەهۆی لێكجیاكردنەوەی هێزی ڕاكێشانی بەینی ئەلیكترۆن لە گەڵ ناوكدا بەدەست دێت....كەواتە پاش مردنی ماركس ئاشكرا بوو كە

ئەوەی ووتراوە لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەربارەی ماددەوە هەمووی قسەی بێ بنەما بون وە دوور بوون لە راستی زانستی بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەحزابە شوعیەکان لە وولاتانی ئیسلامیدا بە کۆمەڵی شوعی سۆشیالیستی زانستی (الشيوعيه الاشتراكيه العلميه) ناو دەبرێن .

## پاشکۆی باس

بەداخێکی زۆرەوە لەکاتێکدا کە ئەوانەی بەردی بناغەی شوعیەتیان داناوە داوای چاکسازی و بنیاتنانەوە و گۆڕانکاری دەکەن بەڵام تازە بەتازە لە وولاتانی ئیسلامیدا ڕەواج بەم ڕێبازە خوێناویە و دوور لە زانستیە دەدرێت ئەوەتا دەبینین لە جزائیر حزبی شوعی جەزائیری دەڕژێنە سەر شەقامەکان و داوا دەکەن کە دەستورو یاسای خێزان داری لابربدرێت واتە پێچەوانەی

ئەوەی کە لە یەکێتی سۆڤیەتدا ڕوو دەدات. چۆن کاتی خۆی لە فرنسا دەووترا: (لا تكونوا ملكيين أكثر من الملك) لە سەردەمی لویس 14 ، واتە زیاتر لە مەلیك پاڵپشت و پشتیوانی مەلیك مەبن .. بەڵام بەداخەوە مارکسیەکانی لای ئێمە مارکسین زیاتر لە مارکس وە گۆرباتشۆڤیش تاوانبار دەکەن بە بەکرێگیراوی ڕۆژئاوا ..

لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم خەڵکی مەخنە گێژاوی بیری گەندەڵی خۆتان ئەی ئەوانەی کە بانگەشەی سۆشیالیستی دەکەن تا

ئێسـتا، خـەڵـك و خـاكی موسـوڵمانانتان بـەم شـیعارە بـاقو بریقانـەوە سـەرقـاڵ کـردوە،داواکـارم لـە خـوای گـەورە کـە پـەنـد وەرگـرین لەوەی دەیبینین وە لەوەی کە دەیبیستین ..

وە ئـەم دینـەمـان پـێ سـەربخـات.. وە ببینە هۆکارێـك بـۆ بـەئاگـا هێنانـەوەی ئـەو میللـەتـە کـە ڕۆچـوە لـە ئـارەزوەکانیـدا وە مانـدوە ڕۆژێـك ڕوو لـە ڕۆژهـەڵات وە ڕۆژێکـیش ڕوو لـە ڕۆژئـاوا دەکـات ، ببـین بـە هۆکارێـك کـە میللـەتـەکـەمـان دوژمنـەکـەی خـۆی بناسـێت وە نرخـی ئـەم پـەیامـە خواییـەش بناسـێت وە بزانێـت کـە دروسـت کـراوە بـۆ ئـەوەی خـەڵکـی لـە تاریکایـەکـان بـەرەو ڕونـاکی ببـات.. وە بـۆ ئـەمـە دروسـت نـەکـراوین کـە لاسـایی ئـەمانـە بکـەیننـەوە وە دڵنیـابین کـە داهـاتوی تـەنهـا بـو ئـەم ئیسـلامەیـە هـەروەکـو لـە حدیثـەکـەی عبـداللە ی کـوری عمـریش هـاتوەو کـە پێغـەمبـەر صَـلَّی اللهُ عَلَیْـهِ وَسَـلَّمَ دەفـەرموێـت شـارەکـەی هرقـل وە شـاری رۆمـا فـتح دەکرێـت وە ئـەم دینـە دەکاتـە ئـەو جێگـەیـەی کـە شـەوو ڕۆژی بـەسـەر دادێـت وە راسـت دەفـەرموێـت پێغـەمبـەری خۆشـەویسـت صَـلَّی اللهُ عَلَیْـهِ وَسَـلَّمَ کـە دەفـەلاموێـت: لا تـزال طائفـە مـن أمتـي علـی الحـق منصـورە، لا یضـرهم مـن خـذلهم حتـی یـأتي أمـر الله

(*)ووزەی ئاسـان :بـەو ووزەیـە دەڵـێن کـە ئاسـان بێـت بـۆ مـرۆڤ یـەخسـیری بکـات ودەسـتی بـە سـەردا بگرێـت

(*)ووزەی دژوار: ئـەو ووزەییـە کـە یـەخسـیر کردنـی و دەسـتبە سەرا گرتنی بۆ مرۆڤ دژوارە

# بنەما ئیسلامەیەكان و ئازادی ڕا دەر بڕین

**پێناسەی ئیسلام:**

**ووشـــەی ئیســـلام لـــە زمـــانی عـــەرەبیـــدا بـــەمانـــای ســـەردانـــەوانـــدن و خـــۆ تەسلیم كردنە،ئاینی ئیسلامیش هەرئەم ناوەی لێنراوە.**
**چونكـه ئـەم ئاینـە خـۆ تـەسـلیم كردنـە وسـەر دانـەواندنـە بـۆ خـوای گـەورە بۆ فەرمانەكانی.**

## بناغەی ئیسلام

**ئیسـلام لـە سـەر بنـەڕەت و بناغـەیـە كـی بنچینـەیـی دادەمـەزرێـت كـە ئەویش باوەڕ بوونە بە ووشەی (لا إلَهَ إلاَّ اللَّهُ،مٌحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ) .**

**جـا هـەر كـەسـێك ووتـی (لا إلَـهَ إلاَّ اللَّهُ،مٌحَمَّـدٌ رَّسُـولُ اللَّـهِ / هـیچ پـەرسـتراوێك راسـت نییـە جگـە لـە (الله) و محمـد پێغـە مبـەر خـوا یـە ئـەو كـە سـە موسـڵمانە وە، بـە ووتنـی ئـەم ووشـە ئـەویـش مـافی ئـەوەی دەبێت كە موسڵمانان هەیانە و ئەركەی لەسەرە كە لەسەر ئەوانە.**

**هـەروەهـا بـەدوای ئـەم بـاوەڕبوونـەیشـدا كـار كـاردن و ئیلتیـزام وپابـەنـدیی و پراتیـك وجێبـە جێكردنـی هـەمـوو ئـەوشـتانە دێـن كـەپایـەمـی ئیسـلامیی هیناونی،تـا مـرۆڤ بڕوادارێكـی حـەقیقیـی و ڕاسـتە قینـە و درووسـتی لـێ دەربێت.**

وشەی یەکەم{ لا إلَـهَ إلاَّ اللَّـهُ}مانایەکی زۆری هەیە باوەڕ بە یەکتایی خوای بەدیهێنەر و دروست کەری مەزن و یەکتایی یە ئەو لە زات و سیفەت و کردەوەکان و بەندایەتیی دەگرێتەوە، مانای ئەمە ئەوەیە کە موسڵمان بڕوای هەبێت بەوەی کە خوا تاکەو تەنهایە و لە هیچ ناچێت و هێچ لە شێوەی ئەو نیە،لە هیچ دروست کراوەکانی ناچێت وە بە پێچەوانەوە دروست کراوەکان لە خوا ناچێت، هیچ یەکێك هاوڕەنگ و بەشدار نییە لە سیفەتەکانیدا،وە کەس ناتوانێت دژیەتی ئەوە بکات خۆی خاوەن موڵکو دادگەریە و خاوەنی دەسڵاتی ڕەهایە، توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.
دیسان هەر ئەوە کە خالق دەکات و رزق ورۆزیی دەدات و دەژیەنێت و دەمرێنێت هەر لە توانی خوای مەزندایە مردوو زیندوو بکاتەوە وە هەموو بەندایەتی و پەرستشێکمان بۆ ئەوە لە غەیری پەروەردگاری میهرەبان کەسێك شایستەی پەرستش نییە وە هەر بۆ ئەویش گەردن کەچین.

دووبارە لەسەر بناغەی بڕوا بوون بە خوا بڕوا بوونیشە بەوەی کە محمد (صلى الله عليه وسلم)بەندەو پێغەمبەر و نێردراوی خوای گەورەیەوە بڕوا بون بە پێغەمبەرەکانی پێش ئەو، بەوەی کە محمد دواین پەیامبەرەو پەیامەکەی تەواوکەری هەموو پەیامەکانی ئەوانە وە بە سروشت بۆی هاتۆتە خوارلە ڕێگای جوبرەئیلەوە وە هەروەها پەیامەکەشی تا ڕۆژی دوای دەمێنێتەوە وە پەیامەکەشی بریتیە لە قورئانی ....
پیرۆزوە هەروەك لە پێش ئەویش بۆ ئیبراهیم و موسا و عیسا و داوود نێردراوە کە بریتیە لە صوحوف و تەورات و ئینجیل و زەبور کە ڕەوانە کراوە بۆ ئەم پەیامبەرانە.

دووبـــاره یـــەكێكـــی تـــر لـــە پایـــە دامـــەزراوەكـــانی ئـــەیدۆلۆژیـــەی ئیســـلامی بڕوابوونـــە بـــەوەی كـــە خـــوا خوایـــەكـــی دادگـــەرەو، ئـــەركێـــك و كارێـــك ناسـپێرێت بـە بـەنـدەكـانی لـەژێـر دەسـەڵات و توانایـان و، خواسـت و ئیـرادەو ویسـتی هـەڵبژاردنـی پێـداون و پاداشـتی هـەرمرۆڤێـك بـە پێـی كـرداری خـۆی دەداتەوه خوای گەوره دەفەرموێت لە {لا یكلف الله إلا وسعها}

واتـا: خـوا كـارو ئـەرك ناخاتـە سـەر شـان و ئـەسـتۆی هـیچ یـەكێـك و هـیچ كـەسێك ئـەرك بـە هـیچ كـەسێك نـەسپێرێت مـەگـەر بـەگوێرەی توانـای خـۆی بێت.

وه هەروەها دەفەرموێت: {ولا یظلم ربك أحدا}

واتـا: خـوای پـەروەردگـاری تـۆ ئـەی (محمـد) (صـلی الله علیـه وسـلم)زوڵـم و ستەم لە هیچ یەكێك و لە هیچ كەسێك ناكات.

یـــەكێكـــی تـــر لـــە بنـــەماكـــانی ئایـــدۆلۆژیای ئیســـلامی ئـــەوەیـــە كـــە موســـڵمان بـــڕوای هـــەبێـــت بـــەوەی كـــە خـــوای گـــەوره بێگـــەردو دەســـەڵات دارو توانـــا داره بـــەســـەر زینـــدو كردنـــەوەی مرۆڤـــەكانـــدا هـــەر ئـــەوه ژیـــان و مـــردن دەبـــەخشـــێت لـــە پاشانیشـــدا دەیگـــەڕێنێتـــەوه بـــۆ جیهـــانێكی تـــر كـــە جیهـــانی دواڕۆژه كـــە تێیـــدا پاداشـــتی چاكـــەو خراپـــە تیـــا وەردەگیرێـــت بـــە گـــوێرەی گوێڕایەڵی و سەرپێچی

ئـــەم پایـــە بناغـــەی ئایدۆلۆژیانـــەش پێیـــان دەوترێـــت (پایـــەكـــانی ئـــاین/اصـــول الدین) یان (ئایدیاو بیرو باوەڕ) كە بریتین:

1. ئیمـان و بـاوەڕ بـوون بـە خـوای تـاك و تـەنهـای بـە صیفات و كـەمـالی دوور لـــە كـــەم و كـــوڕی كـــاری شـــەڕو خراپـــە و زوڵـــم و ســـتەم هاوڕەنگی لە مەخلوق چون.

2. باوەڕ بون بە پێغەمبەران و نێراوەكانی خوا وە بە پەرتوكە ئاسمانیەكان و فریشتەكان و بەوەی كە محمد دواین پێغەمبەرە(صلی الله علیه وسلم).
3. باوەڕ بون بە جیهانی دواڕۆژ و پاداشت و لێپرسینەوە و بەهەشت و دۆزەخ.

## بەندایەتی و ڕێكخستنی كۆمەڵایەتی

ئەگەر لە باسەكانی پێشودا بەكورتی دەربارەی پایەو ئەكەكانی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی دوابێتین لەبەسی داهاتودا بەكورتی دەربارەی لایەنەكانی یاساو سیستەم و ئەركە بەندایەتیەكان و ڕەوشت لە پەیامی ئیسلامدا دەدوێین، بۆ ئەوەی باشتر بە مەزنیەتی و گەورەی ئەم ئاینە فراوان و بەرینە شارەزای تیا پەیدا بكەین.

## لایەنی ڕەوشتی

پەیامی ئیسلامی بە شێوەیەكی سەرەكی بەیەخی بە ڕەوشت و پەروەردەكردنی ویژدان و ئابروی مرۆڤایەتی داوە كە مرۆڤ ئاراستە دەكات بەرەو چاكەخوازی و ڕێز گرتنی مافی بەرابنەر هەست كردن بە ئێش و ئازارەكانیان، سۆز و میهرەبانی نواندن لە نێوانیاندا وایان لێدەكات تا مانای مرۆڤایەتی لە دڵ و دەرون و پێگەیاندا بەرهەم بهێنێت بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لەسەر ڕێچكەی كەم و كوڕی لابەرێت قورئانی پیرۆز لە چەند ئایەتێكدا بانگەوازی بۆ ڕەوشتی بەرز كردوە بانگی ئەو

**پێغەمبەرە ئازیزەی (صلی الله علیە وسلم)بە جوانتری ڕەوشت دواندوە. کە دەفەرموێت:**

**{ وإنك لعلى خلق عظيم}.**
**واتا: بەڕاستی تۆ لەسەر خوڕەوشتێکی بەرزو گەورەیت.**
**هەروەها پێغەمبەری ئازیزمان دەفەرموێت: { إنما بعثت لاتمم مكارم الأخلاق}**
**واتا: من کە نێردراوم بۆ ئەوە نێردراوم کە ڕەوشتی بەرزو شیرین بنیاد بنێم و پێتانی بگەیەنم.**

# لایەنی بەندایەتی

**خوای گەورە دەفەرمومویت:**

**{ِنَّنِي أَنَا اللَّهُ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنَا فَاعْبُدْنِي وَأَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي}**

**واتا: بەر لەهەر شتێك بازانە کە منم خوای تاك و تەنهام و هێچ خوایەك و پەرستراوێکی تر جگە لەمن شایەنی پەرستن نیە هەر من خوام،کەواتە بمپەرستن و بەندایەتیم بکەن و نوێژ بۆ یادی من بکەن و بەجێی بێنن.**

**جا هەر وەك چۆن ئیسلام بناغەی و بنچینەکانی باوەڕی داناوە، هەڵساوە بە چارەسەرکردنی کاروبارەکانی بیر و چەقاندنی چەندین**

بنچینەی دروست و سەلامەتی دەرونی و ڕەوشتی کە هەڵقوڵاوی ناخی ویژدانی مرۆڤایەتیدا، کە پەیوەستو ڕێکخستوەلە نێوانی تاك مرۆڤەکان و کۆمەڵدا.

بۆ ئەم مەبەستە ئەرکی پێ سپاردوین تا نوێژ وڕۆژو حەج و قوربانی هەر بۆ ئەو بکەین کە خوای تاك تەنهایە و خۆمان بپارێزین لە پیس و شەهەواتاکانی دنیا و دنیا ویستی لەگەڵ ئەو ئەرکانی تر کە دیاری کراون...هتد.

## چاودێری لە تەندروسیەکانی مرۆڤ

کەواتە ئیسلام فێری کردوین کە تەنانەت چاودێری لەشەی خوامان بکەین تا کۆمەڵگە یەکی باش و تەندروست بنیاد بنێین خوای گەورە دەفەرموویێت :

**{ قُلْ إِنَّمَا حَرَّمَ رَبِّيَ الْفَوَاحِشَ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ.....}**

واتا :( ئەی پێغەمبەر ) تۆ پێیان بڵێ خوامن هەموو جۆرە کارێکی خراپ و زشتی قەدغە کردوە، ئەگەر بە ئاشکراو بە پەنهانی بێت هەر قەدەغەیە.

بەگشتی ئەم چەمکە ئەوەمان فێر دەکات تا بتوانین بە بە مێشکی ساغ و لەشەی باش لە ناو کۆمەڵگەدا بێنە ناو هەموو کایەکان !.

وە فێرمان دەکات هەرچی پاك بوو ئەوا حەڵالە وە هەر شتێك پیس بوو ئەا حەرامە.

# ڕێزلێنان لە مافی مرۆڤ

ئیسلام گرنگی و بەیەخێکی زۆری داوە بەتاك و بەماف و ئازادی و سەربەستی و ڕێزی کەسایەتی وی چ نێر و چ مێ، خوای گەورە دەفەرمێت:

{ وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلاً}

واتا: ( ئێمە ڕیزو حورمەتمان لە ئادەمیرزاد گرتوە هەڵمان گرتوون لە وشکایی و دەریاداو لە خۆراکێکی خۆش وبەتام ڕزق و ڕۆزیمان پێ بەخشیون، وە هەروەها ڕێزی ئەوانمان داوە بەسەر زۆربەی زۆری دروست کراوەکانی تر کە درستمان کردوون.

وە بە هیچ شێوەیەك جیاوازی لەنێوانی نێر و مێ نابینرێت لە مافی پاداشت و سزادا خوای گەورە دەفرموێ لەم بارەیەوە :

{ إِنَّ الْمُسْلِمِينَ وَالْمُسْلِمَاتِ وَالْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ وَالْقَانِتِينَ وَالْقَانِتَاتِ وَالصَّادِقِينَ وَالصَّادِقَاتِ وَالصَّابِرِينَ وَالصَّابِرَاتِ وَالْخَاشِعِينَ وَالْخَاشِعَاتِ وَالْمُتَصَدِّقِينَ وَالْمُتَصَدِّقَاتِ وَالصَّائِمِينَ وَالصَّائِمَاتِ وَالْحَافِظِينَ فُرُوجَهُمْ وَالْحَافِظَاتِ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيراً وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْراً عَظِيماً}

واتا: بەڕاستی بۆ پیاوانی موسڵمان وە ژنانی موسڵمان و وە پیاوانی بڕوادارو وە ژنانی بڕوادار، پیاوانی فەرمانبەرو ژنانی فەرمانبەر وە پیاوانی ڕاست بێژ و ژنانی ڕاست بێژ، پیاوانی خۆڕاگرو ژنانی خۆڕاگر، پیاوانی لە خوا ترس و ژنانی لە خوا ترس، پیاوانی سەدەقە

دەرو ژنــانی ســەدەقــەدەر، پیــاوانی بــەڕۆژو ژنــانی بــەڕۆژو، پیاوانێــك كــە داوێنــی خۆیــان بــەپــاكی ڕادەگـرن و ژنانێك كـە داوێـن پـاكن، پیاوانێك كـە زیـاد یــادی خــوا دەكــەن و ژنانێــک کــە زۆر زكـری خــوا دەكــەن، خــوا لێخۆشــبوون و پاداشتی گەورە بۆ گشتیان ئامادە كراوە هاوبەشن وەك یەک.

لێـرەدا گۆمـانی ئـەو گوماندارانــە بـەتـواوەتـی دەسڕێتەوە کـە دەڵـێن مـافی پیاو ژن وەك یەك نین.

## سیستەمی كۆمەڵایەتی

ئیســلام پــەیــامێكی كۆمــەڵایــەتیــەو ئامــانجی بنیاتنــانی كۆمــەڵگایــەكــی هــەروەزی یــەكگرتــوە و یــەكــانگیرە، كۆمــەڵێــك دروسـت دەكـات كـە تاكـەكـان یــەكســانن لــە بــەرانبــەر مــاف وئــەركــەكانــدا بــە دروســت كـردن و ئاراسـتە كردنیــان بــۆ خۆشــەویســتی و ســۆزو میهــرەبــانی، هــەرەوەز کــاری و دەســت گیرۆی یەك ترین.

خوای گەورە دەفەرمووێت:

{ وَتَعَاوَنُواْ عَلَى الْبرِّ وَالتَّقْوَى وَلاَ تَعَاوَنُواْ عَلَى الإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ}

واتــا :.....ئــەی مۆسـڵمانان، دەسـت و پشـتی یـەكتریـو یاریـدەدەری یـەكتـر بـن لــە ســەر كــاری باشــەو چاكــەو خواپــەرستی و تــەقوا، هــەروەهـا پشـتی یــەكتـر مەگرن بۆ كاری گوناهو تاوان و خراپە و دوژمنكاری ...

پێغەمبەر خوا دەفەمووێت:

**{مثـل المـؤمنين فـي تـوادهم وتـراحمهم وتعـاطفهم كمثـل الجسـد إذا اشـتكى منه عضو تداعى له سائر الجسد بالسهر والحمى}**

**واتـه: نمونـەو بـڕواداران لـه خۆشـەویسـتی و ڕەحـم و بـەزەیـی و میهـرو سـۆزی نێـوان خۆیانـدا چـەشـنی لـەشـە، كـه ئـەگـەر بێـت و ئـەنـدامێك لـه ئـەندامـەكـانی ئـێش و ئـازاری هـەبێـت و بیـەشـێت تـەواوی ئـەندامـەكـانی لـەش له تاو ئەو ئەندامه تاو دەگرێت و ئێشك دەگرن.**

**هــەروەهــا ئیســلام گرنگــی و بــەیــەخیشــی داوە بــە پــەیــوەندیــە كۆمــەڵایــەتیــەكـانی نێـو خێـزان و كۆمــەڵگــەو، خێزانــی بــه بناغــەی بنیـاتی كۆمەڵایەتی داناوە.**

## بونیادی خێزانی

**خێـزان لـەدیـدی ئیسـلامدا پایـەی بنچینـەیـی لـه دامـەزرانـدنی كۆمـەڵگـادا پێـك دێنێت،لــەبــەر ئــەم هۆیــە ئیســلام گرنـگیــی و بایــەخــی داوە بــه بونیادنــانی و ڕێكخســـتنی پــەیــوەندیــەكــانی نێــوان ژن ومێــرد ڕۆڵـــەكانیــان، وە پـەیـوەندیـەكـانی نێوانیـانی دانـاوە بـەوەی كـه پێوسـته لـەسـەر بنچینـەی خۆشــەویسـتی و بــەزیـی وسـۆزو میهـرەبـانی بێـت یـان ڕێـز گۆڕینــەوەی نێوانیان دابمەزرێت.**

**خوای گەورە دەفەرمووێت:**

**{وَمِـنْ آيَاتِـهِ أَنْ خَلَـقَ لَكُـم مِّـنْ أَنفُسِـكُمْ أَزْوَاجـاً لِّتَسْـكُنُوا إِلَيْهَـا وَجَعَـلَ بَيْـنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ}**

**واتـا: یـەكێك لـە نیشـانەو ئایـەتـەكـانی خـوا ئـەوەیـە كـەلـەخۆتـان نێـرو مێـی دروسـت كـردوە بـۆ ئـەوەی ببنـە هاوسـەری یـەكتـری تـا لـە پـەنـای ئـەو هاوسـەرایـەتییـەدا، ئـارام و ئـۆقرەی پێكـەوە بگـرن و بـە ئاسودەی بـژین جـا بۆ ئەم كارە خۆشەویستی و سۆزو بەزەیی خستۆتە نێوانتان.**

**هەروەها پێغەمبەر لەم باریەوە دەفرمووێت :**
**{ما بني بناء في الإسلام أحب إلى الله عز وجل من التزويج}**

**واتــا هــیچ بینایــەك و بونیادێــك نــەنــراوە لــە ئیسـلامدا كـە بـەئـەنـدازەی هاوســـەر گیـــری ژن خواســـتن و شـــو كـــرد لـــە لای خـــوای گـــەورە خۆشەویستر بێت.**
**هـەروەهـا دەبێـت ڕۆڵـەكانیـان لـە سـەر بنـەمـای خۆشـەویستی ڕیـز پـەروەردە بكەن تا كۆمەڵگەیەكی سەلیم دروست بێت كە دەفەرموێت:**

**{ وَقَضَى رَبُّكَ أَلاَّ تَعْبُدُواْ إِلاَّ إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَاناً}**

**واتـا : خـوای تـۆ ئـەی پێغـەمبـەر حوكمـو بڕیـاری داوە و فرمـانی كـردوە كـە جگـە لـەو كـەسێكی تـر نـەپـەرستن وبـەندایـەتـی بـۆ كـەس نـەكـەن جـەگـە لـەو،هـەروەهـا چاكـە لـەگـەڵ دایكانتـان باوكانتـان بكـەن وڕوفتارتـان جـوان بێت لەگەلیاندا.**

وە هـاروەهـا دەفرموێـت لــە باســی چاکــە لــەگــەڵ منالــەکانــدا پێغــەمبــەری (صلى الله عليه وسلم)ئازیز :

{أحبــوا الصــبيان وارحمــوهم، وإذا وعــدتموهم شــيئا ففــوا لهــم، فــإنهم لا يدرون إلا إنكم ترزقونهم}

واتــە: منــداڵانتان خــۆش بوێــت و ڕەحمیــان پــێ بکــەن و بــەزەییتــان بۆیــان بجوڵێـت، هـەروەهـا بـەڵێنـی شتێکیشـتان پێـدان وەفـا بکـەن بـەڕاپـەڕانـدنی شتەکـە بۆیـان، چونکـە هـیچ نـازانن و تـەنیـا چاویـان لـەدەستی ئێـوەیـە ڕزق و ڕۆزیان بدەن.

ئیسـلام هـەروەك نـەفـەقـەو خـەرجی کێشـانی منداڵانی بچـوکی لـەسـەر باوکـان پێویسـت کـردووە، لــەبــەر ئــەوەی کــە بێــدەســەڵاتــن لــە نــەفــەقــەو خــەرج کێشـانی خۆیـان، بـەوجـۆرەش نـەفـەقـەو خـەرجکێشـانی باوکانیشـی پێویسـت کـردووە لـەسـەر ڕۆڵـەکانیـان لـەکـاتی بێدەستەڵات بوونیـان لـەنـەفـەقـەو خـەرج کێشانی خۆیان.

## مافی دراوسێ

بۆ ئـەوەی کـە خێـزان ببـەسـترێت بـە خێزانـەکـانی تـرەوەو، پـەیـوەندیـەکـانی نێـوان سـاختاری کۆمـەڵایـەتـی لـەسـەر بنچینـەیـەکی پتـەودابمـەزرێت، ئیسـلام وەسـیەت و ڕاسـپێری کـردووە لـەسـەر دراوسـێ و ، لـەسـەر پـەیـوەنـدی و ڕایــەڵــی چــاك و، پاراســتنی مافــەکــانی: لــەم بــارەیــەوە پێغــەمبــەری خــوا (دروودو سڵاوی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت:

{ مازال جبريل يوصيني بالجار حتى ظننت أنه سيورثه}

**واتــە: بــەردەوام جــوبرەئیـل وەسـیەتـی پێـدەکـردم لــەســەر دراوســێ، ئیـدی وام گومان دەکرد کە ئیرس و میراتی لێدەبات.**

**هەروەها فەرمویەتی:**
**{مـن كـان يـؤمن بـالله واليـوم الاخـر فليحسـن ألـى جـاره ومـن كـان يـؤمن بـالله واليـوم الاخـر فليكـرم ضـيفه، ومـن كـان يـؤمن بـالله واليـوم الاخـر فليقـل خيـرا أو ليصمت}**

**واتــە: هــەرکــەســێ بڕوای بــە خـواو ڕۆژی دوایـی هـەیـە، بـا لـەگـەڵ دراوسێی خۆیــدا ڕەفتــاری چــاك و جــوان بێــت، هــەرکــەسـێکیش بــاوەڕی بــە خــواو ڕۆژی دوایـی هـەیـە بـا ڕێـز لـە میـوانی خـۆی بگرێت، ئـەو کـەسـەش بڕوای بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەیە با شتی خێر بڵێت یا با بێدەنگ بێت.**

## سیستەمی سیاسی

**ئــەم سیســتەمــە پــاش ڕێکخسـتن کۆمــەڵایــەتــی بــە ووردی ڕێکخســتوە، سەرەکی ترین بەشە لە بنەماکانی ئیسلامیدا.**

**خوای گەوەرە دەفرموویێت :**
**{ وَلاَ تَرْكَنُواْ إِلَى الَّذِينَ ظَلَمُواْ فَتَمَسَّكُمُ النَّارُ}**

واتـا ئـەی موسـڵمان پـەنـا مـەبـەنـە بـەر ئـەو كـەسـانەی كـە ستمكارن سـتەم دەكەن مەچنە ژێر باڵی ئەوان ئەو دەم ئاگر دەتان سوتێنێت.

لەم بارەیە پێغەمبەر دەفەرمووێت:

كانت بنو إسرائيل تسوسهم الأنبياء....

واتـا : پێغـەمبـەرانـی نـەوەكـانی ئیسـرائیل سیاسـەتیـان دەكـرد بـۆ ئـەوەی خـەڵكـەكـە بـەرێگـاوە بـەرن ئـەرك وپێویسـتیەكانیـان لـە ڕێگـای سیاسـەتـەوە بوو.

وە لـــە بـــەشـــەكـــانی ســـەرەوە بـــە گـــوێرەی پێویســـت سیاســـەتمـــان ڕوونـكردۆتـەوە.

## سیستەمی ئابوری

بـواری ئـابوری لایـەنێکـی گرنـگـە لـە ژیـانی مرۆڤایـەتـی دا لـەبـەر ئـەوە ئیسـلام ئـەم بـوارەی ڕێكخستوە، بـۆ ئـەم مـەبـەستەش موڵكایـەتیـی تایبـەت و گشـــتی، موڵكایـــەتـــی دەووڵـــەتـــی حـــەڵاڵ كـــردوە ڕێگـــایی بـــەم جـــۆرە موڵكایـــەتیانـــە داوە، لـــە لایـــەكـــی تـــرەوە شـــت شـــاردنەوە و مۆنۆمپـــۆڵ و دەسەڵاتی سەرمایەداری قەدەغە كردوە.

خوای گەورە چەند سیستەمێكی بۆ داناوە كە دەفەرمووێت:

**{ وَأَحَلَّ اللّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبَا}**

**واتـا: خـوا كـڕین و فرۆشـتنی حـەڵاڵ كـردوە ڕیبـاو سـودی حـەرام و قـەدەغـە كردوە.**

**وەهەروها دەفەرموێت : كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاء مِنكُمْ**

**واتـــا: بـــۆ بـــۆ ئـــەوەی مـــاڵ و دارای تـــەنهـــا لـــە دەســـتی دەوڵـــەمـــەنـــدو سەرمایەدارەكاندا خڕ نەبێتەوە.**

**بـــۆ ئـــەوەی بـــازاڕ مۆنۆمپـــۆل نـــەبێـــت لـــە داهـــاتودا لـــەباســـی دادگـــەری كۆمـەڵایـەتـی لـە ئیسلامدا بـە درێـژی باسـی مـەسـەلـەی ئـابوری دەكـەیـن وە لەباسی سیستەمی نوێی جیهانیدا زیاتر ڕوونەدەبێتەوە.**
**هـەروەهـا ئیسـلام تێكـڕای خـەڵكیشـی بـە یـەكسـان و بـە بـەرانبـەر دانـاوە لـە پێداویستیەكـانی ژیانـدا، بـەڵام لـەسـەر بنـەمـای كۆشـش و تـەلاشـی مرۆڤـەكـان بۆ هەوڵدانی خۆیان. وەك خوای گەورە دەفەرموێت:**
**{... فَامْشُوا فِي مَنَاكِبِهَا وَكُلُوا مِن رِّزْقِهِ وَإِلَيْهِ النُّشُورُ}**

**واتـا: ئێـوە بـە كـون و قـوژبن و بـەرزایـی و نزمایـیـەكـانی زەویـدا بگـەڕێـن لـە ڕزق و ڕۆزی و بـەرهـەمـەكـانی بخـۆن و سـوپـاس و ستایشـی خـوای گـەورە بكەن، چونكە دروست كراوەكان هەمووی دەگەڕێنەوە بۆ لای ئەو.**

# سیستەمی دادگایی

ئیسلام دادگای لە بەرپرسیارەکانی دەوڵەتی ئیسلامی داناوە، وە فەرمانی پێداون بە حەق و ڕاست و دروستی تا دادگەری و دادوەری بچەسپێت مرۆڤی بێتاوان هەتا بەڵگە و ئیدانەی تاوانبارکردنی دەسەلمێت هەر بێتاوانە، هەروەها نابێت بێتاوانێك بە تاوانی تاوانبارێك بسوتێت یان دەستگیر بکرێت.

خوای گەورە دەفەرمێت: {وَأَنِ احْكُم بَيْنَهُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ...}

واتا: ئەی پێغەمبەر لە نێوانی ئەو خەڵکەدا حوکم بکە بەوەی کە خوای ناردوویەتی (واتە بە قورئان)...

بۆ ئەم مەبەستەش چەندین یاسای دادگایی داناوەو، دادگایی بە بنچینەیەك لە بنچینەکانی پاراستنی کۆمەڵ ژماردووە، خوای گەورە دەفەرمویێت:

{ وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ يَاْ أُولِيْ الأَلْبَابِ...}

واتا: ئەی خاوەن ئەقڵ و هزرو هۆشمەندەکان حوکمی تۆڵەسەندنەوەو لەلایەن دەسەڵاتەوە لە بەرژەوەندی ژیانی ئێوە دایە.

# سیستەمی جیهادو خەباتگێڕی

ئەم سیستەمە ئیسلام بە سیستەمی جیهادو خەبات داینـاوە بۆ داکۆکی کردن لە ئایدیاو بیرو باوەڕی حەق و ڕاستی و ڕێزو کەرامەت و

**نیشتمان، بۆ بەرەنگاری و بەرهەڵست كردنی زۆرداران وە مل هوڕان و ستەم كاران بۆ ڕزگار كردنی مرۆڤ لە گومڕایی و چەوت ڕەوی تا كۆمەڵگا لەیەك نەترازێت.**

**خوای گەورە قانونی داناوە لەم بارەیەوە لە قورئاندا دەفەرموێت:**

**{انْفِرُواْ خِفَافاً وَثِقَالاً وَجَاهِدُواْ بِأَمْوَالِكُمْ وَأَنفُسِكُمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ...}**

**واتا: بۆ جەنگین لە دژی خوا نەناسان بارسووك و ئامادەو پڕچەك بچنە دەرێ (واتە بە لەشكری پیادەو سوارەی ئاسان یا سەنگین) و، لە ڕیگای خوادا بە ماڵ و گیان جیهادو خەبات بكەن و بجەنگن.**

**هەروەها بانگەوازیش بۆ ئاشتی و لێكگەیشتن دەكات و دەفەرموێت:**

**{ وَإِن جَنَحُواْ لِلسَّلْمِ فَاجْنَحْ لَهَا وَتَوَكَّلْ عَلَى اللّهِ....}**

**واتا: ئەگەر دوژمنان دەست و باڵیان ڕاكێشا بۆ ئاشتی، تۆیش باڵی بۆ ڕابكێشەو لەسەر خوا پشت ببەستەو كاری خۆت بەو بسپێرە...**
**هەروەها فەرماندان بە چاكەو ڕێگری كردن لە خراپەشی فەرزو پێویست كردووە، لەبۆ چاك كردنی كۆمەڵگەو پاراستنی لە فەسادو خراپەكاری و هەرەسهێنان، هەڵسان بەم كارەش لە ڕێگای كاری تاكیی یاخود پێكهێنانی كۆمەڵەو چەند ڕێكخراوە یا ڕۆژنامەو هۆكارەكانی ڕاگەیاندن چ بینراوەكان و چ بیستراوەكان و نمونەكانی تری ئەم هۆكارانە.**

**خوای گەورە دەفەرموێت:**

**{ وَلْـتَكُن مِّـنكُمْ أُمَّـةٌ يَـدْعُونَ إِلَـى الْخَيْـرِ وَيَـأْمُرُونَ بِـالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَـوْنَ عَـنِ الْمُنكَرِ وَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ}**

**واتـا: بـا لـە ئێـوە نـەتـەوەیـەك پێـك بێـت بـانـگـەواز بـۆ خێرخـوازی بکـات و، فـەرمـان بـدەن بـەچاکـەو ڕێگریـی بکـەن لـە خراپـە، چونکـە هـەر ئـەوانـە سەرکەوتوون.**

**ئـەمانـە بـوون گرنـگتریـنـی بنـەماکـان لـە پـەیـامی ئیسـلامییدا، کـە مـن پـێم خۆش بـوو بـە پوختـەیی و بـەکورتیی لـەم بابـەتـەمـدا پێناسـەیـان بکـەم و بـە خوێنەرانیان بناسێنم.**

# ئیسلام و ئازادی ڕا دەربڕین

**ئـاینی پیـرۆزی ئیسـلام لـە ڕووی ئـەزمـوونی بیـروڕا دەربـڕین دەوڵـەمـەنـدە لـە بـواری ئـازادی بیـرو ڕادا، ئـەو دەوڵـەمـەندیـەش بـە تـەنـهـا دەق نـین یـاخود هـەواڵ نـین هـەڵبژێـردرێن، هـەروەك چـۆن ئـەوە بـەشـێکە لـە بیـری یۆنـانی، بـەڵکـو ڕووداوی دیـاری کـراوی ڕاسـتی حاشـا هـەڵنـەگـری بـەدوایـەکـدا هـاتووە لـەسـەر پـەیـڕەو کردنـی ڕادەربـڕین و بیـروڕاووتن لـە سیاسـەت و زانست و تەواوی کاروبارەکانی ژیاندا.**

**لـە دەقـەکـانی قورئـانی پیـرۆزدا چـەنـدین ئایـەت دەبینینـەوە کـە هـانی ئـازادی ڕادەربـڕین دەدەن لـەوانـە خـوای گـەورە دەفرمۆێـت: {ادْعُ إِلِـى**

سَبِيلِ رَبِّكَ بِالْحِكْمَةِ وَالْمَوْعِظَةِ الْحَسَنَةِ وَجَادِلْهُم بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعْلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِ وَهُوَ أَعْلَمُ بِالْمُهْتَدِينَ} النحل125

دیارە لە دوای بانگەوازی دینی خوای گەورە کۆمەڵێك پرسیار ڕێگەت پێدەگرێت بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت دیرۆکیان لەگەڵ بکەن بە باشترین شێوە.

یان لە دەقێکی تردا دەفەرموێت: {لاَ إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ}البقره256
کەواتە تۆ ئازادی لە بیرو ڕای خۆت چونکە خوای گەورە هەڵبژاردنی داوەتە دەست خۆت، یان دەفەرموێت: { وَقُلِ الْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَاء فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاء فَلْيَكْفُرْ }الكهف29

ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ ئەوە ئێمە راستیمان بۆ ڕوون کردنەوە ئەگەر ئەتانەوێت ئیمان بێنن ئەگەر نا ئەوە لەسەر بیباوەڕی خۆتان ئەتوانن هەر بەردەوام بن.

بەڵام دیارە ئازادی لە هەموو بیرو ڕاکانی تر بریتیە لەوەی:

کە مافی بەرانبەرەکەت پێشل نەکەیت بەڵام لە لای ئێمە بە ناوی ئازادیەوە سوکایەتی بە پیرۆزیەکانمانەوە دەکەن کەچی ئەوەنیە کە دەزگایی پاراستنی مافەکانن بە دەمیانەوە پێ دەکەنن، بەڵکو هانیان دەدەن لەگەڵ ئەوەشدا بە مۆدێرن ناویان دەبن.

لــەکاتێــک ئــەگــەر موســڵمانێك بیــرو ڕای خــۆی دەرببڕیــت بــە دەیــان کــەس زیــت دەبنــەوە نــاوی تیرۆریســت و کۆنــەپــەرســت دەدەنــە پــاڵی لــە ڕاستیشــدا ئــەگــەر ئــەوانــەی کــە بانگــەوازی بــۆ ئــازادی دەکــەن بــە ئــارەزوی خۆیــان بیــرو بۆچــونی خۆیــان دەربــڕن و موســڵمان ســەرکــوت بکــەن بــە هــەمــوو هاوکێشــە زانســت و مــەعریفــەکــان ئــەوە ئێــوەن خــەڵکــی فێــری تیــرۆر دەکەن.

بــەوجــۆرە ئــەوە دەبینــین لــە نــاو ئــاینی پیــرۆزی ئیســلامدا کــە پشــت دەبــەســتێت بــە تێروانینــی ئــەقڵــی ڕەچــاوکردنی ســونەتــەکــانی خــودا لەخولقاندنی مرۆڤ.

وەلــە خــۆ نــەگرتنــی دەســەڵاتێکــی ئــاینی کۆنــکرێتیــە، کــە نابنــە هــۆی ڕێگــرتن لە ئازادی ڕادەربڕین، بەڵکو بەرگری لێ دەکات و بە پێویستی دەزانێت.

هــەروەهــا لــە بــواری سیاســی دا ئــەو ڕووداوانــەی کــە بــە دوای یــەك دا لــە جیهــانی ئیســلامی دا ڕووی داوە لــەووردتــرین کاروبــاردا دەلالــەت لــە کاروبــارەکــانی ئــازادی ڕادەربــڕین دەکــەن، لــە ڕوبــەڕوبوونــەوەی دادوەرەنــدا، لــەبــواری زانســتی دا بــە هــەمــان شــێوە مرۆڤــی موســڵمان بــۆ پــەیــڕەوکــردن و لــە ئــەســتۆگرتن وئاشــکراکردنی ڕاســتیەکــانی گــەردوونیــەت و کاروبــارەکــانی لۆژیــك و ئاشــکرایی بیــرو ڕادەربــڕین ،دۆزینــەوەی زانستەکان کە زۆربەیان لە سەر دەستی زانا موسڵمانەکان بوون .

لــەهــەمــان کاتــدا لــەنــاو ئــاینی ئیســلامدا بــڕوا کــردن بــە ژێــری لــە نــاو شــەریعــەتــی ئیسلامدا چــەســپیوە کــە لــە نــاو هــیچ ڕژێمێکــی ئــەم جیهانــە نــە چســپیوە، وەگرنگتــرین ( حصــانە)لــە ناوتاکــەکــانی موســڵماندا بریتیــە لــە بــەندایــەتــی و خــوا پــەرستی زیــاتر کــە فــەزڵــی خــەڵکــی تــەنها بــەخــوا پــەرستی

وتــەقوایــە دەدرێ،هــەروەك بــەخشــین ولێبــوردن بــەشــێکی ســەرەکیــە لــە شەریعەتی ئیسلامدا.

هـەرووهـا فـەرمـان بـە چاکـەو نـەهـی کـردن لـە خراپـەکـە کرۆکـی بـەرنـامـەی ئیسـلامە کـە پێغـەمبـەری بـۆ نـاردوە (علیـە سـلام) بـەگشـتی دەتـوانین بڵـێن ئــازادی دیــرۆك ڕادەربــڕین خــوای گــەورە دایڕشــتوە بــەڵام ئــەگــەر لــە سنورە دەرچـوە ئـەوکـات مـرۆڤ لـە یاسـایی دەر دەچێت و چـەنـدین بـواری ناوەزە بە سەریدا دەچەسپێت

ژیـانی وەك ئـاژەڵ بـە سـەر دەبات،یـان بـەدیـوێکی تـردا بڵـێن ئـەگـەر تـۆ ئـازادی ڕەهـا ت بـۆ خـۆت بوێـت لـە ڕاسـتیدا ئـەمـە پێشـێل کردنـی ئـازادی بـەرانبـەرکـەتـە کـە ئـازادی ڕەهـا هاتـە کایـەوە پیـاو پیـاو مـارە دەکـات ژنـیش بـۆ ژن بـە هـەمـان شـێوە یـان بـە هـەزاران شـتی نـاوەزەی تـر کـە ڕۆژانـە دەیبێستین و دەیبینین.
ئیمـامی غـەزالـی ڕەحمــەتـی خـوای لێبێـت دەفرموێـت:ئـا بـەمجـۆرە ئـازادیی بیــروڕا دەربــڕین دەبێتــە جــەوهــەری ئیســلام و ئیمــامی پێویســتیەکــە لــە پێویستیەکانی باوڕ پێکردن پێی .

کـەواتـە لێـرەوە بۆمـان دردەکـەوێـت کـە ئـاینی ئیسـلام دەرگـا بـەڕووی هـێچ کـەس داناخـات بـە مــەرجێك سـوکەیـەتـی بـە پیرۆزیـەکـانی نـەکرێـت لـە هـەمـوو دونیـاو فـەرهـەنگـەکـانی جیهانـدا هـەر وا بـووە ئـەگـەر تـۆ سـوکایـەتـی بکــەیـت ئــەوە پـی ناوترێـت دیـرۆك بـەڵکـو ئـەوە شـەرە وە سـەرچـاوەی زۆربــەی شــەرەکــانی دنیــا لــە ووتــەی ناشــرینەوە دەسـتی پێکـردوە جـا ئەگەر دەتانەوێت شەڕە قسە بکەین ئەوە فەرهەنگی موسڵمان نیە

ئێمــە لــەو شــەڕە پاشــەكشــێ دەكــەیـن وە بــە ئاشـكراش دەڵـێن ئێمــە پیـاوی ئەو شەڕە نین لەوەیاندا ئازایەتیمان پێناكرێ ئێوە قارەمانن تیدا .
وە خــوای گــەورە ڕێگــای لــە فرعــەون نــەگرتــوە بـۆ قســەو باســی خـۆی ئــازدی پێبــەخشــی وە لــە قســەكردنیــدا وە بۆمــان دەگرێتــەوە كــە دوای خوایــەتــی كــردوە وە بــەهــەمــان شـێوە زۆری تــر وەك نــەمــرود لــە گــەڵ ئیبــراهیم ســەلامــی خــوای لێبێــت كــەواتــە ئــازادی لــە ئیســلام دا ڕێگــای لێنەگیراوە..

# سیستەمی نوێ جیهانی بەرە كوێ

## جیهان گیری

بـۆ شـی كردنــەوەی ئــەم باســە پێوسـتـە تۆزێـك وورد تـر بچــەمــە نــاو باســەكــەوە رەهــەنــدەكــانی دیـاری بكـەیـن و بـەرو كوێمــان دەبـات ئاقارەكەی ڕو لەكوێیە
تــا بتـوانین لــە مێـژووی ئــەم بیـرەیـش تـێ بگـەیـن كـام تـا زۆر باسـێكی بەكەین
شی بكەینەوە.

## جیهان گیری چیە:

جیهــان گیــری فكرێكــی كۆنــە ، بــەڵام دیــاردەیــەكــی تــازەیــە وكـۆكراوەی هــەمــوو ئــەو فكــرە بــە نــاو پێشــكەوت و خوازنــەی گرتۆتــە خـۆ

لــەگــەڵ..ئــەو پێشــکەوتنــە تــەکنــە لۆجیایــە کــە ئێســتا شــا ڵاوێکــی بــازاڕی جیهانی داگیر کردوە.

بـەڵام نـاوی جیهـان گیـری نـاوێکی تـازەیـەو کـراوە بـە کـاڵاو بـەبـاڵای ئـەم بیرە.

وە بڵاو بوونەوی ئەم بیرە بە فراوانی لە سەرەتایی ساڵەکانی **90** دەســتی پێکــرد لــە ســەدەی بیســتدا پــەیــوەندیــەکــی گــۆڕاوی لــە ڕووی سیاســیەوە و ئــابوری و کۆمــەڵایــەتــی و ڕۆشــنبیری ،بــەقــوڵی جیهــان بەخۆیەوە بینیوە.
لــە ڕاســتیدا پێمــان خــۆش بێــت یــان نــاخۆش بێــت کاریگــەرێکــی خســتۆتە ســەر وولاتــانی دواکــەوت و لــەڕووی پیشــەســازیەوەبــە هــەمــان شــێوە وولاتانی بە ناو ئیسلامی، خەڵکی موسوڵمان.
لــە ڕاســتی دا جیهــان گیــری(العولمــة) ڕاســتیەکی حاشــا هــەڵنــەگرە لــە ڕووی پــەیوندیــەوە دەبێــت هــەمــوو لــەڕاســتیدا قوبوڵمــان بێــت.لــەگــەڵ ئــەوەشــدا جیهان گیری لە دووجەمسەرەوە خۆی دەنوێنێت..
ئەتوانین ناوی لێبنێین
یەکەم / پۆزەتیف(ئەرێنی)
دووهەم/نیگەتیف(نەرێنی)
لەم ڕوانگەوە دەتوانین شی بکەینەوە.

# سەرهەڵدانی جیهان گیری

***تێگەیشتن لەسروشتی جیهان گیری***

**هەر وەك لە پێشەوە باسمان کرد ئەم بیرە لە سەرەتای نەوەتەکاندا خۆی دەر خست زۆربەی زانایانی ئەم بوارە کۆك نەبوون لە سەر ئەو زاراوەی کەئێستا بەکاری دێنن بەڵکو ناوی (گەردونیەت)یان (هەسارەیی)لە تەنیشتی جیهان گیریەوە دانا بوو.**
**ئەم بیرە گواستنەوەی ئەو هێزو توانایانەیە کە لە خۆیەوە بگوێزریتەوە بۆ جیهان وە ئەمەش خاڵی سەرەکی جیهان گیریە**
**یان دەتوانین لە سێ خاڵدا کۆی بکەینەوە**
**1 نەهێشتنی سنور**
**2 کۆکردنەوەی رێکخراو پارت وکۆمەڵەکان ...لە ژێر سێبەری جیهان گیریدا**
**3 پەیوەندی مرۆڤەکان لە ڕووی فەرهەنگیەوە نەهێشتنی سۆزی ناسۆنالیستی و تێکەڵ بوون بە هەموو کلتورەکانی جیهان.**
**هەرچەندە ئەم بیرە زۆر کۆنە، بەڵام ڕۆژ ئاوا زۆر دەمێکە کاری بۆ دەکات بۆ ئەوەی بگاتە گۆڕینی ئەو لۆژیکەی کە پێشتر خەڵکی کاری بۆ دەکرد وە بیریان لە وە کردبووەوە کە چۆن بتوانن ڕێکخستنی جیهان بکەن گۆرینەوەی بیرو ڕاکان و هەروەها لە ڕووی ئابووریشەوە تا بتوانن یەکتری سودمەند بکەن بە واتایەکی**

تر خۆفەرز کردنە بە سەر هەموو بیرو بۆچونەکانی تردا کە ئەمەش لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا خۆی دەبینیتەوە.

یەکەم ( جۆرج لودج) دەڵێت جیهان گیری بریتیە لەچڕ بوونەوی پەیوەندیە کۆمەڵگایەکان لە جیهاندا وە پەیوەست بوون بەڕووداوەکان لە گۆشە نیگای جیهانەوە، واتا جیهان لە ناو لەپی دەستی خۆتا ببینەرەوە.

دووهەم ( رونالد روبرستون) دەڵێت جیهان گیری واتا ئەو نەشتەرگەریەیە کە هەموو جیهان بەیەکەوە دەبەستێتەوە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا وەك ڕۆشنبیری،ئابوری،ڕامیاری،تەکنەلۆژی وەهەروەها ژینگە.

سێهەم بریتە لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی جیهانی کە ڕێکخراوێکە راستەو خۆ پشتگیرە بۆ ئەم فکرە لە ڕووی ئابوری بۆ وولاتانی دواکەوتو لە ڕووی بەکارهێنانی ئەو تەکنەلۆژیایانەی کە ئێستا جیهان سودمەندە لێی، وەکاری ئەم رێکخراوە ئەوەیە کە ئاستی توانای مرۆڤەکان بەرز بکاتەوە تا بتوانێت کاڵا کانی بفرۆشێت.

چوارەهەم بریتیە لە جیهان گیری گەردوونی ئەمەش ڕەچاوی هیچ سنورێک ناکات بۆ دەست تێوەردانی کۆمەڵگا لە ڕووی ڕامیاری،ئابوری،رۆشنبیری تەنانەت مۆراڵیش.واتا دەسەلاتی دەوڵەت هیچ بایەخێکی نیە!.

کەواتە لێرەوە دەتوانین ڕەهەندی مێژووی جیهان گیری دابەش بکەین بە سەر چەند قۆناخێك دا.

ئەم ڕەهەندە مێژوویە لە کۆنەوە سەر چاوەی گرتوە بەڵام بەم شێوەی ئێستا گەشەی نەکردوە وە دەتوانین بڵێن بۆچونێکی کۆمەڵایەتی

ڕۆشنبیری گەردونیە لە جێگاو کاتی خۆیدا بە گوێرەی پێوستی بە نەشو نمایە.

لە پێنج قۆناغی سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە..

قۆناغی یەکەم بریتیە:لە کۆرپەلەیی

واتا قۆناغی تەکوین کە بەردەوام بوو ئەم قۆناغە لە ئەوروپا تا سەدەی پانزدەو نیوەی سەدەی هەژدە، گۆڕانکاریەکی باشی بەخۆیەوە بینی بە فراوانی لە

گۆمەڵگای نەتەوەی گۆشەنگای کاسۆلیکیەوە وە بووە بیرێکی مەرکەزی جیهانی، سەرەتایی جوگرافیایەکی پێشکەوت و
لە ڕوانگەی مرۆڤیەتیەوە بیرێکی نوێ بوو بە هیومانیتزم ناوبرا یان بەسەردەمی لەدایک بوونەوە ڕێکخستنەوەی گۆمەڵگای ڕۆژئاوا لە سەر بوونیادی نەتەوەیی کە ئەمە سەرەتا بوو بۆ نەشو نماکردنی بیری جیهان گیری بەڵام بە ڕوویەکی تردا.

***قۆناغی دووەم بریتیە: لە پێگەیشتن***

دەست پێکردنی ئەم قۆناغە لە ئەوروپا لە ناوەراستی سەدەی هەژدەوە تا حەفتاکانی سەدەی نۆزدەی بەخۆیەوە بینی کەبە گرنگترین قۆناغ دادەنرێت کە کۆك بوونە لەسەر ئەو بنەما فکریانەی کە دەووڵەتان ڕێکەوتنامە ی پەیوەندەکانی خۆیان بەشێوەیەکی ئاشکرا گرێدا وە کۆمەڵێك لە پرۆتۆکۆلاتی مرۆڤایەتی ئەو سەردەمە ئیمزا کرا وە پەیوەندیەکی باش لە نێوان دە وڵەتانی تری دونیا دروست کرا لە سەر بنەمایی نەتەوەیی و جیهان و ئابوری هەر چەند کۆمەڵێك کێشە

دروست بوو لە نێوان دەوڵەتانی ئەوروپی و دان پێدانانی دەوڵەتانی تری جیهان لەلایان ڕۆژئاواوە.

**قۆناغی سێهەم بریتیە: لە قۆناغی دەرچون**

ئەم قۆناغە لە سەدەی نۆزدەوە دەستی پێکرد تا ناوەڕاستی سەدەی بیست. بڵاوبوونەوەی جیهان گیری لەم سەردەمەدا ناڕاستەوخۆ بە چوار ئاقاری گرنگدا خۆی دەنوێنێت ( کۆمەڵگای نەتەوەیی)،

(سیستەمی جیهانی کۆمەڵگاکان)، (تێگەیشتن لە مافی تاکە کەس)،

(تێگەیشتن لە مرۆڤایەتی) لەگەڵ ئەوەشدا مافدان بە تایبەت مەندی کۆمەڵگا نەتەوەییەکان وە توانای ژیان لەم کۆمەڵگایانەدا ئەگەرچی خاوەنی دوو ...

ناسنامەی جیاوازیش بێت. لێرەوە دەست پێکردنی خاڵی دەرچوونە تازە کردنە وەی فکری مرۆڤایەتییە لە گەڵ جێبەجێکردنی دا . بەڵام ئەمە بووە هۆی کۆچێکی جیهان گیری هەرچەندە شێوەی پەیوەندی پەرەی سەند بە شێوەیەکی بێ شومار توانی گەشەیی پەیوەندی جیهان گیری گەردوونی دروست بکات وەك

یاری ئۆلمپیات،خەلاتی نۆبل... بەڵام ڕووداوی قۆناغی جەنگی جیهانی یەکەم ڕویداو( عصبةالامم) دروست بوو.

***قۆناغی چوارەم بریتیە:لە کێشەی گرتنە دەسەلات***

بەردەوام بوو ئەم قۆناغە تا سەدەی بیست و ساڵەکانی شەست جیاوازی بیرو بۆچونە جیهانیەکان و دروست کردنی میحوەری هاوپەیمانی و جەنگی سارد و پاشان دروست کردنی بۆمبی ئەتۆمی،

هەڵدانی مانگی دەست کرد و چوونە سەر مانگ، دروست بوونی دەسەڵاتی نەتەوەیەگرتوەکان، سەر هەڵدانی جیهانی سێهە م.

**قۆناغی كۆتایی بریتیە: لە قۆناغی دڵنیا نەبوون:**

**دەست پێكردنی ئەم قۆناغە لە شەستەكانە وە دەست پێدەكات لەدوای دروست كردنی چەكی ئەتۆمی و كیمیایی،بایەلۆژی . خۆكردن بەماڵی ڕۆشنیریە جیهانیە كاندا وە بڵاو بوونەوەی سیستەمی مافەكانی مرۆڤ و گرنگی دان بە شارستانیەتی فەلسەفەی دامەزراندنی چەندەها ڕێكخراوی پیشەی و كۆمەڵەكانی مافی مرۆڤ لە جیهاندا پاشان ڕوخاندنی سۆڤیەت و ڕوخاندنی دیواری بەرلین وە پاشان گرنگی دان بەسەرمایەكانی جیهان خستنە گەڕو نەهێشتنی دەوڵەتی نەتەوەی و دروست كردنی فابریكی گەورە پێكهاتەكەی لە كەمە نەتەوەیەكان**

**بڵاو كردنەوەی فكری كاپیتالیزمی پشتگیری كردنی وە گەورەكردنی شۆڕشی پیشەسازی بە هەموو ووردەكاریەكانیەوە لەڕوی كیمایی،ئەلكترۆنی.پەیوەندی هەموو تەكنەلۆژیاكانی سەردەم وە بۆیە دەڵێن ئابووری پشتگیرێكی تەواوی جیهان گیریە وە فراوان كردنی بازاڕی جیهانی پێشبڕكێ كردن تیدا(1947)لەم ساڵەوە توانرا بازاڕی جیهانی بۆ جیهان گیری ئامادە بكرێت وە خۆسەپاندنی و دروست كردنی ڕێكەوتن نامەی بازاڕی جیهانی كە لە ساڵی (1950) بریتی بوو لە(308)بلیون دۆلار، بەڵام تا ساڵی (1993) گەیشتە (3.80) ترلیۆن لەگەڵ زیاد بوونی قەرزدا ئالێرەوە بۆمان دەر دەكەوێت كە بازاڕی جیهانی پشتگیری تەواو وە بە دڵنیا بوونیشەوە بۆ جیهان گیری ئەم فابریكانە كە خاوەنەكانیان خاوەنی ناسنامەی جیاوازن و هەر ئەوانیشن سەركردایەتی جیهان گیری دەكەن واتا دەست كەوتە نیشتیمانیەكان بوون بە دەسكەوتی جیهانی وە دروست بونی ئەو كارگانە پێك هاتەكەی ...**

هەموو خەڵكی ناسنامە جیاوازن تا كۆمەڵگایەكی مەدەنی هاوچەرخ پێک بێت دوور لە تەسك بیری نەتەوەی لە دروست بوونی ئەم ئەم بیرە (35.000) نوسینگە دروست بووكە پێكهاتەكەی بریتیە لە خەڵكی ناسنامە جیاواز و(170.000) بەشی لە جیهاندا بڵاو بۆتەوە كە (300) لە ڕێژەكی زۆر سەرسوڕماندان كە دەتوانن داهاتی جیهان (25%) دابین بكات یان بڵێین پێوستیەكانی جیهان دابین بكەن. بەڵام لە هەمووی سەرسوڕهێنەر تر ئەوەیە كە زۆرینەی ئەو دامەزراوانە لە چوار ووڵاتی جیهانەوە سەرچاوە دەگرن ئەو ووڵاتانە برتین لە ووڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا،ژاپۆن، ئەڵمان،سویسرا.كە نزیكەی (20.000) دامەزراوە لەوێوە سەرچاوەیان گرتوە.!

پاشان ووشەی جیهان گیری ئەم ووشەیە لە ڕاستیدا لە ووڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكاوە سەرچاوەی گرتوە كە پێ دەوترێت بە عەرەبی(العولمة) بەینگلیزی پێ دەوترێت.....
Globalization......
بریتیە لەبچوك كردنەوەی جیهان لە هەموو ڕووەكانی پێداوستی مرۆڤەوە وەك پەیوەندیەكان،ئابووری،ڕۆشنبیری.....هتد
لەم بەشەدا تەنها پێداچونەوەیەكی سانا بوو بۆ تێگیشتن لە جیهان گیری پاشان دەمەوێت بە خوێنەری ئازیز بڵێم كە بۆ سەرخستنی ئەم بیرە سێ دامەزراوەی سەرەكی جیهانی پشتگیری لە جیهان گیری دەكەن لەهەموو بوارەكانی وەك سەربازی،ئابووری،هەموو فەرهەنگەكانی تری .
یەكەم: سندوقی دراوی نێو دەوڵەتی
دووهەم: بانكی جیهانی

## سێیەم: ڕێكخراوی بازرگانی جیهانی

***John Balis and Steve smith (eds)The Globaliztion of World Politics,and introduction to internatonal Relations, London: Oxford Universtity Press, 1997,P.15***

***العولمة تعني: تكثيف العلاقات الاجتماعة عبر العالم حيث تترابط الاحداث المحلية المتباعيدة بطريقة وثيقة كما لو كانت تقع في مجتمع واحد.***

***خوێندنەوەیەكی ئایدیالی بۆ سیستەمی جیهانی نوێ(جیهان گیری):***

**ئەگەر لە ڕووە ئەندێشەیەكەیەوە سەیری بكەین هەموو پێكهاتەكانی بە كاڵاو باڵان .**
**دەیانەوێت ئەو مەبەستانەی كە خزمەتی كۆمەڵگا دەكات پێشكەشی كۆمەڵانی خەڵكی جیهانی بكەن .مەبەستاكانیش برتین:**

**یەكەم:كردنەوەی بازاڕێكی جیهانی كراوە كە بریتی بێت لە هەموو دامەزراوەكان و فابریكە كانی جیهانی تا وای لێ بێت تاكە كەسەكان و كۆمەڵگاكانیش بەشداربن بازاڕێكی یەكگرتوی جیهانی دروست بكرێت تا نزیك بوونەوەی جۆری نەتەوەكان و شارستانیەتەكان و ڕۆشنبیرەكان و بیری جیاواز كۆكردنەوە ئەوان و ئولفەت گرتن بەیەكەوە تا پیوەندیەكی باش دروست ببێت.**

**دووهەم : برتیە لە گەیشتن بە یەکی مرۆڤەکانی جیهان یەکسانی لە نێوانیانداو بڵاو کردنەوی داد پەروەری و کەمکردنەوەی جیاوازی گوزەران و بە پیادە کردنی دیموکراتی وە ڕێز گرتن لە مافەکانی مرۆڤ تا وای لێ دێت خۆشەوستی و بەزەیی دەکەویتە نێو خەڵکی و میللەتانی جیهان.**

***سێیەم:*** **بریتیە لەوەی دامەزراندنی جیهانێکی یەکگرتو لە ڕێگای کەرت بونەوە (جنس،سێکس) تا مرۆڤەکان وا هەست بکەن کە هەموو سەر بەیەك کۆمەڵگایی مرۆڤایەتین وە پشگیری جیهان بکەن لە هەموو ئەو کارەساتانەی کە ڕوو بە ڕووی جیهان دەبێتەوە.**
**هەموو تواناکان بخنە گەڕ بۆیارمەتی دانی دەوڵەتەکان وچالاکیەکی هاوبەش لەنێوان مرۆڤەکاندا دروست بێت.**

**چوارەم : بریتیە لە نەهێشتنی دەمار گیری لە نێوان مرۆڤەکاندا و پاکردنەوەیان لە نەژاد پەرستی و سەیر کردنی هەموو مرۆڤەکان بەیەك چاو بێ جیاوازی وە لەم ڕێگایەوە ناسنامە یەکی جیهانی بۆ خەڵکی دروست ببێت.**

**پێنجەم و خاڵی کۆتایی: بریتیە لە کۆکردنەوەی جیهان لە سەر یەك تاکە زمانێك کە مرۆڤەکان بەو زمانە بدوێن و وەهاروەها بەکار بێت بۆ هاوکێشە ژمارەیەکان و واتا ماتماتیک.ئەلیکترۆنیش.وە گرنگی بدرێت بە دامەزراوەی بڵاو کراوەکان وپیشەسازی و گۆڕینەوەی زانیاری.**
**لە ڕاستیدا ئەمە شکی تێدا نیە ئەگەر بگاتە ئەنجام کارێکی باشە بەڵام دەوڵەتانی جیهان ئەمەیان پێ پیادە دەکرێت،کە ئازادی و یەکسانی ئاشتی...هتد دابین بکەن بۆ خەڵکی؟**

**ئایا دەكرێت ووڵاتانی زل هێزی جیهان دەسەڵاتی خۆیان نەهێڵن لە سەر ووڵاتانی بچوك تر بە چاوێكی یەكسانی و ئازادی ...هتد؟**

**وە زۆر پرسیاری تر كە چاوەڕوانی وەڵام دەكەن هەموو دەستەو سان ماوین لە بەردەمیاندا وە ووڵاتانی دیكتاتۆری جیهان ڕازین بەوەی كە مافی مرۆڤەكان پێشێل نەكەن بۆنمونە مافی ئێمەی كورد بدەن ئەویش كە پروپاگەندە بۆ جیهان گیری دەكات لە پێش دیكتاتۆرەكانە وە مافی ئێمەیان خوارد؟!.**
**ئێستایش دەیانەوێت ئاستی ڕۆشنبیری جیهانی سێیەم بەرز بكەنە وە تا كاڵاكانی خۆیان بە سەرماندا ساغ بكەنەوە .**
**ئالێرەدا شتێكی ناوازە خۆی نیشان دەدات ئەویش بریتیە لە مۆنۆپۆل كردنی بازاڕ و مێشكی خەڵكی!.**

***ئەو دامەزراوانەی كە یارمەتی دەرن بۆ جیهان گیری:***

**لەساڵی(1944) كە كاتێك هاوپەیمانان لە كۆتایی جەنگی جیهانی دووەم دا پێویستیان بە ئابوری و یارمەتی دانی یەكتری بوو لەو كاتەدا كۆنگرەی (بریتون وودز) لە ووڵاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا هەر لەو ساڵەدا بەسترا.بڕیاڕیان دا(44) دەووڵەت كە سندوقی دراوی جیهانی دروست بكەن وە پاشان بانكی جیهانی دروست بكەن بە و مەبەستەی تا نمونەیی ئابوریان بەرز بكەنەوە تا ببێتە دامەزراوەیەكی جیهانی .**
**وە لە دوای ڕووداوەكانی جەنگی جیهانی دووەم ئەمریكا داوای كرد لە ووڵاتانی ڕۆژ ئاوا كە دامەزرێنەری سیستەمیكی بازرگانی لە جیهاندا**

دروست بکرێت وه له سەر داوای ئەمریکا گۆنگرەیەکی هاوبەش له لەندەن له ساڵی (1946)

گیرا وه ئەم کۆنگریه له جنێڤ له ساڵی(1947) به تەواوی داڕێژرا کۆتایەکی له پایتەختی کوبا له هاڤانا(24)مارس له ساڵی(1948) کۆتای هات ناو نرا به پەیمان نامەی هاڤانا یان پەیمان نامەی بازرگانی جیهانی . هەر چەنده ئەم پەیمان نامەیه لەلایەن ئەمریکاوه گۆڕانکاری به سەردا هات له ساڵی (1950) که لەدوایدا(8) گۆنگرەی تر بەسترا که کۆتایەکەی ساڵی (1986)دا بوو. وه پاشان به ڕازی بونی نوێنەری نەتەوه یەکگرتوەکان له جنێڤ بڕیاڕ درا له (15)
دیسەمبەری ساڵی (1993)دا وه داوای ساڵێکی تر له(15) ئەپریلی ساڵی (1994) له شاری مەراکیش
ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی دامەزرا دەست بەکار بونی به تەواوی له ساڵی (1995)دا بوو.

***نەخشەی دامەزراوەی ڕێكخراوی بازرگانی جیهانی:***



***GATT."FOCUS" GATT News letter,No. 107, May 1994***

***بەشی سێیەم***

***دەووڵەتە نەتەویەکان و سیستەمی جیهانی نوێ***

***نەهێشتنی دەسەڵاتی نەتەوەیی:***

**لە ڕاستیدا ئەو وولاتانەی کە دەیانەوێت سەروەری خاکی وولاتی خۆیان بپارێزن ئەمە لەسیستەمی جیهانی نوێ دا دەست ناکەوێت واتا سنوورهیچ بایەخێکی نیە جوگرافیای سیاسی تەنها لە سەر نەخشە دیاری دەکرێت وە لە هەمان کاتدا جوگرافیای سەربازیش دەورێکی سەرەکی نامێنێت تەنها بازاڕی ئابوری وولات دەپارێزێت.**

**دەسەڵات و حوکمڕانی وولاتی نەتەوەی کاپیتالیزم دەبێتە سەنگی مەحەك. ئەو تێگیشتنە کلاسیکیە نەما بۆ دەسەڵاتی دەووڵەت کە بتوانیت لە سەر خاکی خۆت ڕامیاری بکەیت .**

**لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە بڕیار درا کە کاڵا ناوخۆیەکان ببنە کاڵایی جیهانی بۆ ئەوەی بازاڕ یەک کۆمەڵگا سودمەند نەبێت ئەو ..کات بەرهەم هێنان زیاتر دەبێت. باشترین بەڵگەش دامەزراندنی بازاڕی ئەورپایی یەکگرتو، وە دامەزراندنی ئەنجومەنی ئەوروپی ، دامەزراندی دراوێکی یەکگرتو وەك ئیورۆ وە دامەزراندنی چەندەها دەمەزراوەی هاوبەش لەنێوان وولاتاندا. وە گۆڕانێکی خێرا بە سەر ئەورپایی ڕۆژهەلات لە ڕووی سیستەمی نوێ ی**

جیهانیەوە سەرەتایی دەست پێکردنی لە ساڵی*(1989)* بوو. وە لە دوای ڕوخاندنی سۆڤیەت لە ساڵی *(1991)*دا واتا روخاندنی دەسەڵاتی جەمسەری دووەهەم لە ناو چوو بەم گۆڕانی هاوکێشە سەربازیە
پێنج دەسەڵاتی نوێی جیهانی دروست بوو کە بریتی بوون *لە( ڕووسیا،ئەمریکا،`چین،ژاپۆن،ئەورپا* ) وە لە هەمووی گرنگ تر..ئەوە بوو کە عێراق وولاتی کووێتی داگیر کرد. وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە
سەرکردایەتی جۆرج بۆش توانیان لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانان کووێت ئازاد بکەن . سەرۆکی ئەمریکی جۆرج بۆش دەڵێت: دامەزراندنی سیستەمی
جیهانی نوێ لە و کاتەوە بەتەواوی سەر چاوەی گرت.

# چڕبوونەوەی پەیوەندیاکان

**دەزگایی زانیاری جیهانی(ئەنتەرنێت):**

ئەنتەرنێت بەیەکێك لە سەر چاوە گرنگەکانی جیهان گیری دەژمێرێت وە یەکێك لە شۆڕشە پیشەسازیەکانی سەردەم دادەنرێت. لەم ڕێگایەوە هەموو ئەو پرۆتکۆلانەی کە بە ژمارەی ئاماژەی بۆ دەکرێت مرۆڤەکان سودمەندن لێی وە توانای پەیوەندی کردن بە هەموو خانەکانی ئەو دۆسیەیانەی کە سەرچاوەی ئابووری و ڕۆشنبیری و فەرهەنگیەکانی تری ژیان، لەگەڵ ئە وخزمەتانەی کە پێشکەشی

مرۆڤایەتی دەكریت لە ڕێگای ئەم تەكنلۆژیا پێشكەوتوە وە دەتوانریت سوود وەربگیرێت لە خزمەت گوزاریەكی ئەنتەرنێت.كە بریتێن:

أ-پۆستی ئەلكترۆنی: گەیاندنی ئەو دۆسیە ژمارەیانەیە بە كاتێكی زۆر خێرا.

ب-گواستنەوەی دۆسیەكان: بە شێوەیەک لەم ڕێگایەوە كە دەتوانرێت بەرنامەكان سودمەند بێت. FTP

ج-Telnet
پەیوەندیە دوورەكان: ئەمیش بەكار دێت بۆ پەیوەندیانەی كە ژمارەیین.

د-Gopher
جوفر: دوسیەی زانیاری ڕێكخراوە كە بە گوێرەی ئەو پرۆتۆكۆلاتانە ڕێگا پێدراوە بۆ بە یەك گەیاندنی زانیاریە گرێدراوەكان.

ز-كۆمەلەی هەواڵ یان ماڵپەڕ:
ئەم كۆمەڵەیە بۆ بڵاو كردنەوەی هەواڵ و زانیاریانەیە كە ڕۆژانە بڵاو دەكرێتەوە .....هتد

ح-World Wide Web
ماڵپەڕی سەراسەری جیهان یان جاڵ جاڵۆكەی جیهانی فراوان:
ئەمیش پێداویستی هەموو دامەزراوە سەراسەریەكانی جیهانە .

# بازرگانی ئەلکترۆنی

لــەم ســاڵانەی کۆتــای ســەدەی بیســتدا بازرگــانی ئــەلکترۆنــی لــە جیهانــدا قــانزاجێکی بــاڵای بــەخۆیــەوە بینــی. وە شۆڕشــی پیشــەســازی ئــەو نمونــەی بــە خۆیــەوە نــەبینــی وە ئاســانکارێکی بــاش بــوو بــۆ خــەڵکــی لــە هــەمــوو جێگایەکی ئەم جیهاندا بەکار دەهێنرا.
بەتایبەتی لە ڕووی تەلەفۆنی دەستیەوە .

**ڕایەڵەی میدیایی گەردوونی**

دروســت بــوونی ئــە ڕایــەڵانــە لــە جیهانــدا بــۆ گۆســتنەوەی زانیــاری و هــەواڵ لــە ســەراســەری جیهانــدا وەك ئــەم ڕایــەڵانــە(ســی ئــێن ئــین) و (بــی بــی ســی) (جــەزیــرە) زۆری تــریش وە نزیــک بونــەوەی خــەڵکــی لــە ڕێگــایی ڕووداوەکانــەوە. وە دروســت بــوونی کۆمــەڵــە نــا حوکومیــەکــان دەورو کاریــان لــە ســەر جیهــان. وە لــە هــەمــوو گرنگتــر سیســتەمــی ژمارەییە(دیجیتاڵ).

**تێبینی:**
خوێنــەری بــەرێز لــەڕووی تــەکنیکی ئــەوبــەرنامــەنــەی کــە ئامــاژەم بــۆ کــرد مــن زانیــاری باشــم نــەبــوو لــە ســەر چۆنیــەتــی و کــەمیــەتیــەکــەی تــەنها وەک زانیــاری مــن ئامــاژەم بــۆ کــردوە بابــەتــەکــەی مــن تــەنهــا لێکۆڵینــەویــە لــە سەر دەمەزراندنی سیستەمی جیهانی نویَ.!

وە بۆ وەر گرتنی زانیاری سوودم لەم سەر چاویە وەرگرتوە!

**Giddens, Antony, The third Way:The Renewal of Social Demoocracy Polity press 1999.**

**ئەم سەرچاوە بەزمانی نەرویژی بڵاو كروەتەوە .**

**ڕەهەندی لایەنەكانی جیهان گیری: بریتیە لە جیهان گیری ئابووری ،ڕامیاری،كۆمەڵایەتی، ڕوشنبیری .**

**یەكەم : لایەنەكانی جیهان گیری ئابووری:**

**ئابووری جیهان گیری لە سەر بنەمای ئازادی بازرگانی جیهانی یە، واتا كاڵا و خزمەت گوزاری.**

**سەرمایەكان بڵاو بكرێتەوە بێ هیچ سانسۆرێك وڕێگیریەك لەسەر بنەمای بازارگانی جیهانی ئازاد ، بەرز كردنەوەی ئاستی بژێوی خەڵكی لە وولاتە دواكەوت وە كاندا لە سەر وە پەیمان نامەیەی كە پێی دەوترێت (الجات) وە بەكار هێنانی هەموو كەرسە خاوەكان بۆ دروست كردنی كاڵا جیهانیەكان و خزمەت گوزاریەكان وە هاندانی سەرمایەدارانی جیهانی بۆ بەكار هینانی سەرمایەكانیان لە جیهاندا.**

**لە هەمان كات كار ئاسانی بۆ گەیشتن بە بازاڕە جیهانیەكان وە بە دەست خستنی كەرسە سەرەتاییەكان .**

**لەگەڵ ئەوەیشدا كار كردن بۆ پەیوەست كردنی كارگەكان لەگەڵ بانكی صڕافی وە دروست كردنی پێشبڕكێ لە نێوان كەرتە گشتیەكاندا و وەك نمونە بەهێزەكانی جیهان (ماكدۆناڵ-دوجلاس)و(مارتین-ماریتیا)لە پیشەسازی وەپاشان(تشیر مانهاتن) وە (كیمیكاڵ بانك) لە كەرتی صەڕافی ئەمە تەنها لە وولاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا. پاشان بەكار هێنانی ئەم تێكلاو كردنەی بانك و كارگە بەهیزەكانی جیهان لە وولاتە**

پیشەسازیەکانی جیهاندا لە ساڵی (1999)دا ئەم تێکڵاو بوونە گەیشتە (2500) تێکڵاو بوون وە کار کردن بۆ ئەم کارە

سەرمایەکەی گەیشتە نزیکەی (411)ملیار دۆلار . ئەمەش بە سەرۆکایەتی دوو کارگەی گەورەی جیهانی (دیملر-کریزلر) کە کارگەیەکی ئۆتۆمۆبێلی ئەڵمانی ئەمریکیە.

ئەوەی شایەنی باسە وولاتانی پیشەسازی گەورەی جیهان لە دیسەمبەری ساڵی (1996)دا پێشنیاری ئەوە کرا ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی دابمەزرێنن لەمایو ساڵی (1998)دا ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری و گەشە پێدان درست بوو، بۆ پارێزگاری کردنی سەرمایە.

ئەم بیری جیهان گیری ئابووریە لەڕوانگەی ئەوانەوە باشترین کەرەسەی فکریە بۆ هەڵسانەوەی وولاتە دواکەوتەکانی جیهان لە سەر بناغەی فکری(الجات) ئەم بیرە فەلسەفیە واتا بەرز کردنەوەی ئاستی گوزەرانی هاولاتیان لە وولاتە دواکەوتوەکاندا بەرز بکرێتەوە.

دووەم: لایەنەکانی جیهان گیری ڕامیاری :

ئەم لایەنە هەڵدەستێت بە ئازاد کردنی بیرو باوەڕەکان و فیکرو بۆچونەکان وە ئازاد کردنی ڕێکخراوە پیشەیەکان ، دامەزراندنی پارتی سیاسی و هەڵبژاردن و ئازادی ڕەها بوون.

پاشان ڕوخاندنی سیستەمی دیکتاتۆری وە پشتگیری کردن لە دیموکراتی وە کار کردن بۆ یەکسانی و ڕێز گرتن لە مافەکانی مرۆڤ.

جیهانی گیری سیاسی وای کرد کە دیموکراتی لە زۆربەی وولاتانی جیهان بچەسپێنێت ، بەڵام فیکری دیموکراتی لە وولاتێك بۆ وولاتێکی تر دەگۆڕێت لە سەر بنەما یاسایەکان.

ئـەم دیموکراتیـە کـە جیهـان گیـری سیاسـی پشـتگیری دەکـات لـە زۆر بـەی وولاتـانی دواکـەوتـوی جیهـان وا خـەریکـە پیـادە دەکرێـت، وە بریتیـە لـە وەی کـە کۆمـەڵانـی خـەڵك خۆیـان ئـازادن لـە هـەڵبژاردنـی نوێنـەری خۆیـان وە نـەهێشـتنی تاکـە حیزبـی و بـڵاو کردنـەوەی فـرە حیزبـی لـە وولات دا بـۆ سـوود گـەیانـدن بـە نیشـتیمان و هاوولاتیـان وە ڕێـز گـرتن لـە مافـەکـانی مـرۆڤ وە ئـازادی سیاسـی لـە سـەر بڕیـارەکـانی نـەتـەوە یـەکگرتـوەکـان وە ئـەم ڕێکخـراوە دروست کـراوە بـۆ یارمـەتـی مرۆڤـەکـان وە بـۆ دەسـت تێـوەردان لـە وولاتـان ئـەگـەر ئـازادی مرۆڤـەکـان پێشـێل بکـەن نمونـەی ئـەمـەش وەك عێراق لە باکور پاراستنی کوردەکان لە باشوریش شیعەکان.

لـە (26) فێبرایوسـاڵی (1991)دا کـاتێ عێـراق کـە کـوێتی داگیـر کـرد وە بـەهـەمـان شـێوە لـە سـۆماڵ لـە سـاڵی (1993) دا بـۆ پاراسـتنی خـەڵکـی ئەو وولاتە لە برسێتی .

لــە ڕاســتیدا ئــەمــە دوو ڕوویــەکــی پێــوە دیــارە کــە ئــەگــەر ســەیــری سیاسەتەکانی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بکەین!!!!

سێیەم : لایەنەکانی جیهان گیری کۆمەڵایەتی :

لایــەنــی کۆمــەڵایــەتــی جیهــان گیــری بــە یــەکگــەیانــدن و نزیــك کردنــەوەی کۆمــەڵگاکانــە، وە نزیـك کردنــەوەی شارسـتانیەتیـەکـان و دروسـت کردنــی کۆمەڵگایەکی گەردونی نوێ .

بـە فـەلسـەفـەی جیهـان گیـری کۆمـەڵایـەتـی واتـا : بچـوک کردنـەوەی جیهـان و زانیـاری لـە سـەر هـەمـوو شارسـتانیەتـە جیهانیـەکـان لـە ڕووی تاکـە کەسی و کۆمەڵگاوە وە نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان مرۆڤەکان دا .

**دروست کردنی تاکە کۆمەڵگایەك بۆ بنیاد نانی خۆشەوستی و کارکردنە بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرە ئایین وپەرستنێك لە جیهاندا ، بۆ ئەوەی مرۆڤەکان فێربن باشتر کاڵا بە دەست بهێنن. وە دروست کردنی پێش برکێ لە نێوان کۆمەڵگاکاندا لە هەموو ڕوویەکەوە.**
**وە پاشان سڕینەوەی سنوورەکان لە داهاتوو دا ، دروست کردنی دەسەڵاتی تاکە کەسی وە نەهێشتنی بیری نەتەوەیی لە جیهاندا بە بێ ڕەچاو کردنی هیچ بیرو باوەڕێکی ڕەوشتی واتا توانەوە لە ناو حەزەکاندا. بە ڕاستی ئەمەش جێگای سەر سوڕمانە!!!**

**چوارەم : لایەنەکانی جیهان گیری ڕۆشنبیری**

**ئەم لایەنی جیهان گیری ڕۆشنبیریە خۆ سەپاندنە بە سەر هەموو شارستانیەتی جیهان ئەگەر ئابووری ئەم بیرە پیادە بکرێت بە ئاسانی خۆسەپاندی ڕۆشنبیری ڕوودەدات چونکە ڕۆشنبیری پەیوەندە بە هەموو فەرهەنگەکانی جیهان .**
**(ڕۆجیە گارودی ) بیرمەندی فەرەنسی دەڵێت جیهان گیری ڕۆشنبیری : ترسناکترین و وێران کردنی شارستانیە جیهانیەکانە**
**کە دووکەڵی خۆسەپاندنە بە سەر هەموو بیرەکاندا.**
**وە هەروەها ئاگادار کردنەوەکی جیهانی لە لایەن ..**
**(فیدریکو مایور) بەر پرسی یونسکۆ پێشوو دەڵێت لە سەر تایبەت مەندی ڕۆشنبیری جیهان گیری : ژیان نغرۆی هەمیشەی دەبێت بە مانای ئەوەی هەموو ڕۆژێك لاشەمان دەگۆڕێت، بیرمان دەگۆڕێت، لە ئەنجامی ئەم گۆرانکاریە نە ژەهری ڕۆشنبیری دەکەن بە کاڵاو دەیکەن بە باڵاماندا وە دەڵێت :**

لــە نــاو چــونی تــاکی ڕۆشــنبیرە، کۆمــەڵگاکــەیــەتــی، وە پێشــی وایــە دەســت درێژی کردنە لەسەر کەرامەتی مرۆڤ.

واتــا جیهــان گیــری ڕۆشــنبیری بریتیــە لــە مۆنۆپــۆڵ کردنــی بیــرو هــەســتی مــرۆڤ بــە پێــی ئــەو دامــەزراوە ئــابووری سیاســی کۆمــەلایــەتیانــەی کــە جیهان گیری پڕو پاگەندەی بۆ دەکات لە ڕێگای ئەوە پەخش دەکرێت.

وە بـــە بـــۆ چـــونی زۆربـــەی لێکۆڵـــەرەوانـــی جیهـــان گیـــری ڕۆشـــنبیری بریتیــە لــە ڕۆشــنبیری ڕۆژ ئــاوا لــە ڕووی زانســتیەوە و وەهــەروەهــا لــە مەیدانی پەیوەندیش دا.

ئــەمــەش دەگرێتــەوە بــۆ دەســەڵاتــی ئــەمریکــا لــە جیهانــدا لــە ڕووی پیشەسازی و موزیك و درامکانیان و جۆری پۆشاك و مێدیاکانی .

ئەمەش وای کردوە لە جیهان کە جێ دەستی خۆی پێوە دیار بێت

بۆ نمونــە ئــەگــەر ئــەمریکــا سانسۆر بخاتــە ســەر بــەنامــە و فیلمــەکــانی و هــەروەهــا موزیــك لــە جیهانــدا دەبێــت زۆربــەی کــەناڵــە کــانی جیهــان دابخرێــت لــە بــەر ئــەوەی دەزگــایی پــەخشــی بــاڵا ئــەمریکایــە، بــە تــەواوی کاریگــەری ڕۆشنبیری هەیە لە سەر هەموو ڕۆشنبیرەکانی جیهان.

لــە ڕاســتیدا ئــەم بیــرە زیــاتر پــە یــوەنــدی دارە بــە ئــابووری و کردنــەوەی بازاڕی ئازاد .

ڕۆشــنبیری جیهــان گیــری جیاوازیــەکــی تــەواوی هــە یــە لــەگــەڵ ڕۆشــنبیری نیشــتمانی لــە بــەر ئــەوەی ڕۆشــنبیری نیشــتمانی پــەیــوەنــدی تاکــە کــەســە لــە ســەر خــاکی خــۆی بــەڵام ڕۆشــنبیری جیهــانی واتــا یــەك جلــو بــەرگ یــەك بیــر کردنــەوی هاوبــەش هــەســت و ســۆزەکــان وەک یــەک دەبێــت ئــەمــەش لــە سەر ئەو بنەما پەیوەندەیە

**گــەورە جیهانییــەی کــە کــات و جێگــا ڕەچــاو ناکــات وەك مــانگی دەســت کرد، ئەنتەرنێت، تەلەفزون ...هتد**

**وە لــە هــەمــان کــات دا ســەفــەری زۆری خــەڵکــی لــە ڕێگــای فڕۆکــەوە نزیــك کردنەوەی ڕێگای چەند مانگە بە چەند کاتژمێرێك.!!!!!**

# تێڕوانینێك بۆ جیهان گیری

**لــە دوای تێــڕوانینم بــۆ ئــەم لێکۆڵینــە وە هــەروەك لــە پێشــەکــی یــە کــەی دا ئامــاژەم پــێ کــرد جیهــان گیــری لــە دوو جــەمســەری (ئــەرێنــی و نــەرێنــی) دایــە. هــەمــوو بیرێــك کــە دادەمــەزرێــت لــەســەر ئــەو بنــەمایــە کــاری بــۆ دەکرێــت کــە زۆرینــەی خــەڵکــی پیــادەی بکــات، جیهــان گیــری بیرێکــی هــەمــەلایــەنــەیــە بــۆ ژیــان ئــەتــوانین بڵێین خــاوەنــی فــەلســەفــەی تایبــەتــی خۆیــەتــی لــە بــەر ئــەوی کــەرت بــوونی خانــەی ســەرمایــەداری یــە و بــە بیری سەربازی پێچراوە .**

**کــەواتــە بــۆ برســی کردنــی کۆمــەڵگایــە لــە هــەمــوو ڕوەکانیــەوە ( لاشــەیــی، فکــری، ڕەوشــتی ..هتــد) جیهــان گیــری بێجگــە لــە دەمــەزراوەکــانی خــۆی هیچــی تــری پــێ قوبــوڵ نیــە وە دامــەزرانــدنی بــانکی جیهــانی هــەروەهــا سندوقی دراوی نێــو دەووڵــەتــی و ڕێکخــراوی بازرگــانی جیهــانی تــەنهــا بــۆ پیــادە کردنــی بیــری خــۆی و ڕووتانــەوەی وولاتــە هــەژارەکــانی جیهــان و زیــاد کردنــی ڕۆژانــە ئــەو قــەرزانــەی وولاتــە دواکــەوتــوەکانــە و ســەپانــدی (سوو) بــە ســەریانــداو بــە کــار هێنــانی خــەڵکــەکــانی بــۆ مــەرامــی پیشــەســازی خۆیــان وە لــە هــەمــان کــات دا بــە شــێوەیــەك دەیچــەمێنــەوە وە بیــری ڕامیاری ئەو ووڵاتە دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان.**

خـۆ ئـە گـەر ئـەو ووڵاتـە خـاوەنـی کـەرەسـەی سـەرەکـی نـەبێت ئـەوا هـەرچـی پاشـەڕۆی ئـەتۆمیـان هـەیـە ئـەو کـات دەیکـەنـە دیـاری بـۆ خـەڵکـی بـێ دەرەتـان..... ئافـەریـن جیهـان گیـری داکۆکیکـەر لـەمافـەکـانی مرۆڤ!!!!!

منـداڵ و پیـرو جـوان دەبێتـە قوربـانی سـەرمایـەدارانـی جیهـان گیـری نمونـە ی وەك ووڵاتـانی( مۆریتانیـا، کینیـا، کـەنـاری دەریاکـانی سـریلانکا، بـاکوری ڕوسـیا، فلیپـین، کـەنـاری نیـوە دوورگـەکـانی ئـەمریکـای باشور)..هتد

لـە بـەر ئـەوەشـە کـە مێـدیاکانیان کـۆنترۆڵ کـردوە بـۆ ئـەوەی بـا ئـارەزو خۆیـان پـڕو پاگـەنـدەکانیـان و ووشـەی بـاق و بریـق بـە چـەواشـە کـراوی بدەن بە گوێی خەڵکیدا.

وەلـە هـەمـان کاتـدا زەرەرو زیـانێکی گـەورەی دەبێـت بـۆ سـەر جیهـان. ژینگـە دەشـێوێنێت لێـرەدا بۆمـان دەر دەکـەوێـت جیهـان گیـری بانێکـە و دوو هەوا.

لـە ڕووی ڕامیاریـەوە جیهـان گیـری بـێ هیـچ پـەردەیـەك هـەوڵ بـۆ لـە نـاو بردنـی نیشـتیمان دەدات کـەچـی گێلـە پیـاوانی ناسـیۆنالیزمی کـوردی پشـتگیری لـە سیسـتەمـی نـوێ جیهـانی دەکـەن هـەمیشـە ووشـەی دیموکراسی بۆتە وویردی سەر زمانیان.

پاشـان ئـەوەی کـە خـاوەنـی تـەکنـەلۆژیـای سـەربـازی بێـت ئـەوە دەتوانێـت ڕێشمەی جیهان گیری لە دەستا بێت بە ئارەزوی خۆی پەخشی بکات

کـەواتـە ووڵاتـە یـەکگرتـوەکـانی ئـەمریکـا خـاوەنیـەتی بـە مانایـەی کـە ڕازی بین بە خواردنیان بە ڕوشنبیریان وە بە فەرهەنگە کۆمەڵایەتیەکانیان و

ڕەوشتیان لەگەڵ هەموو بەهاکانی تریاندا، بە واتایەکی گشتی بە جیهانی بوون نیە بەڵکو بە ئەمریکی بوونە.
وە لە ڕوانگەی ئابووریەوە سەرمایەداران جڵەوی دەسەلآت یان لە دەستایە وە دروشمی سەرمایەداری جیهانی بریتیە لە کاری خێراو سوودی زۆر بۆ ئەوەی نینۆکمان نەبێت سەری خۆمانی پێ بخورێنین بۆ ئەوەی لە تیکە نانێکی خیرا نان بخۆین وەک مەکدۆناڵ وە دەبێت دروشمی ژیان بریتی بێت لە کار کردن بە شێوەیەکی مۆنۆمپۆڵی تا مردن.

مامۆستا (عەلی باپیر) لە بابەتێکیدا لە سەر جیهان گیری دەفەرموێ هەمبەرگری خۆتان بۆ خۆتان، منیش دەڵێم برنج وفاسۆلیاکەی خۆمان بۆ خۆمان.
لە ڕاستیدا ئەگەر ڕامیاری و ئابووری هاوڕا بوون لە سەر بیرێك ئەوا کۆمەڵگا بەهەموو بنەما زانستیەکان لە سەر هێڵی شەمەند نەفەری ئەو بیرە دەڕوات کەواتە کۆمەڵگا لە ناویدا دەتوێتەوە وە بەها ڕەوشتیەکانی کۆمەڵگای جیهان گیری بەرەو کاڵ بوونەوە دەڕوات
نە ڕێز دەمێنێت نە سۆز وخۆشەویستی وە نە پەیمان هەموو لە سەر بنەمایی پارەو دەسەلآت کار دەکات.

ڕێڕەوی ژیان بەرەو یاسای دارستان دەڕوات ئەوەی پیادەی جیهان گیری بکات وەك ئاژەڵە لە ناو جیهانەکیدا.
ڕۆشنبیری تەنها لە ڕێگایی پەیوەندیە ئەلیکترۆنیەکانەوە دەبێت جەختی کاردانەوی ئەو ڕۆشنبیریە پەخش دەبێت کە وولآتی گەورەیی

**پیشەسازی لە کەناڵەکانی خۆیەوە پەخشی دەکات واتا ڕۆشنبیری ئەمریکی بوونە بە هەموو ماناکانیەوە ئەکات کۆنترۆڵی بیرو مێشکمان دەکرێت لەم فەرهەنگەوە مۆنۆمپۆڵ دەکرین ئەو کات ئازایەتی سەر بەرزی شەرەف مەندایەتی دەبێتە چیرۆکی بەر ئاگردان.**

**تێبینی:**
**جیهان گیری کارکردن نیە بۆ (ئومەمیەت) بەڵکو کار کردنە بۆ سەرمایەدارانی جیهان بوون بە کاپیتالیزم و لیبراڵیەت و هیچی تر.**

# به ئیسلام بوون یان به موسوڵمان بوون

**گومانی تێدانیە هەموو بەرنامەکانی ژیان هەوڵیان داوە بۆ بە جیهانی بوون.**
**لەڕێگایی پیادەکردنی ئەو بەرنامەیەوە کە مرۆڤ پیادەی دەکات بە گوێرەی ئە وهەلو مەرجانە کە دەڕەخسێت لە زەمینەی کارکردن بە خەڵکیەوە.**
**بەڵام ئاینی پیرۆزی ئیسلام گەردونیەتی خۆی دەسپێنێت بەسەر هەموو تاکەکاندا.. بێ ئەوەی هیچ زەرەرو زیانێك وە تەوازنێکی هەمەلایەنەی بۆ دادەڕێژت بێ ئەوەی کە تاکە کەس و کۆمەڵگا زەرەرمەند ببێت.**
**ئەم پیادەکردنە لە ڕێگای قورئانی پیرۆز و ناردنی پێغەمبەری (محمد) درووردو ستایش خوای لێبێت بۆ سازدانی زەمینەی سیاسی ئابووری ...هەموو فەرهە نگەکانی تری ژیان .**

چونکە مرۆڤەکان یەک خودا دەپرستن و لەیەك تاکە بەرنامە ژیانی خۆیان دادەڕێژن و لە ڕووی بەندایەتی و داب و نەریت و ڕۆشنبیری..هتد بەبێ ئەوەی هیچ نەتەوەیەك بتوێنێتەوە .

لەناو ئەم بیرەدا سەلمێنراوە کە هەموو نەتەوەکان لە ڕووی بەندایەتیەوە وەك یەکن بەڵام لە ڕووی کولتوری جلو بەرگ جیاوازن لە زەمینەی پیادەکردنیشدا ئەم ڕاستیە سەلمێنراوە موسڵمانی مالیزی لەگەڵ موسڵمانێکی پاکستانیدا جیاوازن یان تورکێك لەگەڵ فارسێکدا ..هتد ئەمانە لە فەرهەنگ و ژیاردا جیاوازن بەڵام لە بەندایەتی دا وەك یەکن.

وە لە ڕاستیدا خوای تاك و تەنها فێری کردوین کە دەفەرمێت (وجعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا) واتا وا دروست کراون کە جیاوازی نەتەوە بن بۆ فێر بوون لە یەکتری دەوڵەمەند کردنی ژیاری بەرانبەر.

لە ڕووی ئابووریەوە نە سەرمایەدار دەسەڵات دەگرێتە دەست وە نە هیچ کارگەیەکی گەورەی جیهانی دەتوانێت خۆی بسەپێنێت بە سەر مرۆڤ داو وە نەهیچ دامەزراوەکی تر بەڵکو هەموو بۆ خزمەت کردنی مرۆڤە وە ناهێڵرێت کە سەرمایەداری مۆنۆمپۆل چی دروست ببێت بە گوێرەی ئەو بنەما (فقە)یانە هەرگیز دەسەڵاتی سەرمایەداری لە ناو جیهانی ئیسلامیدا خۆی ناگرێت.

بۆ لێکولینەوە لەسەر ئەم بابەتانە فقهی ئیسلامی ئاماژەی بە هەمووی کردوە.

من لێرەوە داوا لە موسڵمانی خامە بە دەست دەکەم کە هەر یەکیان شارەزان لە بوارەکانی فەرهەنگی ئیسلامیدا با لە سەر بە جیهانی بوونی بنوسن. وە لە داهاتویەکی نزیکدا بەجیهانی بوونی ئیسلام باشتر شی دەکەینەوە زیاتر تەرخانم کردبوو بۆ باسی سیستەمی نوێی جیهانی .

# بەراوردێك لە نێوان
# ئیسلام وسیكۆلاردا

**ئەم بەراوردە تەنها بۆ تێگیشتنە لە ماهێتی ئیسلام و سیكۆلاردا تا باتوانیین كەم تا زۆر بە گوێرەی ئەوی كە دیخەمە ڕوو پارسەنگ بێت بۆ تێگەیشتن لە ئیسلام كات و سەردەمی هەر دوو لایان.**

**بەراورد:**

**ژیارو كۆمەڵگاكانی مرۆڤ لە سەردەمی دروست بونیەوە تا ئەمڕۆ بە چەند گۆڕانكاریەكی سەرسوڕماندا ڕۆشتوە!.**
**هەموو ئەو سەردەمانەش لە ڕێگای پێغەمبەرانەوە سەلامی خویان لێبێت كە لە لایەن خوای تاك و تەنیاوە پەیامیان بۆ هاتوە یان لە لایەن فەیلەسوفەكانی جیهانەوە مرۆڤایەتی بە ئاقاری گۆڕانكاری لە ڕووی سیستەم و دەسەڵاتەوە گۆڕاوە.**

**ئەوەی كە جێگای باس كردنە و بیری خوێنەرانی بخەمەوە ئەو دەسەڵاتانەی ناسراون ئەوانیش بریتی بوون لەو سیستەمانەی كە توانیویانە دەسەڵاتی حوكمڕانی بگرنە دەست وە كۆمەڵگا بە ڕێگاوە بەرن وە ڕۆڵیان هەبوە لە چەندین سەدەدا وەك (ئیسلام, لیبرالیزم, سۆسیالیزم, كۆنسێرڤاتیزم, ئەنارشیزم, فاشیزم, تیۆكراتی, ڕیالیتی, ئەرستۆكراتی, بلۆتۆكراتی, تیرانی, دیكتاتۆری, دیموكراسی, سوسیالیستی, دەسەڵاتی كڵێسا) وە زۆری تریش.**

**بەڵام ئەوەی كە شایانی باسە لەم لێكۆڵینەوەیەدا دەمەوێت ئەوە دەربخەم ئایا كێ توانیویەتی ناخی مرۆڤەكان بخوێنێتەوە تا بتوانێت دەستورو ڕێچكەی ژیانیان ڕۆشن بكات ئایا خوای پاك و بێگەرد یان فەیلەسوفەكان كە خاوەنی تیۆری سیستەمی دەسەڵات و كۆمەڵگا بوون كە توانیویانە ئەو ڕێچكەیەی دەسەلات لە دەوڵەت و كۆمەڵگادا كەم تا زۆر فەراهەم بێنن ڕۆڵی بەرچاوی ئەو خاوەن هزرانە وەك ( بلاتۆن, ئەرستۆتالیس, ماوردی, ئیبن قەیمی جۆزی, حامورابی, مەنو, جۆن**

لـۆك, ئێدمۆنـد بـۆرك, کـاڕڵ مـارکس, فرێـدریك ئـەنگڵـز, تۆمـاس هـۆبیس, لینـین, بـاکۆنین, میکـاڤیللی, دیـوجین, مێسـولونی وە هیتلـەر) هـەزارانـی تریش کە جێگا دەستیان دیار بوە لە ڕێڕەوی گۆڕینی کۆمەڵگادا.

ئێمـەی کـورد تـا ئێسـتا لـە گێـژاوی بـێ دەسـەڵاتـی و نـەبـونی قـەوارەی سیاسـی خۆیـدا دەسـوڕێنەوە وە هـیچ جۆرێـك لـەم تیـۆرو ئایدۆلۆژیانـە تـا ئێستا پیادە بکەین وە نامۆیە بە گەل و میللەتی ئێمە.
بۆیـە هـەمیشـە دەبـێ بزانین ئـەو بیـرو تیـۆرو ئایدۆلۆژیانـە بـۆ چ سـەردەمێـك نوسراوەو بەکار هاتوە.

وە پـێش تـریش دەبێـت لێکۆڵینـەوەیـەکـی(سۆسـیۆلۆژی) ت هـەبێـت بـۆ ناسـینی کۆمـەڵگـای خـۆت تـا بزانـی چـی دەرخـواردی کۆمـەڵگاکـەی خـۆت دەدەیت, ئایـا ئـەو کۆمـەڵگایـەی تۆ ئـەو ئایدۆلۆژیـەی بـۆی دەهێنـی چ جـۆرە کۆمـەڵگایـەکـە, کۆمـەڵگایـەکـی (هـەژارانـە یـان کرێکاریـە یـان جوتیاریـە یـان ڕۆشنبیریە وە یان دەیان یانی تریش)........
ئـەگـەر باشـە لـە کوێـوە سـەرچـاوەی گرتـوە وە چـەنـد سـەدەیـەك لـەمـەو بـەر نوسراوە؟
ئایا پێویستی بە چاك سازی هەیە؟!
مـن گومـانم نیـە لـەوەی ئـەگـەر بیرێـك زادەی مـرۆڤ بێـت دڵنیـام لـەوەی کـە مـرۆڤ هـەڵـە دەکـات بۆیـە مـن لێـرەوە دەسـت پـێ دەکـەم دەڵـێم سیسـتەم و دەسـتورێك باشـە بـۆ هـەمـوو مرۆڤـەکـان ئـەو سیسـتەم و دەسـتورەش دەبێـت لە لای کەسێکەوە بێت کە دروست کەری مرۆڤەکانە وە هەر ئەویش

دەزانێـت چ دەسـتورێك باشـە بـۆ مرۆڤـەکـان دەبێـت بپرسـین ئـەو کـەسـەش کێیە؟!
دەبێـت خـاوەن بیـرو هـزر بـەدوایـدا بگـەڕێـت تـا بـە ئـاقڵی خـۆی بتوانێـت خۆی بدۆزێتەوە.
ئـەم پێشـەکیـەم تـەنهـا سـەرەتایـەکـە بـۆ نـاو بابـەتـەکـە ئـەویـش دەمـەوێـت بەراوردێك لە دەسەڵاتی کڵێسەو شۆڕشی
لە بەرامبەریشیدا دەسەڵاتی ئیسلامی (renesance) .

بـێ گومـانم لـەوەی کـە لـە ڕۆژئـاواو خـەڵکـی ئـەو سـەردەمـەش کـە کڵێسـا حـوکمڕانی دەکـردن لـە تـەنگـەژەیـەکـی ئـابوری فیکـری فـەرهـەنگیدا بـوون, خـەڵکـی ئـەو سـەردەمـە کـەلـەپچـە بـوو بـوون بـە دەسـت حـوکمڕانی کڵێسـەو

پاپاکـان و بـەگـزادەکانــەوە لاتـان ئاشـکرایە کـەوای لێهـاتبوو بـەهـەشـت و جەهەنـەم لـەلایەن پیاوانی کڵێساوە کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکرا.

زەوی و زاری خــــەڵکــی لێقــــەومــــاو داگیرکرابــــوو بــــەهێـــز بێهێـــزی دەچـەوسـاندەوە بـەهاکـان کـەم بـوو بوونـەوە واتـە پاشا گـەردانیـەکـی تـەواو بـوو لام وابـێ ئـەو مێـژووی ڕۆژئـاوا زۆر ئاشکرایە با لـەوە زیـاتر مـرەکـەبـی جافـەکـەم تـەواو نـەبێـت وا بـزانم کـەم تـا زۆر لـە جیهانـدا ئـەو مێـژووە بـاش دەزانرێـت کــە دەســەڵاتــی ڕەشــی کڵێســا چــی بــە خــەڵکــی ڕۆژئــاوا نــەکـردوە.بـەهـەر حـاڵ دێمـە سـەر سـەدەی **14** تـا **16** کـە لـە سـەردەمـی دەورانی عەزەمەتی فەلسەفە,

بـەناوبانگـە, یـان پرشـنگی هیومـانیتی, یـان سـەر لـە نـوێ لـەدایك بوونـەوە (ڕێنـەسـانس) خـۆی ناسـاند. ئـەم سـەردەمـە بـە ئاقـارێکی زۆر گـران و تەماویدا ڕۆشت تا توانیان دەسەڵاتی کڵێسا لە ناو بەرن.

ئەو کارە کرا بەڵام لە بەرامبەر کێدا؟!
لـە بـەرانبـەر دەسـەڵاتی کڵێساو پیـاوانی ئـاینی ئـەو سـەردەمـە کـە لـە هـەگبـەی خۆیانــەوە بـۆ وویسـتـە قیـزەونـەکانیـان کۆمــەڵگایـان بــە ڕێگــاوە دەبــرد کێشەکە ئالێرەوەیە!
کاتێـك کــە هــەمــوو دەســەڵاتــەکــانی کڵێســە ڕووخــا وە لــە ڕووســیاش قـەیسـەرەکـان لـە چاخـەکـانی نـاوەڕاستدا لـە بـاکوری ئـەوروپاشدا دەسـەڵاتـی کڵێســا کــە ســنوریان زۆر جیــاواز تــر بــوو لــە ڕووی جیۆپۆلیتیکــەوە ئـەوانـیش بریتـی بـوون لـە پاشـاو دەوڵـەمـەنـدەکـان و بـەگـزادەکـان کـە کڵسـا پیـرۆزی دابـوو بـەوان ئـەوانـیش لـە نـاو چـون وەك دانمـارك کـە ئـەو وەختـە نـەرویـج لـە ژێـر دەسـەڵاتـی ئـەودا بـوو . وە کـە سـوید ئـەمـارەتێـك بـوو لـە ئـەڵمانیـا وە لـە فـەڕەنسـاش دەسـەڵاتـی گـەورەی پاپاکـان لـە نـاو چـوو لـە ووڵاتـی ئیتالیـادا چـەنـد دەوڵـەتێکـی جیـاوازی ئـاینی تێـدا دروسـت بـوو بـوو وەك ئێسـتا ئیتالیـای یـەکگرتـوو نـەبـوو ئـەو دەوڵـەتـە بـەناوبانگانـەش بریتـی بـوون لـە(میلانـۆ, فینیقیـا, نـاپۆلی, فـرین زە) وە دەسـەڵاتـی کڵێسـای ڕۆمـای ئەو سەردەمەش زۆر بە گران لە ناو برا.

ڕاستە لـەنـاو بـران هۆکـەشـی ئـەوە بـوو کـە دەوڵـەتـی پارچـە پارچـە بـوون وە بـۆ مانــەوەی دەســەڵاتــی کورســی خۆشـیان هــەمــوو شـتێك حــەڵاڵ کرابـوو بۆیە لە ململانێکاندا پوکانەوە.

لــە بیرمــان نــەچێت هــەندێ دەســەڵاتــی تــری کڵێســا هــەبــوون کــە کــەمێك باشتر بــوون وەك پرۆتســتانت و لــۆ پهریــەکــان, وە بــەرچــاو تــرین شــەڕی خوێنــاوی ئــەو ســەردەمــە لــە 1400 دا لــەشــکرێکی فــەڕەنســا شــاخی (ئــەلبــی) گــرت هــەمــوو خــاچ پــەرستــەکــانی ئیســپانیا و ئــەڵمانیــای تێــك شــکاند لــە 1527 دا گۆڕانکاریــەکــی گــەورە هاتــە پــێش ئــەویش ئــەوە بــوو کــە هــەمــوو پاپاکــان گیــران و زینــدانی کــران لـــە دوای ئـــەم گۆڕانکاریانـــەوە (میکــافیللی) ســـەر دەردێنــێ و کــەسێکە لــە بــەنــاو بانــگ تــرین مرۆڤــەکــانی ســەردەمــی خــۆی کــە تیــۆری ســایکۆلاریزمی لــە کتێبــی (میــر)دا بــۆ چونــەکــانی دەردەخــات. بــە هــەر جۆرێــك بێــت بــە دوای ئــەو فــەلســەفــەو کتێــب و مانیفێستانەدا نــاڕۆین کــە لــە دوای ڕووخــانی دەســـەڵاتــی پاپاکانـــەوە نوســراون و ووتــراون وە یــان لـــەو گــروپ و ڕێکخراوانــە ناکۆڵینــەوە کــە چیــان کــردوەو بــەرهــەمیــان چــی بــوە کــەم تــا زۆر لــەو ســەردەمــەدا کاریــان کــردوە, بــەڵام ئــا لێرەدا فــەلســەفــەکــەی( کانــت )م بیــر دەکــەوێتــەوە کــە دەڵێــت(ئــازا بــن و فێــربن) یــان (ئــازابن و ســود لــە عــەقڵتــان وەربگــرن) بــۆ وەڵامــی ئــەم پرێســتە وە بــۆ هــەمــوو ئــەو چــاك سازیانــەی لە

دوای کڵێســـادا کـــرا دەزانـــن کـــێ دروســـت بـــوو( هیتلـــەر و مێســـولونی و ســتالین) ســـەردەردێنن چیــان نــەکــرد بــە کۆمــەڵگــای خۆیــان و کۆمــەڵگاکــانی دەوروپشــتیان ئــەم پرســیارەش بــەجــێ دێڵــم بــۆ ســایکۆلاریزمەکــان بــە تایبــەت کۆمــەنیســتەکــان و سۆســیالیزمەکــان چونکــە ئــەوان زۆر پشــتگیری لــە بیــری عــەلمانیــەت دەکــەن خــۆ ئــەو کاتــە دەســەڵاتــی کڵێســاش نــەمــابوو ئــەو کوشــتن و بڕینــەی کــە لــە جــەنگــی جیهــانی دوەمــدا کــرا بــە درێــژای هــەمــوو دەســەڵاتــی کڵێســا ئــەوەنــدە خــەڵك برســی و ســەرمــا ڕەقــی نــەکردبونــەوە و لــە جــەنگیشــدا نــەکــوژران ئــەمــەش زادەی بیــری عــەلمانیــەت بــوو وە لــە بیریشــم نــەچــوە کــە دونیــاش پــێش کــەوتنێکــی زۆر ســەیــری بــە خۆیــەوە دی ئــەە بــوو چــەکــی ئــەتــۆم دروســت کــراو چــەکــی کیمیــای و دەیــان تــەکنــەلۆژیــای مــاڵوێران کــەری بە خۆیەە دی.

ئــالێرەدا بــا وورد بینــەوە لــەو مێــژوەی کــە بــەســەر ڕۆژئــاوا دا هــاتوە وەك ئامــاژەم بــۆ کــرد زادەی بیــری مرۆڤــەکــان بــوە تــا ئێســتاش کۆمــەڵگــای ڕۆژئـــاوا بـــە دەســـت گـــەنـــدەڵـــی خۆیانـــەوە دەنـــاڵێنن کـــە ســـەدان دیـــاردەی کۆمەڵایەتیان هەیەو وەك نەخۆشیە دەرونیەکان و لاشەییەکان.
وە پچڕانــدنی پــەیــوەنــدی لــە بــەرانبــەر یــەکتریــداو هــەڵــوەشانەوەی خێــزان و بەرەو ڕۆچونی تەواو دەڕۆن وە خاڵکانی تر جێگایان دەگرنەوە کە لە
بنچینــەدا خــەڵکــی جێگایــەکــی تــرن وە خۆشــیان ئامــاژەیــان بــەو ئامارانــە کردوە.

هـاواری لـێ هـەڵسـا کـە ئـەگـەر یـش لـە سـەر ئـەوە کـۆکن وە لـە سـاڵی 1995 دا ئەڵمانیا (Unicef,FN)
بێتـوو خـەڵکـی ئـەڵمانیـا پـەیوەنـدی خێـزان گـرێ نـەدەنـەوە و پابـەنـد نـەبن بـە بــەهــا ڕەوشــتیەکانــەوە وەکــو دەیناســور لــە نــاو دوچــن بۆیــە چــەنــد بـەرنـامـەیـەکیـان دەمـەزرانـد بـۆ سـەر لـەنـوێ پـەیوەنـدیو دروسـت کردنـەوەی خێزان.
ئــەوەی کــە باســمان کــرد ســەرەتایــەکــی بچـوك بـوو بـۆ هێنانـە نـاوەوەی عەلمانیەت واتە ( بە دنیای بوون).

ئێستاش لە وڵاتـی ئێمـەدا بانگێشت بۆ بـە دونیـای بـوون یـان سـایکۆلاریزم دەکرێ لە بەرانبەر ئەوەی ئیسلام پەراوێز بکەن.

تـا خـەڵکـی هـەمـوو بـەهـا ڕەوشـتیەکـانی خۆیـان بـدۆڕێنن نـە خێـزان بمێنـێ و وە مرۆڤـەکـانیش توشـی ئیفلیجـی ڕەوشـت بکـەن, وە لـە دەسـەڵاتـدا مـرۆڤ خـۆی خـاوەنـی دەسـتورو یاسـا بێـت تـا بـە بیری تـەسکی نـەخشـەو پـیلان بـۆ دواڕۆژ بکێشــن وەك( یــدام) چــۆن لــە (مجلــس قیــادە الثــورە) فــەرمــانی دەرئــەکــرد ئــەمــانیش لــە دەزگایــەکــی تــرەوە بــە ویســتی خۆیــان یاســای بۆگەنمان بۆ دەربکەن.

خوێنـەری بـەڕێـز لـە کـوردەواریدا پـەنـدێکی زۆر جـان هـەیـە کـە هـەمیشـە بـەکـار دەهێنرێـت ئـەویش ئـەوەیـە کـە دەڵـێن پـەنجـەکـانی دەسـت وەك یـەك نــین منــیش دەڵــێم ئــاینی مــەســیحی و جولــەکــەو زەردەشــتی و ئێزیــدی وە ئـاینی پیـرۆزی ئیسـلامیش .....هتـد, وەك یـەك نـین چـۆن دەبێـت بـەیـەك چـاو سەیریان بکرێت.
باشـترین بـەڵگـەش بـۆ ئـەم ووتـەیـەی مـن خـۆ ئـەگـەر لـە کـەسێکی سـایکۆلار بپرسی دیموکراسی و شوعی و فاشیزم و سۆسیالیزم و....هتد
ئایا وەك یەکن؟
مـن کومـانم نیـە کـە دەڵـن نـەخێر هـەریـەکـەیـان سیستـەمێکی جیاوازە وە هـەر بـەو تێڕوانینـە و بیـر کردنـەوە بـە فـەلسـەفـەیـەکی دیالێکتیکیانـە بـا گفتـو گـۆ بکـەیـن کـە خۆتـان بڕواتـان پێیـەتـی تـا بـۆ ئـەوەی بتـوانین پـۆلێنی ئاییـنـەکـان لــە ڕووی سیســتەم و دەســەڵات و چــۆنێتی بــەڕێــوە بردنــی کۆمــەڵگــاوە تاوتوێی بکەین.

نـەك بـەراوردی ئـاینی جولـەکـە یـان مـەسـیحی یـان ئیسـلام لـەگـەڵ یـەکتریـدا بکـەیـن, چونکـە ئێمـە خـاوەنـی ئـاینێکین کـەلـە هـەمـوو ئاینـە ئاسـمانیەکـان نـوێ

تـره کــه خــوای گــەوره بــۆ پێغــەمبــەرەکــەی محمــد (د.خ) نــاردوه کــه توانیویــەتــی چــوارده ســەده دەســەڵاتــی هــەبــێ و خــاوەنــی داهێنــان و پــێش کــەوتــن و دروســت کردنــی بیــری مرۆڤایــەتــی بــوه ڕاســته لــەوانــەیــه لــه ســەردەمی دەســەڵاتــی ئیسلامی دا کــەم و کــورتی هــەبــوو بێت بــەڵام خــەڵکی هەرگیز له

ئیســلام بێــزار نــەبــوون بــەڵکــو لــه دەســەڵات دارانــی کــه بــه ویســت و ئــارەزوی خۆیــان حوکمیــان کــردوه وه لــه فــەرمــانی خــواو پێغــەمبــەری خــوا لایـــان داوه تـــا بـــه تـــاوانی خۆیـــان خـــوای گـــەوره دەســـەڵاتـــەکـــەی پوکاندونەتەوه.

بۆیــه ئێســتاش لــه نــاو خــەلکــی موســڵماندا ئــەگــەر مامۆســتایەکــی ئــاینی بیــەوێــت موســڵمانان کۆبکاتــەوه دەتوانێــت لــه میمبــەرێکــی مزگــەوتــدا لــه یــەك مزگــەوتــدا ئــەوەنــدەی حــەوشــەی ڤاتیکــان کۆبکاتــەوه تــەنهــا لــه یــەك هــەفتــەدا یــان لــه مــەراسیمێکی دینیــدا ئــەمــه تــەنهــا بــەراوردێکــی لۆژیــك بــوو لــه ڕووی تیۆریــەوه, بــەڵام لێرەوه بــەراوردێکــی پراکسیز لــەگــەڵ ئــەو ســەردەمــەی کــه کڵێســا دەســەڵاتــی هــەبــوو یــان دەست پێکردنــی ڕێنــەســانس تێرامانیــك و وورد بینیــەك دەکــەیــن بــۆ ئــەوەی کــه کامیــان لــه تــەنگــەژەدا ســوڕاونەتــەوه و کامیان خاوەنی داهێنان بوون.
لــه ســەردەمی خــەلافــەتــی عــەباســی یــەوه دەســتپێ دەکــەیــن کــه **524** ســاڵ حوکمڕانی کردوه واته له(**132**تا **656**).

ئــەو کــەســانەی کــه دەیانــەوێــت بــەراوردێــك لــه نێــوانی ســاڵەکانــدا بکــەن بــا بــەراوردەکــه لــه( **656**ه) کــه یــەکســانه بــه **1258**ی زایینــی پــێش ئــەوەی بچمــه نــاو بابــەتــەکــەوه دەسەڵاتــی ئیسلامی لــه ســەردەمی خۆیــدا هــەرگیــز بــه نـــاوی وولات و خاکـــەوه نـــاو نـــەنـــراوه تـــا دەمـــارگیری فـــەرهـــەنـــگ و نــەتــەوایــەتــی لای موســڵمانان دروســت ببــێ هــەمیشــه نــەتــەوەی موســڵمان باوبوه فەرهەنگی

ئیســلامی لــه وولاتــانی عــەرەب و عــەجــەم دا وەك یــەك ســەیــر کــراوه بۆیــه زۆرینــەی دەســەڵاتــەکــانیش هــەر بــەنــاوی خــەلیفــەکــان نــاونراوه وەك لــه پێشــەوه ئــامــاژەم پــێ کــرد وه نــەبــێ بــێ کــەم و کــورتی بــوبێتن بــەڵام لــه چــاو ڕۆژئــاوادا سفر به سەد ئاماژەی بۆ دەکرێت.

بە گشتی خەلافەتی عەباسی بەسێ قۆناغدا تێ پەڕیوە بۆیە ساڵەکان ئاشکرا دەکەم بۆ ئەوەی سەردەمی ئەو وەختەی ڕۆژئاوا دیار بێت کە ئەوان لە چ تەنگەژەیەکدا بوون و سەردەمی عەباسی ئیسلامی لە چ سەردەمێکی زێریندا بوە.
یەکەم :سەردەمی یەکەمی عەباسی لە ساڵی( 132-232 ه) بووە.
دووەم :سەردەمی دووەمی عەباسی لە ساڵی( 232-590 ه) بووە.
سێیەم :سەردەمی سێیەمی عەباسی لە ساڵی (590-656 ه) بووە.

سیما تایبەتیەکانی بریتی بوون لەمانە
یەکەم :ڕابوونی ڕۆشنبیری بە تیبەتی لە سەردەمی یەکەمی عەباسیدا بووە, بەڵام زانستێکی تریان کە لە نێوەندی سەردەمی عەباسیەکاندا بووە کە بریتی بووە لە ڕابوونی زانستی ڕاستەقینە لە سێ لایەنەوە
آ- بزاڤی پۆلێن کردن

- داڕشتنی سیستەمی ئیسلامی (تنضیم العلوم الاسلامیه)
- گۆڕین لە زمانەکانی ترەوە (حرکه الترجمه من اللغات الاجنبیه) وەك (یۆنانی, ڕۆمانی, سریانی وە فارسی)

- بزاڤی پۆلێن کردن
بۆ شی کردنەوەی پۆلێن چەند نمونەیەك دەهێنینەوە
-بەناو بانگترین موصنف لەو سەردەمەدا مالیك بووە کە (مۆطآ) داناوە.
-إبن اسحاق سیرەی نوسیوە.
-آبو حنیفە فیقهی ڕەی داناوە.
-آبو جعفر المنصور ناسراو بووە بە ئاراستە کردنی زانایان بەرەو زانستە نوێکان و هاوکاری کردنی لە کاروانی زانستی و ئەدەبیە جیهانیەکاندا.
-لەم قۆناغەدا زانستەکان لە تەلقینەوە ( شفوی) چوونەتە قۆناغی نوسین و تدوین و هاوسەنگی لە کتێب و فەرهەنگەکاندا.
- داڕشتنی سیستمی ئیسلامی

-لەم سەردەمەدا زانستی تەفسیری قورئان (علوم تفسیر) لە دایك بووە وە هەر لەو سەردەمەشدا لە زانستی حدیپ (علوم الحدیث) جیا کراوەتەوە.
-چوار ئیمامە گەورەکە لەو سەردەمەدا ژیاون واتە کۆڵەکەو پایەی ئێستاشمانن لە ڕووی زانستە شەرعیەکانەوە.

**.1آبو حنيفه ( 150 ه) ژیاوه.**
**.2مالك ( 179 ه) ژیاوه.**
**.3شافعی (204ه) ژیاوه.**
**.4ابن خليل (241ه) ژیاوه .**

**-دوو قوتابخانەی گەورەی زانست دروست بوون.**
**.1آهل الرڕی له عراق**
**.2آهل الحدیث له مدینه**

**-زانستی زمان و نحو فراوان بوە دوو ئەکادیمی گەورە سەری هەڵداوە.**
**.1قوتابخانەی بسره**
**.2قوتابخانەی کوفه**

**زانایانی زمانەوانی لە بەسرە بریتی بوون لەم زانایانە کە زۆر ناسراو بوون**

**.1عیسی ابن عمران الپقفی (149هجری)**
**.2ابو عمر بن العلاء (154هجری)**
**.3الخليل بن احمد (175هجری)**
**.4سیبویه (180هجری)**
**.5یونس بن حبيب (182هجری)**

**زاناکانی کوفه بریتی بوون له**

**.1آبو جعفر الرءواسی**
**.2الکسائی**
**.3الفراء**

**كه ئاماژەیان لە 280ه دا بۆ کراوە**
**-زانستی مێژووی بە جیا بوونەوەی لە علمی تفسیرو علمی حدیث وە لە سیرە نوسینیش مێژوو سەربەست بوە.**

**محمد بن إسحاق (152هجری) دا سیره ی نوسیوه**

**آبن هشام له (218ه) دا کورتی کردۆتەوە**
**مێژوو نوسی بەناوبانگ محمد ابن سعد (230ه) پەیدا بوەو بە (کاتب الواقدی) ناوی دەرکردوە (الطبقات الکبری) داناوە کە بریتی بوە لە هەشت بەرگ .**

**بەشی کۆتایی سەردەمی عەباسی ئەویش سەردەمێکی گرنگ بوە بریتی بوە لە**

**ج- بزاڤی گۆڕین (ترجمه)**

**-ابو جعفر المنصور لە ساڵی 145ه بناغەی پایتەختی بەغدای داناوە وە زۆرینەی زاناکانی لەوێ کۆ کردۆتەوە بۆ هاندانیان بۆ کاری زمانەوانی.**
**-ئەو زانایانەی کە تەرجومەیان کردوە ئەمانە بوون**
**.1ابن المفقع کە کتێبی (کلیله و دمنه) ی لە 757 ز ترجمه کردوە.**
**.2دکتۆری نسگوریەکان (گورگیس بن بختیشوع) لە ساڵی 771 ز ژیاوە.**

**.3بختیشوع بن گورگیس 801 ز وە جبریل قوتابی بختیشوع بن گورگیس بوە لە ساڵی 809ز**
**کە خەریکی کاری وەرگێڕان بوون لەو سەردەمەدا بۆ زمانی عەرەبی و بە پێچەوانەوە بۆ زمانەکانی تریش.**
**.4حجاج بن یوسف بن مطر (786- 863ز) بە ناوبانگترین وەرگێڕی ئەو سەردەمە بوە.**

**-لەگەڵ وەرگێڕانی ئەو سەردەمەدا جێگا دەستی خۆیان دیاری کرد لە جیهانی ئەو سەردەمەدا.**
**-ئەوان ئەو کتێب و سەرچاوانەیان زیندوکردەوە کە لە چاخە تاریکەکانی ئەو سەردەمەدا (عێر الڤلام) ی ئەوروپادا وون بوون.**
**-لە عەرەبیشەوە بۆ زمانە لاتینیەکان ترجمه هەبوە وە کاری کردۆتە سەر ڕابوونی ئەوروپا (عێر النهڤە) واتە ڕێنەسانس.**

-لە سەردەمی عەباسیدا (بیت الحکمە) دامەزرا وەك کۆمەڵێکی زانستی بۆ لێکۆڵینەوەی زانستەکانی ئەو سەردەمە. لە سەردەمی مأمون و کوڕەکانی دا زیاتر بەرەو پێشەوە چوون, وە کاری ئەو کۆمیتەیە یان ئەو ڕێکخراوە بریتی بوە لە

ڕ- وەرگێران (ترجمە)
ب- ئەرشیفی کتێبەکان واتا هەڵگرتنی کتێبەکان
ج- بەرگ تێگرتنیان
د- تەفسیری ئاشکرای جازیبەتیان تیا کرد واتە تاقیگایەکیش بوو
ە- هێڵی پانی و درێژی زەویان دیاری کرد لەو تاقیگایەدا

ئەمە مشتێکە لە خەروارێك لە سەردەمی عەباسیەکاندا وە لە سەردەمی ئەمەویەکانیشدا خاوەنی داهێنانی بێشومار بوون, بەڵام لە بەر ئەوەی کە نزیك نییە لە سەردەمی ڕێنەسانسەوە تەنها تیشکێکی بچوکا دەخەمە سەر کە لە ساڵی 40ی هیجری تا ساڵی 132 هیجری بووە, وە ناوی ئەم خەلافەتەش دەگەڕێتەوە بۆ (بنی ئومیە) کە لە قوڕەیشیەکان بوون.
لەم سەردەمەدا پزیشکی باو بووە یەکەم نەخۆشخانەش لە سەردەمی (مقریزی) دروستکراوە.
(خالید کوڕی زید کوڕی معاویە کوڕی ابوسفیان) خۆی تەرخان کردوە بۆ زانستی پزیشکی وە بۆ یەکەم جار لەو سەردەمەدا وەرگێران کرا لە زانستی پزیشکیدا وە زۆر گرنگی درابوو بە زانستی کیمیاو گەردون و

ئیدارەی دەوڵەت, وە لە بەناو بانگترین پزیشك و زاناکانی ئەو سەردەمە بریتی بوون لە

1. ابن زهر ابو العلاء
2. ابو مروان عبدالملك بن زهر
3. ابو القاسم الزهراوی
4. ابن واحد الاندلسی
5. ابن رشد
6. ابن البیضار

وە زۆر کـــاری تـــریش کـــراوە کـــە جێگـــای ســـەرســـوڕمانە کـــە هـــیچ کۆمـەڵگایـەك ئـەو پێشـکەوتنـەی بـە خۆیـەوە نـەدیبـوو لـە سـەردەمـی هـیچ ئایدۆلۆژیایەکدا.
تـەنها لێرەدا دەمـەوێت تیشـك بخـەمـە سـەر ئـەو سـەردەمـەی کـە موسڵمانان جێگایەکیان دەگرت هەمیشە دەستی ئاوەدانی موسڵمانانی پێوە دیار بوو.
بـۆ نمونـــە دەوڵـــەتـــی الانـــدلس کـــە لـــە ســـاڵی 92ە-897ە بـــە دەســـتی موسڵمانانەوە بوە.

هـەشـت سـەدە فـەرمـان ڕەوایـیـان کـردوە کـە (طـارق کـوڕی زیـد) ڕزگـاری کردوە لە دەست خاچ پەرستەکان.

کـە سیمای ڕۆشـنبیری ئـەو سـەردەمـەی ڕۆژئـاوا بـوە کـە هـەمـوو شـازادەو بـەگـزادەکـانی ئـەوروپـا لـە زانکۆکـانی موسـڵمانـاندا فێـری زانسـت و زانیـاری بوون.
بۆیـە (مالـك ابـن بنـی) دەڵێـت دروشـمی ئـەو وەختـەی دەوڵـەتـی الانـدلس بریتـی بـوە لـە (یـەکتـا پـەرسـتی+ مرۆڤایـەتـی+ خـاك+ کـات = بـە ژیـار) , بـەڵام خۆتـان بـەراوردێـك بکـەن لـە نێـوان دەسـەڵاتـی ئیسـلامی و دەسـەڵاتـی سایکۆلاریزمیدا.
نمونـەیـەکـی تـر بریتییـە لـە دیمـەشق کـە لـە دەسـەڵاتـی ئیسلامدا ململانێیـەکـی زۆری لـەسـەر بـوە بـۆ خسـتنە ژێـر ڕکێفـی دەسـەڵاتـە ئیسلامیەکـان ئـەوانـیش کـە یـەك بـە یـەك خسـتویانـەتـە ژێـر ڕکێفـی خۆیانـەوە هـەمیشـە ئـاوەدانیـان کردونـەتـەوەو کردویانـەتـە فـەرهـەنگـی ئـابوری و زانسـتی و ئـەدەبـی و کۆمەڵایەتی.

لـەم سـەردەمانـەدا وەك باسـم کـرد جێگـای زانسـت و زانیـاری سـەردەمـی ژێردەسەڵاتی خەلافەتەکان بوە.

یـەکـەم پـێش کـەوتـن کـە بـە چـاوی خۆیـەوە بینـی دیمـەشق کـە لـە سـەردەمـی (اسـعد پاشـای عظـیم ) بـوو کـە لـە سـاڵی 1749 ز تـوانی بینـا سـازیەکـی زۆر جـوانی تێدا بکـات کـە جێگـای سـەرسـوڕمانی هـەمـوو ڕۆژئـاوا بـوو, وە هـەر لـە سـەردەمـی نوێشـدا 1831ز میسـریەکـان توانیـان بـازاڕی قـەشـەنـگ و کـاڵای جـوانی تیـا فـەراهـەم بهێـنن وە لـە دوایشـدا عوسـمـانیەکـان

گرنگیەکی باشیان پێ دابوو لە ڕووی زانکۆو قوتابخانەو شوێنە زانستیە کانەوە تا ساڵی 1918ز لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا مابوەوە.
بەڵام مەخابن 1920ز دا کە فەڕەنسا داگیری کرد مێژوەکەی زۆر ئاشکرایە کەچی کرد بە دانیشتوانی دیمەشق و لە مەدەنیەتەوە بردی بەرەو بەدەویەت.
لە بیرتان نەچێت ئەمە بۆچونی نوسەرە یەکێکە لە پرنسیپەکانی هزری نوسەر کە دەڵێم هەر دەسەڵاتە میللەت پێش دەخات وە هەر دەسەڵاتیشە میللەت دوا دەخات.

ئەم بەراوردە بچوکە کە من کردم تەنها بۆ بیر خستنەوەی موسڵمانان و وە بۆ عاقڵ کردنی گومڕاو سەر لێشێواوەکانە کە ئەوان پێیان وایە ئەم دونیایە تەنها پێنج و دوو ڕۆژێکەو بەرەو نەمان دەچێ ئێمەی موسڵمان دەڵێین ژیان کەمە بەڵام بێجگە لەم ژیانە گۆڕانکاریەکی کە دێتە پێش کە دەگەاێینەوە بەرەو ژیانێکی بێ کۆتایی بۆیە دەبێ هەمیشە مرۆڤی موسڵمان کار بۆ پاشەڕۆژو دونیاشی بکات کە ئێمەی موسڵمان پێمان وایە هەروا بە عەبەسی دروست نەکراوین بە ئاسانیش بەرەڵڵا نەکراوین تا خۆمان بە بیری خۆمان کاربکەین.
کارو فەرمانێکمان پێ سپێراوە کە پاداشتی چاکەو خراپەی لەسەر وەردەگرین لە لایەن دەسەڵاتێکەوە کە خاوەنی ئەم بونەوەرەیە ئەویش خوای گەورەیە.
ئەو خوایەی کە دەستورێکی پاك و پوختی ناردوە بۆمان کە هەموو دەستورنوسانی سەرزەوی و فەیلەسوفەکانیش نەیان توانیوە پەی بەرن بەو یاساو ڕێسایانەی کە خوای پاك و بێگەرد بۆ مرۆڤەکانی ناردوە بە پێغەمبەرە نازدارەکەیدا (د.خ) سورەتی ئیماندارا ئایەتی 115( افَحَسِبْتُمْ رِنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَرِنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ) واتا( ئایا وا هەست دەکەن کە ئێوە مان بێ هودەو بێ هیچ نیازێك دروست کردوە وە ئێوە بۆ لای خوا ناگەڕێنەوە).

وە لە کۆتایشدا ئەم ووشانەی إمامی علی ڕەزامەندی خوای لێبێت بابەتەکەی پێی کۆتای دێنم هەرچەندە لە بابەتێکی ئاوادا کە زیاتر ڕوون کردنەوەی دەوێت بۆ ئەو بەراورد کردنە, بەڵام بەجێی دێڵم بۆ خوێنەری بەڕێز تا خۆی بەشوێنیا بگەڕێ و وە ئەگەر من هەڵەیەکیشم کردبوو

**تکام وایە بۆم ڕاست بکەنەوە هەموو مرۆڤەکان خاوەنی هەڵەن تەنها خوای گەورە لە سەر ڕاستیە**

**لە هەموو بابەتەکەی من بریتیە لەم ووتانەی إمامی علی(خوای لێ ڕازی بێت) کە دەفەرموێت( الا وإن الآخره قدار تحلت مقبلە، و ان الدنیا قد ولت مدبره، و ان لکل منهما بنین، فکونوا من آبناء الآخره و لا تکونوا من ابناء الدنیا)ی (ئاگادار بن کە بە ڕاستی دواڕۆژ وا بەرەو ڕوومان هات, وە دنیاش وا پشتی تێکردین و کۆتای هات, بە ڕاستی هەریەکێك لەوانە نەوەو کوڕی خۆی هەیە, دەی ببن لە کوڕان و نەوەی دواڕۆژ و مەبن لە کوڕان و نەوەی دنیا)**
**خوێنەری بەڕێز لە هزرو مێشکی خۆتدا لێکی بەرەوە بزانە ئەو مێژوەی تەنها امامی علی رەزای خوای لێبێت بە درێژای هەموو مێژوی مرۆڤایەتی وە ئێمەی موسڵمانیش بۆ ئەوە کار دەکەین کە نەوەی دواڕۆژ بین.**

# مرۆڤایەتی بەرەوکوێ

**کێشەکان:**

**ڕژێمەکانی ئەم سەردەمە هەر لە سەرمایەداریی ڕۆژ ئاوا وە تا سۆشیالیستی مارکسی ڕۆژهەڵات، نەیانتوانوە گیرو گرفتی کۆمەڵایەتی و ئابوری مرۆڤایەتی چارەسەر بکەن بە شێوەیەکی ڕیشەیی و داد گەرانە، هەروەها نەیانتوانیوە بەختیاری و ئاسودەی ببەخشن بە مرۆڤ سەرەڕایی ئەم هەموو پێشکەوتنەی کە زانست لە زۆربەی بوارەکانی تەکنەلۆژیاو تەندرستی ژیری ئەلکترۆنی ئەتۆم و ئاسمان بڕین و ..هتد- کە ئێستاش هەر بەردەوامە لە سەر ڕێگایی پێشەکەوتنی خۆی.**

بەڵام ئەوەی کە چاوەڕوان ئەکرێت لەم ڕژێمانە، ئەوەیە چەند زانست پێش بکەوێت ئەوەندە باری ژیانی مرۆڤ ئاڵۆز تر دەبێت زیاتر دەیچەوسێنەوە، مەبەستم ئەوەیە کە زانست ئەو بارە نالەبارەی دروست نە کاردوە بەڵکو ئەو ڕژێمانەی ئێستا هەن ئەوان زانست بەرەو ئەو مەبەستانە دەکێشن.

وە ڕۆژ بە دوای ڕۆژ لە بری چارەسەری کێشەکان بێزاری و وەڕس بوون و نەخۆشی دەرونی کوێرەوەری ترس و لەرزین زیاتر دەبێت،وە مرۆڤایەتی بەرەو هەرەسی سەر لێ شێوان و لە ناو چون ئەچێت.

زۆر لە زاناکانی جیهان بە تایبەتی زاناکانی ئەوروپاو ئەمریکا هەستیان پێ کردوەوە هاواریان لێ بەرز بۆتەوە، کە فریاکەون مرۆڤایەتی لەم تانگ وچەڵەمەیە ڕزگار بەکەن، ئەویش بە هێنانە کایەی ڕژێمێکی کۆمەڵایەتی و ئابوری دادگەر، کەبتوانێت خەڵکی ڕزگار بکات لە گیروگرفتە ناهەموارانەی سەریان کردۆتە جەرگی مرۆڤ.!

ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە هۆی سەرەکی ئەم هەموو تەنگوو چەڵەمانە ئەویە کە ڕژێمە کانی ئەم سەردەمە {مادی} بێ باوەڕن، بەیەك چاو سەیری مرۆڤ دەکەن، یەك لای ئەبینن، ئەوەیش لایەنی مادیەتی .
ئیتر ئەوەیان پێ شێل کردووە و لە بیر خۆیان بردۆتەوە، کە مرۆڤ تەنها مادە نییەو بەس ، بەڵکو مادەو گیانە، وەگیان هەڵسوڕێنەرو لایەنی سەرەکی مرۆڤە

دکتۆر ئەلکسیس کاریل خاوەنی کتێبی {الانسان ذلك المجهول} لە کتێبەکیدا دەڵێ: پێویستە ئەم شارستانیەتە مادیە هەڵبگرێنینەوەو ڕێگایەکی تر بگرێنە بەر بۆ گەشە کردن و پێشکەوتن، کە لەسەر باوەڕ دامەزرابێت .

هەروەها پزیشك و زانای بەناوبانگی فەرەنسی دکتۆر شفیتزر ئەڵی : پێویستە ئێمە دان بەوەدا بنێین کە (فساد الروح) هۆی سەرەکی ئەم تەنگ وچەڵەمەو تێ شکانەیە کە توشی مرۆڤایەتی بووە.

وە هەر لەم بارەیەوە کۆڵن وڵسون ڕەخنە گری بەناوبانگی ئینگلیزی لە کتێبی-

{الامنتمی}دا دەڵێت : ئەو شارستانیەتەی کە تەنها پشت بە زانست دورر لە ئاین ، شارستانیەتێکە کە ناتوانێ زۆر بمێنێتەوە نمونەی سۆڤیەت، چونکە ئەو لە

بارو دۆخەی لێ ی پەیدا ئەبێت ناگونجێت لەگەڵ مرۆڤی خاوەن هەست ودووربیندا،وەهاروەها لەهەمان کتێبدا لەسەری ئەڕواو ئەڵێ: مرۆڤی ڕۆژ ئاوایی هەمیشە پشتی بەستووە بە ووزە ژیرییەکان {الطاقات العقلیة}ئەمەش هۆی پێشکەوتنی مادی یە لە ڕۆژ ئاوادا، بەڵام لەهەمان کاتا هۆی لەناو چوون و ڕوخانیەتی ، ئەو بەبێ کردووە، ئەو هێزە زیندوەی کە هۆی مانەوەی مرۆڤایەتی، وە بەبێ ئەوهێزە ووشەی پێشکەوتن تەنها گاڵتە پێ کردنە، بەڵکو ئۆتۆمبیلێك دەچێت کە بەنزینی پێدا نەبێت.

ئاشکراو بەڵگە نەویستە سەر چاوەی هەموو باوەڕێك ئاینە ، کە بتوانێت ڕێگای ژیانی مرۆڤ دیاری بکات و بی بەستینەوە بە سەرەتایەکی پیرۆزە وە کە بەختیارو دڵنیای بکات ،بۆیە دکتۆر بریل

دەڵێت:مرۆڤی ئایندار و خاوەن هەرگیز توشی نەخۆشی دەرونی نابێت،وە لە ژیانێکی ئارام و دڵنیادا ئەژین.
هەروەها فەیلەسوفی گەورە ئەڵێ: گەورەترین چارەسەری سەرسامی و بێزاری باوەڕە.
وەك خوای گەورە دەفەرموێت:
{ الا بذكر الله تطمئين القلوب.....}
واتە : بە یادی خوای پاك و بێگەرد دڵەكان ئارام دەبن..

ئینجا بەستنەوەی ژیانی مرۆڤ و ئامانجەکانی تەنها بە ژیانی مادی ئەم جیهانە وە، باوەڕ نەبونیان بە لێ پرسینەوە و جیهانێکی تر ، وە دانانی گەیشتن بە گەوەرە ترین قازانج و سودی مادی لە خواردن و خەوتن و ڕابواردن، بە مەبەستی سەرەکی ژیانی مرۆڤ لەم جیهانە دا، ئەمەیش مرۆڤی لە قاڵبێکا دارشتووە کە هیچ ئاواتێکی گیانی بەرزی نییە لە ژیاندا کە تێکۆشی بۆی،

وە ڕێبازێکی تایبەتی بۆ بگرێتە بەر ، لەبەر ئەوەیە هەرکاتێ گەیشت بە سودو مەرامە مادیەکانی ئیتر هیچ ئاواتێکی تری نامێنێکە هەڵی بۆ بدات لە ژیاندا.

نوسەری فەرەنسایی ئەندریە مۆرۆ ئەڵێ : کاتێ کە مرۆڤ گەیشت بە هەموو ئاوات و ئارەزەکانی ،وا هەست دەکات دڵتەنگترین کەسەلە جیهاندا ، چونکە ئاواتێکی تری نەماوە هەوڵی بۆ بدات .

ئــەمــەیــش بۆتــە هــۆی بێــزار ی و دڵ نــاڕەحــەتــی مــرۆڤ پــەیــدا بــونی گیروگرفت کە هیچ شتێك نییە پەنای بۆ بەرێت بۆ چارە سەر کردنیان.

وە لــە ئــەنجــامی ئــەم بــارە نالــە بــارە دایــە هــەمــوو ســاڵێك ســەدان هــەزار کەس بە زۆرداری ئەکوژرین لە ووڵاتە پێشکەوتوەکانی جیهاندا .

وە بــە دەیــان هــەزاریــش بــە دەستی خۆیــان دەکــوژن بــۆ ئــەوەی ڕزگاریــان بیت لــەو ژیانــە نائاسودەیــە کــە تێیــدا دەژیــن لــە گــەڵ ئــە ئامــارەنــەی کــە تۆمــار دەکریــت ڕۆژانــە لــە ئــەوروپــا و ئــەمریکــا و ئاسیای ئــەدنــا و وا خاریکــە دەکــەوێتــە نــاو ووڵاتــانی ئێمــەش بــە هــۆی دور کــەوتنــەوە لــە ئــاین ، ئێستــا لــە کوردستــان ئــافرەتــان فێــر بــون بــە ســرنج نــەوت لــە خۆیــان دەدەن بۆ ئەوەی بە بێ ئازار بمرن ئەمە ستایڵێکی تازەی مردنە !.

بــەستنەوەی مــرۆڤ بــە سوودی تایبــەتــی خۆیــەوە لــە سنوری جیهــانێکی ماددی دا

وە بــاوەڕ نــەبــوون بــە دوا ڕۆژێکــی هــەمیشــەیــی، وای لــە مرۆڤــی ئــەم ســـەردەمـــە کـــەردوە کـــە لـــە پێنـــاوی بـــەرژەوەندیـــەکـــانی خۆیـــدا ئامــادەیــە(میکیاڤیلیانــە) هــەرچــی ڕێگــا هــەیــە بیگرێتــە بــەر بــۆ گــەیشــتن بــە ئامانجــەکــانی، بــەبــێ ئــەوەی گــوێ بداتــە ڕەوایــی و نــاڕەوایــی بــا لــەســەر حسابی بەرژەوەندی خەڵکی تریش بێت.

لــە ئــەنجــامی سروشــتی ئــەو ڕێــژەمــە دەســت کردانــە بــەتایبــەت دوای بــەرپــابوونی شۆڕشــی پیشــەســازی لــە ئــەوروپاداو پــەیــدابوونی ئیمپریــالیزم و داگیرکــەران بــۆ خــواردنی بــەرو بومیــان و چــەوســاندنەوەی میللــەتــان بــۆ

سـودی خۆیـان، ئـەمـەش بـووە هـۆی بـەرپـا بـوونی دووشـەڕی گـەورەی جیهـانی کـە دەیـان ملیـۆن کـەسـی لـەنـاو بـرد وە لـە ئـەنجەمـی ئـەو جـەنگانـەشـدا دابـەش کردنـی وولاتـان و میللـەتـان بـە شـێوەیـەکـی نـاڕەواو دڕندانە کە مافی دەیان نەتەوەی تیا پێشێل کرا.

وا ئێستاش دەیانـەوێت هـەمـان کـاری سـەردەمـی پێشـو دوبـارە بکـەنـەوە لـە زۆر وولاتـی جیهانـدا چـەنـدەهـا میللـەت بـە شـێوەیـەکـی نـاڕەوا دەچەوسێنرێتەوە.

هـیچ مـافێکی نـەتـەوایـەتـی و نیشـتمانیان نییـە تـەنانـەت لـە زۆر وولاتـدا هـیچ جۆرە سەربەستی و هەتا مافی ژیانیشیان نییە تا بە ئاسودەی بژین.
هـەر ئـەمـەشـە هـەتـا ئێسـتا لـەسـەدەی بیسـت و یـەکـەمـدا سـەدەی زانسـت و پێشـکەوتـن لـە زۆربـە ی وولاتانـدا شۆڕشـی نیشـتمانی و نـەتـەوایـەتـی بـەرپـا کـراوە، میللـەتـە ژێـر دەسـتەکـان داوای مـافی زەوت کـراوی خۆیـان دەکـەنـەوە بیگومـان بـەردەوامـیش دەبـن تـا دەگـەن بـە مـافی ڕەوای خۆیـان کە خوای گەورە بەخشیویەتی بە هەموو میللەتان بەبێ جیاوازی.
خـوای گـەورە لـەسـەر بنـەمـای قـانونی قورئـان مـافی نـەتـەوەکـانی دیـاری کردوە

{ يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوباً وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ} الحجرات 13

واتـە: ئـەی کۆمـەڵـی ئـادەمیـزاد ئێمـە ئێـوەمـان لـە نێـرو مـێ دروسـت کـردوە وە کردومـانن بـە چـەنـد نـەتـەوەو هۆزێکـەوە بـۆ ئـەوەی یـەکتـری بناسـن و

**ئاشــنای یــەکتــری بــن وە بــزانن چاکترینتــان لای خــوای گــەورە بــە تەقواترینتانە (ئەوەی زیاتر گوێ ڕایەڵی فەرمانەکانی خوا بێت).**

**هــەروەهــا بڵاوبونــەوەی کوشــتن و دزی و جــەردەیــی لــە وولاتــە بــەنــاو پێشــکەوتــوەکانــدا ئامــانجێکی سروشــتی ئــەو ڕژێمانــەیــە کــە هــەڕەشــە لــە لەناوچونی خۆیان و پێشکەوتنەکەیان و مرۆڤایەتیش دەکات.**
**لــە ڕاپــۆرتێکی نــەتــەوەیــەکگرتــوەکانــدا ئاشــکرای کــردوە کــە هــەر دە ســاڵ جارێـك بــە ڕێــژەی زیــاد بــوونی تــاوان (75.5 %) وە زۆربــەی ئــەو زیانانــە لــە ئــەنجــامی مــەوادە سڕ کــەرەکــان و خواردنــەوەی مــەی بــوە کــە ئێســتا وای لێهــاتووە زۆربــەی ئــابوری وولاتــە پێشــکەوتــوەکــان لــەســەر بنــەمــای ماددەسڕکەرەکان دادەمەزرێت.**

**ئــەمانــەو هــەزاران تــاوانی تــر کــە هــەڕەشــە لــە پاشــەڕۆژی مرۆڤایــەتی دەکــەن کــە زانایــانی جیهــان هاواریــان لــێ هــەڵساوە، هــەروەهــا ڕەوشــت کــە پێــوەری هــەڵس و کــەوت و ڕەفتــاری مرۆڤــە لــە ژیــانی ڕۆژانــەیدا یــان لــە پــەیــوەنــدی نێــوان وویــژدان و دەرونــی خۆیــدا، پــەیــوەنــدی نێــوان تــاك و کۆمــەڵ، پــەیــوەنــدی نێــوان کۆمــەڵ و کۆمــەڵ ڕژێمــی مــرۆڤ کــردەکــانی ئــەم ســەردەمــە چ لــە ڕۆژئــاوا و چ لــە ڕۆژهــەڵات هــەموویــان لــەیــەك ســەرچــاوەی ماددیــەوە هــەڵقــوڵاون ئــەگــەرچــی هــەریــەکــەیــان بــەشــێوەیــەکــی جیــاواز لــەوی تریــان خۆیان دەنوێنن.**

**ڕۆژئــاوای ســەرمایــەداری تــاك پــەرســتەو ســەربــەســتیەکی بــێ ســنوری پــێ بــەخشــیوە تــا بتوانێــت بــە هــەمــوو شــێوەیــەك وە بــەهــەر ڕێگایــەك خــۆی بیــەوێت تێبکۆشێت بــۆ گــەیشــتن بــە مــەرامــەکــانی ئــەگــەرچــی ئــەو ڕێگایــەکــی**

کە دیگرێتە بەر زیان بگەیەنێت بە خەڵکی وە لەسەر حسابی خەڵکی تر بێت لەسەر بنەمای سیاسەتی (دایماگۆجی).

وە ڕژێمە چەپەکانی ڕۆژهەڵات و یان سۆسیالیستی ڕۆژهەڵات بڵێیم کۆمەڵ پەرستەو هیچ نرخێکی بۆ مرۆڤ دانەناوە وە مافی تاکی پێشێل کردوەو هیچ ئاماژەی بۆ نەکردوە لەناو کۆمەڵدا بەڵام ئەوەی کە هەردولایان هاوبەشن تیایدا تەنها جیا کردنەوەی ڕەوشتە لە هەموو کاروبارێکی ژیان هەرچەندە وولاتە سەمایەدارەکان دان دەنێن بە ڕەوشتدا بەڵام لەهەموو چالاکیەکی ئابووری جیای دەکەنەوە و پەراوێزی دەکەن، بەڵام خۆ مارکسیەکان و کۆمەنیستەکان ووشەی ڕەوشت و شەرەف لە فەرهەنگی ژیانیاندا سڕیوەتەوە کێشەکە لەوەدایە دروشمی دادپەروەریشیان بەرز کردۆتەوە وە بە پێویستیە گشتیەکانی کۆمەڵ

دایدەنێن، بەڵام لەسەرچاوەیەکی نەگۆڕی ڕۆحەوە وەریان نەگرتوە بۆیە تووشی ئەو ڕەخنە گەورەیە بونەتەوە لەچەمکی پەروەردەکردنی کردنی کۆمەڵگادا بەڵکو هەموو بزوتنەوەیەکی مرۆڤایەتی دەگەڕیننەوە بۆ کەرەستەکانی بەرهەم هێنان(وسائل الانتاج) کە بزوێنەری مێژوی مرۆڤایەتیە وە هیچ هۆیەکی گیانی و دەرونی لەدەرەوەی مادده کار لەم فکرە جامدە ناکات بۆیە هەمیشە لە جێگای خۆیدا چەقیوە، ئەڵێن:

کەرەستەکانی بەرهەم هێنان مێژوو و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی دروست دەکەن لێرەدا نامەوێت باسی ماهیەتی چەپەکان بکەم لەوانەیە لە ڕووکەشدا پێیبکەنن بەڵام دڵنیام لە ناخدا دۆڕاون.

بەکورتی مەبەستەکەی من ئەوەیە کە هەردوو ڕژێمەکە هیچ نرخێك دانانێن بۆ ڕەوشت لە ژیانی کۆمەڵدا بۆیە لێکۆڵەرەوە و فەیلەسوفی بەناوبانگ (شفیتزەری) ئەڵێ: ئەم شارستانیەی ئێستا توانای خۆ ڕاگرتنی نەماوە چونکە پچڕاوە لە یاسای بنەڕەتی شارستانیەت کە ڕەوشتە.
زۆر لە زاناکان لەسەر ئەوە کۆکن مەبەستم ڕۆژئاوایەکانە ئەم ڕژێمانەی ئێستا لەگەڵ سروشت و فیترەتی مرۆڤدا ناگونجێن بەڵکو ئەوانە خۆشیان مرۆڤن ناتوانن لە ناخ و هەستی مرۆڤ بە تەواوی تێبگەن، چونکە بەرەو بەربەریەت و هەمەجیەت دەڕۆن وە بێزاریش بە شارە گەورەکانی جیهانەوە دیارە کە چۆن پێوەی دەتلێنەوە دەناڵێنن لە ڕژێمە ڕامیاریو ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان کە پەیدا بون و خۆیان سەپاندوە بەسەریاندا.

کە وابوو تاکە ڕژێم ئیسلامە، کە چارەسەری ڕیشەیی کێشەو گرفتەکانی کۆمەڵ بکات ، چونکە تەنها ئیسلامە ئەتوانێت مرۆڤایەتی بگەرێنێتەوە بۆ ڕێگای ڕاست و بیخاتەوە ڕێ بەرە وشارستانیەتێکی پێشکەوتوی وا کە مرۆڤایەتی تیدا بحەسێتەوە وە هەموو گرفتە کۆمەڵایەتی وڕامیارو دەرونی و ...هتد چارەسەر بکات بن بڕی بکات.
وە ئەم ڕاستیە ڕون بۆ تەوە بۆ زۆر لە بیرمەندو زاناکانی جیهان کە باوەڕیان هێناوە کە تاکە بەرنامە وبۆ ژیان تەنها ئیسلامە کاتێك کە

{ڕۆجیە گارودی} لە ئیسلامی کۆڵییەوەو بڕوای پێ هێناو وازی لە مارکسیەت هێنا لە نوسراوێکی دا دەڵێت ( ئەگەرمارکس ئیسلامی

بخوێندایەوە بیرو ڕای خۆی دەگۆڕی بە مێژووی مرۆڤایەتی وە هەروەها لە کتێبی (البدیل) دا هاواری لێبرز بۆتەوە دەڵێت : ئەم کەمەڵگایە پێویستی بە گۆراندن هەیە پێویستە لە ڕیشەوە چارە بکرێت.
دەیان زانای تر وەك{ ئحسان تەبەری، کیس مۆر، ئەلبێرت هۆکۆن....هتد } کە ماوەی ئەوە نیە لێردە باسیان بکەین .

# ئیسلام و چارەسەر کردنی کێشەکان

ئینجا بابزانین بۆچی ئیسلام ئەتوانێ مرۆڤایەتی بەختەوەر بکات ، سەرەتا ئەبێ ئەوە بزانین ئاینی ئیسلام ڕژێمێکی خوایی یە بۆ مرۆڤایەتی ، وە دوایین زنجیرە ی ڕژێم و ئایینە خوایی یەکانە کە هاتووەتە خوارەوە بۆ ڕێنمایی و چارەسەر کردنی کێشەکانی کۆمەڵ بە درێژایی مێژوو.
ئاشکرایە لەبەر ئەوەی ئیسلام دوایین ڕژێمی خوای یە بۆ مرۆڤایەتی، وە دوایەن زننجیرەی ڕژێم و ئاینە خواییەکانە کە هاتوونەتە خوارەوە بۆ ڕێنمایی و چارەسەری کێشەکان ناو کۆمەڵگە بە درێژایی مێژوو، وە ئاشکرایە کە ئیسلام دوایین ئاین و ڕژێمە کە خوا ناردویەتی بۆ پێغەمبەر محمد سەلامی خوای لێبێت لە پێشکەوتو

**تـرین شـێوە هـاتوە بـۆ مرۆڤایـەتـی تـا بتوانێـت شـان بـە شـانی پێشـکەوتنـی کۆمەڵی ئادەمیرزاد بە پێ ی کات و شوێن بڕوات .**

**لێـرەدا کۆمـەڵێـك لـە ئـەوانـەی بێ هـودەن وا بیـر دەکـەنـەوە کـەوتونـەتـە هـەڵـەیـەکـی زۆر گـەورە دەربـارەی ئیسـلام، وا دەزانـن لـەبـەر ئـەوەی ئیسـلام ڕژێمێکـی خـوای یـە ئـەبێ بـە هاتنـە خـوارەوەی دەسـت بـە جـێ، جێبـەجـێ بێـت پێویسـت بـە هـەوڵ و تێکۆشـان ناکـات واتـا بـە شـێوەی سـحر دوور لـە زانـین و تێڕامـانی مـرۆڤ، بـە بـێ هۆیـەکـی دیـاری ، بیـر کردنـەوەی وا زۆر هـەڵـەیـە لـەگـەڵ سروشـتی ئیسـلام نـاگونجێ کـەواتـە ئیسـلام ئـاینی تێکوشـانە و خـەباتـە تـا لـە بـەرهـەمـی ئـەرکـی خـۆت بخۆیت!.**

**بـۆ ئـەوەی لـە هـەڵـە دوور بکـەوینـەوە ، وا تێبگـەیـن بـزانین ئیسـلام ڕژێمـەکـە بـۆ ژیـانی مـرۆڤ وە بـە پـێ ی توانـا و ووزەی مـرۆڤ و باردۆخی تایبـەتـی ئـەو کـات و شـوێنەی کـە تیدا دەژی جێ بـە جێ ئـەکرێت ، وە پلـەی سـەرکـەوتنـی بـەستراوە بـە چۆنیـەتـی و چـەندایـەتـی بـاوەڕ پـێ هێنـانی و هـەوڵ کۆششـی کـە بـۆی دەکرێـت ، ئـەو کـات دەر دەکـەوێـت کـە لە سنورو توانای مرۆڤەکاندایە!.**

**لـەوانـەیـە بپرسـن جیـاوازی چیـە لـە نێـوان ئیسـلام و ڕژێمـەکـانی تـردا کە بە**

**هـاو چـەرخ ،ئـەوانـیش هـەر بـەو شـێوەیـە پیـادە دەکرێـت وە ئێسـتا چەسپاون لە ژیانی مرۆڤایەتیدا؟**

**بـۆ وەڵامـی ئـەم پرسیارەو ئـەو جـورە کـەسـانەی وا دەڵـێن ، بـۆ ئـەوەی باشـتر لـە ئیسـلام تـێ بگـەن ئـەو هۆیانـە ڕوون دەکـەینـەوە کـە بۆتـە هـۆی**

ئــەوەی ئێمــە كــاری لــە پێنــاودا بكــەیـن بـۆ ئیســلام تێبكۆشـین جـێ بـە جـێ بكەین وە لە ڕژێمەكانی تری جیهان دوور بكەوینەوە:

یـەكـەم : دوو یاسـایە كـە پاڵمـان پێـوە بنێـت بـۆ كۆشـش كـردن بـۆ ئـەم دینە تا خەباتی بۆ بكەین و بە گوێرەی سەردەم پیادە بكریت:

آ- بـاوەڕ {ئیمـان} : ئـەویـە كـە ئێمـە مۆسڵمانین ،وە بـاوەڕمـان هـەیـە بـە خـوای پـەروەردگـار،وە بڕوامـان هێنـاوە كـە ئیسـلام ڕژێمێكـە كـە لـەلایـان خواوە هاتووە بۆ مرۆڤایەتی وە بەزمان وباوەڕ ئاشكرای دەكەین كە (لا إلَــهَ إلاَّ اللَّهُ،مُّحَمَّــدٌ رَّسُــولُ اللَّــهِ): واتــە بــاوەڕمــان هێنــاوە كــە هـیچ پــەرسـتراوێك نییــە تــەنهــا خــوای پــەروەردگــار نــەبێـت كـە شایسـتەی پــەرسـتنە، وە محمــد ڕەوانــەكـراوی خوایـەو هـەڵگـری ڕژێمـی ئیسـلامە بۆ هەموو مرۆڤایەتی

كـەوابـوو لـە بـەر ئـەوەی بـە دڵ بڕوامـان هـەیـە پێویسـتە ئـەم بـاوەڕە بكەین بە كردەوە .

پێغـەمبـەر لـەم بـارەیـەوە دەفرموێـت { بـاوەڕ بـەخـوا بـە داخـوازی نیـە ، بــەڵكــو بــاوەڕە ئــەوەیــە كــە جێگیــر ئــەبــێ لــە دڵــداو،كردەوەیــش دەسـەلمێنێـت } واتـە كردنـی ئـەو بیروبـاوەڕەبـە پركتیـك وجـێ بـە جـێ كردنـی لە ژیانی ڕۆژانە دا نەك بەس لافو گەزاف بێت ئەوە ووەرناگیرێت.

ب- چـەسـپاندنی یاسـای خـوای گـەورەو كـار بـۆ كردنـی لـە و زیـاتر بـە هـیچ بـەرنامـەیـەكـی تـر كـار نـەكـەیـت، كـە ئـەم یاسـایە لـەسـەر ئـەم پڕێسـتە قورئانیە دادەمەزرێت كە دەفرمووێت:

(وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللّهُ فَأُوْلَـئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ)المائدة-46

واتـە:هـەر كـەسـێ فـەرمـانڕەوایی بـەو ڕژێمـە نـەكـات كـە خـوا ناردویـەتـی بـۆ مرۆڤایـەتـی ئـەوە كـافره و بـێ بـاوەڕە واتـە موسـڵمان نیـە كـەواتـە كـە بـۆی نیـە لـە بـەرنامـەی خـوای گـەورە وەلا بنێـت و بـەرنامـەیكـی زشـتی دەسـت كـرد بـێـتـە كایـەوە وە هـەر دروسـت كـەر دەتوانێـت یاسـاو ڕێسـا دابنێـت وە دەبێـت بـە كـردوەیـش بـی سـەلمێنـین ئـەو یاسـایانە لـە سـەر زەوی پیادە بكرێت مرۆڤەكان كاری پێ بكەن.

دووەم: هۆكـاری جـێ بـەجـێ كردنـی ئیسـلام لـەودایـە كـە ڕژێمێكـە هـیچ كـەس خـاوەنـی نیـە تـەنهـا خـوا نـەبێت خـوایش درست كـەری هـەموانـە كـەواتـە هـەرگیـز نـە تـاك بـە سـەر كۆمـەڵ دادەدات وە نـە بـە پێچـەوانـەكـەیـەوە كـەواتـە بـە ئـارەزوی خـەڵكـی نیـەوە خـوای گـەورە مرۆڤـەكـان بـاش دەناسـێت لـە بـەر خـاتری هـیچ چـین و توێژێـك دانـە مـەزراوە بۆ هـەمـوو مرۆڤایـەتیـە تـا هـەمـوو لایـەك یـەكسـان بـن یـەك دەنـگ و هـاوڕا بـن لـەسـەر كێشـەكـان وە تـەنهـا ڕچـاوی هـەردوو لایـەنـە گرنگـە كـەی مرۆڤـی كـردوە پارسـەنگـی كـردوەلـە نێـوان ڕازو مـاددەدا، كـەوابـوو ئیسـلام بـەرژەوەنـدی مرۆڤێكـی لـەگـەڵ بـەرژەوەنـدی كۆمـەڵـدا لەسنورێكی یەكساندا ڕێكخستووە.

سێیەم : لایـەنێكـی تـر لـە لایـەنـە گرنگـەكـانی ڕژێمـی ئیسـلامی پشـت بـە خـوا بـەسـتنە، كـە دڵنیـای و بـەختیـاریی و ئاسـودەیـی ، دەڕژێنێـت بـەسـەر مرۆڤـدا، ئـەویـش بـە هـۆی بـوونی پـەیـوەنـدی ڕاسـتەو خـۆ بـە خـوای گـەورەوە بـەبـێ هیچ هۆیـەك هـەر كـەس لـە ئاسـتی خـۆی لـە هـەر كوچـەو سـوچێكی ئـەم جیهانـە دەتوانێـت پـەیـوەنـدی گیـانی بگریت لـەگـەڵ خـوای پـاك و بـێ گـەرد ئـەو كـات مـرۆڤ هـەسـت بـە سـەربـەسـتی تـەواوە تـی دەكـات وە دڵنیـایی لـە كاروبـارەكـانی ژیانـدا دەدۆزێتـەوە، ئـەم هۆكـارە بـە شـترین هۆكـاری دەرونـی یـە بـۆ مـرۆڤ كـە پشـت بـە خـودا ببسـتێت وەم هۆكـارە

مـرۆڤ وا لـێ دەکـات دڵنیـا بێـت لـە سـەروەت و سـامان تـەنانـەت ئـابڕوی خۆشـی ئـەو کۆمـەڵگـە یانـە خـاوەنـی ئـەم لایـەنـە نـین هـەمیشـە لـە دڵـە ڕاوکــەو خــۆ کوژیــدان ، ئــەم لایــەنــە زۆر لــە وە زیــاتر هــەڵــدەگرێــت لـەسـەری بنوسـم بـەڵام نوسـەرانـی تـر ئـەم ئـەرکـەیـان لـەسـەر مـن لابـردوە زیاتر ڕونیان کردۆتەوە من بەوەندە کۆتایی پێ دێنم.

# بۆ چی ئاینمان هەڵبژارد

# بەتایبەت ئیسلام؟!

بـۆ بــاس کــردن ودەم کوتــان لــە ئــاین پێوســتمان بــە چــەنــد بنــەمایــەکــی سەرەکی هەیە.

1- شارەزا بوون لە زمانی ئاینەکە.

2- ئاگــادار بــوون لــە جێگــاو کــاتی ئاینــەکــە واتــا زانــین لــە مێــژووی ئــەو ئاینەکە باسی دەکەین.

3- لێکۆڵینــەوە لــە بنــەڕەتــی یاســاو ڕێســاکانی ئــەو ئاینــە بــۆ ئــەوەی بــزانین گونجاوە بۆ فەرهەنگی مرۆڤەیەتی.

لـەگـەڵ ئـەویشـدا ئـاین کۆمـەڵێك تایبـەتمـەنـدی خـۆی هـەیـە بـۆ بـڕوا بـوون بـەو ئاینـەی کـە هـەڵـی دەبژێرێـت پێویسـتە خـاوەنـی هـەنـدێك بیـردۆزەکـانی ژیــان بێــت کــە بێجگــە لــەو ئاینــە کــەس داهێنــەری نــە بوبێــت وە زادە و

دەستی هیچ زانایەك و فەیلەسوفێك نەبێت تەنها ئەو ئاینە خۆی داهێنەری بووبێت.

وەلە هەمان کاتدا دەبێت ئاین لە مێژووی زانستی بوون دا دەبێت بنەمایی مێژوویەکانی ئەو ئاین هاوسەنگ بێت لەگەڵ زانستەکانی مێژووی زانکۆکانی جهیان ولەگەڵ زانا ناودارەکانی جیهان هاوڕا بن واتا مەبەست زانستە تازەکانی جیهانە کە دۆزراوتەوە .
لە پاشان دا دەبێت ئاین خاوەنی تایبەت مەندێکی تر بێت کە بریتیە لە هاوسەنگی و هاوکێشەی ژمارەیی-هاوکێشەی ماتماتیکی ،وە ڕێکخستنی پێوە دار بێت کە جێگای سەرنجی بڕوادارانی ئەو ئاینە بێت.
بە گشتی دەبێت کۆمەڵێك زانست بدات بە دەستەوە ئاینەکە کە جێگایی سەرنجی ئاین مەندەکەو ئەوەی کە دوای دەکەوێت و ئەویش کە بانگەوازی بۆ دەکات لەگەڵ زاناو بیرمەندەکانی دا، واتا ئەو ئاینە ئەگەر وێنەیەکی خۆرافی دا بە دەستەوە یان لە شێوەی ئەندێشەی بێتە ناو ژیانمانەوە ئەوە بە کەڵکی بیری مرۆڤەیەتی نایەت تەنها وەك بیرێکی مرۆڤەیەتی یان وەك فیکرێك یان وەك فەرهەنگێکی کۆمەڵگا دەمێنێتەوە بەڵام پیادە ناکرێت.

واتا ئاین دەبێت جێگایی پەروەردە کردنی مرۆڤ بێت لە ڕوە زانستیە کەیەوە بە تەنها خۆی دەبێت زانکۆیەکی بەرهەم هێنەر بێت.
مرۆڤی بیرمەند و چاکە خواز بۆ کۆمەڵگا دروست بکات، دەبێت ئەو ئاینە خۆی هەمە لایەنە بێ و پێویستی بە زادەی مرۆڤ نەبێت یان

پاشکۆی فکرێکی تر نەبێت هەموو سەرچاوەکانی خۆی خاوەنی پەخشی بێت.

ئەمە گرنگترین بنەمایە بۆ دین ئەگەر ئەو ئاینە داڕێژەری یاساو ڕێکخستنی کۆمەڵگاو دروست کردنی تاکی ڕۆشنبیرو، ڕامیاری، ئابوری هەموو فەرهەنگەکانی تر نەبێت ئەوە پێی ناوترێت ئاین بەڵکو وەك ئاماژەمان پێ کرد تەنها فکرێکە لە میانەی ئایدۆلۆژیایەکی کۆنکرێتی هیچ ناوێکی تری لێنانرێت لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت خاوەنی فەرهەنگ و کلتوری تایبەتی خۆی بێت واتا نە پەیوەست بێت بە هیچ نەتەوەیەکەوە ئەو ئاینە بتوانێت خۆی بە جیهانی بکات ئەمەش سەرەکی ترین بنەمایە بۆ ئاین.
لە هەمان کاتدا لەگەڵ هاوکێشەیەکی تری فەلسەفی کە دەبێت لەناو ئەینەکەدا دەربچێت تا فەیلەسوفەکە بکرێتە مۆرکی ئاینەکە دوو ڕێگای سەرەکی بگرێتە خۆ:
یەکەم: نهێنیەکانی بوون و دۆزینەوەی تەنها لە ڕێگای پرێستی ئاینەکەوە.
دووەم: ڕێگای مەعریفی و فکری یان ئەقلانی کە ئەندێشە و ڕاستی لەیەك جیا بکاتەوە.
بەکورتی ئەمە پێناسەی منە بۆ ئاین وە هەر لەم ڕێگایەوە مرۆڤ دەتوانێت خۆی لە ئایندا بدۆزێتەوە، دەرگای نهێنیەکانی ژیان بکاتەوە چونکە ئەگەر پێوەرت نەبێت بۆ ئاین هەمیشە ئاین وەکو ئەندێشە سەیر دەکەیت وە کەسێک بێ باوەڕو بێ ئاینت لێ دەردەچێت ئەگەرچی ئاستی خوێندەواریت بەرز بێت وە یان بە پێچەوانەوە.
بۆ ئەم مەبەستە پرسیارێك دەخەینە ڕوو ئایا ئەو هەموو خەڵکەی کە ئاینیان هەڵبژاردوە کە لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا خەڵکی

گرتۆتە خۆ کە هەر ئاینە فەیلەسوف وزانا وبانگەوازکەر و بەهرەمەندی هزری....هتد دروست کردوە ئایا ئەمانە هەر هەموویان نەزان و دواکەوتون؟

بەڵام لە ڕاستیدا وانییە ئەوانەی کە بێ باوەڕن سەرلێ شێواون لەبەر ئەوەی تەنها بە بیری تەسکی خۆیان بیر دەکەنەوە وە ئەوانەش زۆر کەمن.

بۆ ئەم لێدوانەمان پێویستمان بەوە هەیە کە چۆن لە ئاین تێ بگەین سەرەکی ترین پرسیارە کە خۆی زیت دەکاتەوە لە بەردەماندا چونکە هەموو ئاینێك لە دوای پەیامبەرەکەی دەبێت پەرتوکێك لە دوای خۆی بەجێ بێڵێت تا مرۆڤەکان بزانن پەیڕەو پرۆگرامی ئەو ئاینە چییە ئەم پەیڕەو پرۆگرامەش دەبێت جیاواز بێت لە بەرنامەکانی تری سەر زەوی وەك ئاماژەمان پێ کرد لەسەرەوە دەبێت لە هیچ بەرنامەیەکی تر نەچێت وە خۆی خاوەنی پەخشی تایبەتی خۆی بێت، ئالێرەوە خۆمان دەکەین بەکۆڵانی بابەتەکەماندا و تا لەماڵی نوسینەکەمدا بچینە ژوورەوە و لە دیوەخانی ناوەرۆکەکەیدا دابنیشین.

بەهەمان شێوە کاتێك باس لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەکەنی جوانترین پەرتوکی پێشکەشی مرۆڤایەتی کردوە کە بریتیە لە (قورئان)، وەك پێشتر باسمان کرد دەبێت ئەم پەرتوکە کە بۆ پەیامبەری ئازیز هاتۆتە خوارەوە (علیە سلام) بزانین چەند زانست و هونەرو جوانی و بنەماکانی (دیالێکتیکی) تیادا بەرجەستە دەبێت کە دەتوانین بڵێین دڵی ئاین پەرتوکەکەیەتی کە هەموو سەرچاوەیەك لەو پەرتوکەوەیە وە دەشبێت خاوەنی گەورەترین سەرمایەی مرۆڤ بێت، ئەگەر وانەبێت دەنا بەکەڵك نایەت و سودی لێ وەرناگیرێت بۆیە (قورئان) دابەشکراوە بە چەند

بـەشـێكەوە كـە هـەر بـەشـە زانسـتی تایبـەتـی خـۆی هـەیـە وەك {ڕەوانبێـژی، مێژووی، یاسادانان، جێ بەجێ كردن، ژمارەی، چیرۆك، كەونی ...هتد}

وە كــەم تــا زۆر بــاس لــە زانســتە نــە كــراون بــە ســەدان پرۆفیســۆرو هــەزارەهــا زانــا لــە بــەر ســەرســامیان بـۆ قورئــان و ئیســلام، ئیسـلام بـۆنی خۆیـان ڕاگـەیانـدوە لـە بـەر ئـەوە بـوو كـە ئیسـلامان هـەڵبـژاردوە وەك ڕژێـم وەك ژیان بە گشتی ئیسلام

خـاوەنـی هـەمـوو شـتێكە كـەم تـا زۆر لـە سـەر هـەمـوو شـتەكـان قسـە باسـی خـۆی كـردوە ئـەنتـەر نـاڵتیفی هـەیـە كـە لـە هـیچ بـەرنامـەیـەكـی تـر ناچێـت خۆی خاوەنیەتی.

# بۆ ئیسلام تاكە دین بێت

# ئەی

# مەسیحیەت یەهودیەت؟

بۆ ئیسلام باشترە:

بـۆ ووەڵام دانـەوەی ئـەم پرسـیارە دەڵێـین : بـێ گومـان كـە ئـەم دوو ئاینـە ئـاینی خـواین و لـە لایـەن خـوای گـەورەوە بـۆ هـەردوو پـەیام بـەری خـۆی { موسا، عیسا}

نـاردوە سـەلامـی خـوا لـە هـەردوكیـان بێـت، وە هـەردوكیـان مـوژدەیـان داوە بـە وەی كـە كـەسێك دێـت نـاوی {محمـد}ە تـەواو كـاری هـەمـوو ئاینـەكانـە وە، بـەڵـگـەمـان پـەرتوكـەكـانی خۆیانـە بـۆ سـەلمانـدنی ئـەم باسـە هـەنـدێك بـەڵگـە دەخـەمـە ڕوو كـە چـۆن بـاس لـە هـاتنی پێغـەمبـەری ئیسـلام، دەكـات

لــە هــەردوو ئاینــەكــەدا مــەسـیحی ئـاینی یــەهـودی، كـەواتــە هــەر ئیسـلامە بەكەڵكی ژیان و ژیار دێت.

# مژدە دانی ئینجل وتەورات بۆ هاتنی (موحەمەد)

لــەدوای بــاس و لێكۆڵینــەوە یــەكــی زۆر لــە چــەنـد لایــەنێكــی تراژیـدیای مرۆڤایــەتیمــان خســتە بــەرچــاو كــەم تــا زۆر باســمان لــە ســەر ئــاین و بیروفكری كۆمەنیستی ویان بە گشتی فكرە چەپەكان.

لــە دوای تێرامانمــان بــۆ ئــەم فكرانــە مــاوە بڵێــین ســەرەی یــەهودیــەت ومەسیحیەتە.

كـە دوو ئـاینی سـەرەكـی جیهـانن بۆشـتان دەركـەوت لـە سـایەی شارسـتانی ماتریالیستی ئـەو شارسـتانیەتـەی كـە بڕوای بـە گـەورەی یـەك خـوای پـاك و بێگەرد نییە كەم تا زۆر دەست نیشانی ئەوەشمان كرد.

لــە ڕووی عــەقڵانیــەتــەوە بــون وبنــەماكــانی ئیسـلاممان ســەلمانـدوە و وە خۆشی فەرز كردوە بەسەركۆماڵانی خەڵكدا.

ئێستاش پێویست دەكـات بۆ میللـەتـەكـەی خـۆم دەربـارەی ئاینـەكـانی تـریش وەك یـەهـودی و مـەسـیحیەت لێـرەوە كـەم تـا زۆر لـە گۆشـەنیگـای(نوسـەر) ەوە دیارە (نوسەر) وەك فكر دەڵێم بخەینە ڕوو....

زانیــاری تــەواوەتــی لــە ڕێگــای ئاینــەكــەی خۆیانــەوە بــەدەست بێنـین وبـە ئینساف و بێ هیچ پێچ و پەنا

**کە ئەم دوو ئاینە پەیامە حەقیقیە راستییە کە لە ئاسمانەوە هاتوە بۆ دوو پێغەمبەر کە (موسا و عیسا) (درودی خوایان لێبێت) وە دەمانەوێت سۆراخێك بکەین یان گەشتێك بە ناو دەقەکاندا وەناوەرۆکی ئاینەکەیان بپشکنین.**

**گومانیشی تێدا نییە هەموو ئاینەکان دیارە مەبەستمان ئەو ئاینانەیە کە لە ناو قورئاندا بانگێشتی بۆ کراوە، وە هەمووی حەقیقەتن لە یەك ڕیشە و سەرچاوەوە هەڵقوڵاون.**

**یان تەنها جیاوازیەن لە هەندێ ئەحکام ویاساو ئەرکی سەرشان و ڕێکخستنی ژیان و مرۆڤایەتی دا هەیە.**

**باشترین بەڵگەش بۆ ئەم قسەیەی من شاهیدێکەی پاشای حەبەشەی مەسیحیەکانتان بیر دەهێنمەوە**

**کە کاتێك موسڵمانەکان کۆچیان کرد بۆ ئەو جێگایە یەکێك لە هاوەڵەبەڕێزەکانی پێغەمبەر (درودوو سڵاوی خوای لێ بێت) چاند ئایەتێکی قورئانی پیرۆزی بۆ خوێندەوە ئەویش ئەم شاهیدیەی دا کە ووتی ئەوەی کە گوێ بیستی بووم لە قورئاندا هاتوە (ئەمە ئەوەیە کە عیسا هێناویەتی)**

**لە یەك سەرچاوە دەردەچن.**

**گومانیشی تێدا نییە هەر لە ئادەمەوە تا خاتەم هەموو پەیامبەران بەتەیبەت ئەوانەی کە خاوەنی پەیامی گەورە بوون. مەبەستم لە پەیامی گەورە واتا خاوەنی پەرتوکی ئاسمانی بوون. ڕێگەیان بۆ پێغەمبەرانی دوای خۆیان خۆش کردوە تاکو ڕەوتی هیدایەت و ڕێنوێنی بۆ مرۆڤایەتی ببەستنەوە**

**لە مرۆڤەوە بۆ خوای گەورە واتا ئیشی هەموو پەیامبەرەکان ناساندنی پەیامبەری دوای خۆیان بوە.**

**کـه تـا بنچینـەکـانی پـەیامبـەری داهـاتوو لـە کۆمـەڵگـەدا بـە کۆمـەڵانـی خـەڵکی داهـاتوو بناسێنێ تـا ئامـادە بکـرێن بـۆ پـەرستش دیـارە پـەرستشـی خوای پاك و تەنها.**

**ئـەم ووشـانەی کـە دامـان بـە گـوێی ئێـوەدا دەبـێ لـە ووتـەکـانی منـدا وا دەربکـەوێت کـە بیسـەلمێنم بـۆ ئێـوە لـە تـەورات و ئینجیـل دا ڕێ خۆسـکەر بـوە بـۆ پـەیـامی ئیسـلام وە ئایـا هـیچ باسێك کـراوە کـە ئیسـلام دوا پـەیامـە وە (محمد)یش (درودوو سڵاوی خوای لێ بێت) دوا پەیامبەرە.**

**لـەبـەر ئـەم هۆیـە پێویسـتە لـەسـەر مـەهـوو مرۆڤێك کـە خوێنـەری ئـەم باسـەی منـە دەبـێ بـۆ خـۆی ئـەم پرسـیارانە لـە ئـەسـتۆ بگـرێ وە بـە دوای ڕاستیەکانـدا بگـەڕێ ئـەگـەر کـەسێکی دینـدار بـوو وەك ئـەرکێکی قیامـەتـی ئـەگـەر کـەسێکی خـۆ بـەڕۆشـنبیر زانـە بـۆ دەوڵـەمـەنـد کردنـی زانیاریـەکـانی خـۆی بـا لـەلای بمێنێتـەوە، وە ئایـا ئـەم نوسـینەی مـن تـا چـەنـد ڕاسـتە مـەبـەستیشـم زیـەتـر لـەوەیـە کـە هـەمـوو مرۆڤێك بـەرپرسـە لـە چـارەنـوس و بەدیهێنانی بەختەوەری و کامەرانی بۆ خۆی ئەمە لە ڕووە**

**ئـەبیستمۆلۆژیاکەوە واتـا ژێرخانـە مـەعریفیـەکـان لـەوانـەیـە پرسـیارەکـە بـە دیـوێکی تـردا وا لێبکـەیـن کـە ئـەگـەرهـیچ کـەسێك خـاوەنـی زانیـاری نـەبێت لـەسـەر هـەر بیـرو بۆچـون و یـاخود ئـاین و ئایـدۆلۆژیاو یـان فکـرو مـەنهـەجێك زۆر عـەیبـە کـە دوای بکـەوێت وە یـان ئـەگـەر زانیـاری لـەسـەر نـەبێت وە قسـەشـی لـەسـەر بکـات ئـەوە لـە هـەمـووی عـەیبتـرە کـورد ووتـەنـی (عـوزر لـە قـەباعـەت خراپتـرە) وەکـو عـەرزم کـردن ئێمـە دەزانـین کە ئەمڕۆ سێ ئاینی گەورەی خودایی وان لە بەردەستماندا.**

یەكەم: ئاینی یەهودی كە پەیامبەرەكەی (موسا) (سەلامی خوای لێبێت) بووە ئێستا كەسانێك پەیڕەوی ناكەن جگە لە پاش ماوەكانی بەنی ئیسرائیل نەبێت كە سەرجەم ژمارەیان لە جیهاندا ناگاتە (20)ملیۆن كەس چونكە جولەكەكان كردویانەتە ئاینێكی نەتەوایەتی و ناسیۆنالیستی كە سەر بە ئیسرائیلن واتا لە نەوەی (یعقوب)ن گومانیشی تێدا نییە لە ڕووی فكرەوە كە ئەمە دینێكی دەمارگیریەوە دەرگا لەسەر خۆ داخستنە.

دەمارگیری و دابڕان دەروێنێ لە ناو خەڵكیدا وە خەڵكی فێری دوژمنایەتی دەكات ئەم ئەینەی كە بۆ (موسا) ( سەلامی خوای لێبێت) هاتوە كە پەیامەكەی تەوراتە هەموو دەقەكانی هەڵشێوێنراون بەسەر یەكتریدا .

ئەو كتێبەیە كە ئەمڕۆ فڕی بە سەر كتێبی خواوە نەماوە.

واتا دروست كراوی دەستی ئەحبارەكانە ئەتوانین پێی بڵێین ئاینی ئەحباری.

چونكە ئەو پەیامەی كە لە تەوراتی ڕاستیدا هاتوە ئەو پەیامە نییە كە ئێستا لەم تەوراتەدا هەیە وە پەشان باسی دەست كاری كردن و دەقكانی یەك بە یەك دەكەین ئەمە تەنها سەرەتایەك بوو بۆ چونە ناو ئەینی یەهودیەتەوە.

دووەم: ئاینی مەسیحی ئەم ئاینەش لە پاش مەسیح( سلاوی خوای لێبێت) دوچاری گۆڕین ودەستكاری وشێواندن بوو لێكۆڵەرەوان لە كاروباری مەسیحی دا خۆیان دانیان بەم ڕاستیەدا ناوە خۆیان ئەو

ئـەنجامـە خـەتـەرناکـەیـان بڵاوکردۆتـەوە کـە دەڵـێن گوایـە ئـەو بۆچونانـەی کـە لە ئەینی مەسیحی دا هەیە بۆچونەکانی باوکە ( پۆڵسە) .

ئــەمــەش لــە ڕاسـتیدا هــیچ بنــەمایــەکــی تێـدا نــەمــاوە هــەر هــەمــووی دەستکاری کراوە لەسەر دەستی پۆڵسی جولەکە.

سـەرەتـا پـێم خۆشـە مێژوویـەکـی (پـۆڵس)بـاس بکـەم کـە کـێ یـە و لـە کـوێ وە سـەرچـاوەی گرتـوە دیـارە کــە (پـۆڵس) نــاوی (شـائول)ە لـە ڕەگـەزو نــەژادی ڕۆمانیــە لــە ڕەچــەڵــەکـدا، لــە قــودس خویندویــەتــی وەك پێشـتر ئامـاژەم پـێ کـرد لـەسـەر ئـاینی یـەهـودی پـەروەردە و گـەورە بـووە. لـە نـاو خــەڵکیشـدا بــە کابرایــەکـی بـاوك دۆسـت و نیشـتمان پــەروەر ناسـرابوو وە ماسیحیەکانیشی دەچەوساندەوە لەو سەردەمەدا.

پــۆڵس خــۆی یــەکێــك بــوو لــەوانــەی شــایەدی بــەرد بــارانکردنی (ئیستفانۆس) بوو وە خۆشی بەشدار بوو لەو کاتەدا.

ئیسـتفانۆس لـەلای مـەسـیحیەکـان بـە شـەهیـدی یـەکـەم و پیـاوێکی گـەورە دەناسـرێت لــە سـاڵی (30)ی زاییـنـدا لــە لایــەن ڕۆمــاوە داوای لێکرابـوو کــە بچێت بۆ دیمەشق بۆ بەرەنگاری کردنی مەسیحیەت بەڵام دواتر وای

بـڵاو کـردەوە کـە مـەسـیح هاتۆتـە لای و کاتێـك کـە چـوە بـۆ دیمـەشـق، گوایـە مــەسـیح پێـی ووتـوە بـۆ دەم چـەوسـێنیتەوە ئـەویـش لـە دیتنـی ئـەو نـورەی مــەسـیح سـێ ڕۆژ کـوێر بـووە و پاشـان چۆتـە نـاو دیمـەشـق و لـەوێ چـاوی کـراوەتـەوە ئیتـر لـەو سـەردەمـەوە چـاو و دڵـی کـەوتۆتـە کـار وە دەسـت بـەکـار بووە بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیح.

بــەڵام لــە ڕاسـتیدا مێـژوو نوسـان دەڵـێن کـە ئـەمـە فێـڵ بـووە بـۆ ئـەوەی دەسـتور وئـەحکامـەکـان بگۆڕێـت و بـە بیـرو بۆچـون و داهێنـانێکی نـوێ بیان نوسێتەوە کە ئەویش بریتیە لە بیری سێگانە (الثالوث).

بـزانین چـۆن گۆڕانکـاری و دەسـت کـاری لـەهـەردوو ئـاینی یـەهـودی و مـەسیحی دا کـراوە گومـان لـەوەدانیـە کـە ئێمـەی موسـڵمان هـەردوو پـەیامـە ئاسـمانیەکـە بـە نێـردراوی خـوای گـەورەی دەزانـین وە گومانیشـمان لـەوەدا نییـە کـە دەسـت کـاری کـراوە، واتـا ئـەم دوو ئاینـە ئـەتـوانین بڵێـین بیـرو بۆچـونی قـەشـەکـان و ئـەحبـارەکانـە کـە جگـە لـە داسـتانی ئـەفسـانە و شـتی ناواقعی شتێکی دیکە بەرچاو ناکەوێت تیایدا.
کاتێـك کـە سـەیـری چـەمـك و دەقـەکـان دەکـەیـن لـە هـەردوو پـەرتوکـدا تێگـەیشـتنێکی ووشـك و زشـت و شـێواوی پێـوە دیـارە بـە هـیچ جۆرێـك بیـری ئیمـان و بـاوەڕ ناتوانێـت تـەعبیـر لـە بانگـەوازی پـەیـامی ئـەو پەیامبـەرە ناکـات جـا بـۆ زیـاتر بـاس کردنـی ئـەم بـاس و بابـەتـە بـا سۆراخێك بـە نـاو تـەورات و ئینجیلـی ئـەم ڕودا بکـەیـن بـە باشـی سـەرنجیـان بـدەیـن و لێیـان بکۆڵینـەوە تـا بـزانین بـەرجـەسـتە تـرین و زەق تـرین نیشـانـەکـانی گـۆڕین و دەسـتکاریەکـی ڕوون و ئاشـکرای پـەیـامی مـەسـیحی لـەوەدا دەردەکەوێت کە یەك ئینجیل هاتۆتە خوارەوە بۆ (عیسا) (سڵاو-

خـوای لێبێـت) کـەجـی ئێسـتا بـە چـوار ئینجیـل ناسـراو و بـەناوبانگـە سـەربـاری بـەکـار هێنـانی دەیـان ئینجیلـی دیکـەش هـەمـووی لافـی ئـەوە دەدەن لـە ئینجیلـی ئـەوان سروشـتێکی خوایـە لـە کاتیکیشـدا کـە هـەمـوو ئینجیلـەکـان لـە ڕووی گیـان و ئایـدیاو بیـرو بۆچونـەوە هاتۆتـە خـوارەوە بـۆ (عیسـا) (سـڵاوی خـوای لێبێـت) بۆیـە دەپرسـین کـە ئـەم ئاینـە ئـاینێکی لۆژیـك نییـە دەکـرێ بپرسـین لـە مـەسـیحیەکـان ئـەم دوو ئینجیلـە لـە کوێـوە

هـاتوون تكایـه وەڵام وه هـەموشـی بیـری سـێگانه دەخاتـه ڕوو واتـا بـاوك و دایـك وه ڕۆحێكـی پـاك. كـه لـه ڕاستیشـدا پێغـەمبـەر مـەسـیح (سـڵاوی خـوای لێبێت) بانگەوازی بۆ یەكتا پەرستی كردوه.

ئـەگـەر سـەرنجی چـەنـد دەقێكیش بـەیـن ئـەگـەرچی گۆڕانكاریشـیان پێـوه دیـاره دان بـه یـەكتـا پـەرسـتندا دەنێـت لـه وانـەوەیـه كـه لـه (یوحـەنـا) دا ڕیوایەت كراوه كه دەڵێ

[ ژیـانی هـەتـا هـەتـای ئـەو ژیانـەیـه كـه بتـان ناسن بـەوەی كـه تـەنها تـۆی خـــوای حـــەقیقـــی و ڕاســـتەقینـــه یـــەســـوعی مـــەســـیحیش هـــەر تـــۆ ناردوتـه]ئـەمـەس ئـەوه دەگـەیـەنـێ كـه خـوا تـاك و تـەنهایـەو مـەسـیحیش فرستادەی خوایه هەروەها

(مـەرقـەص) لـه بـەشـی دوانـزەهـەمـی ئینجیلـەكـەی خۆیـدا هـەمـان شـایەدی یـەكتاپـەرسـتی لـەچـەنـد جێگایـەكـدا دەدات دەڵـێ[یـەكێـك لـه هۆشـمەنـد ونوسـەرەكـان لـه یـەسـوعی پرسـی دەربـارەی یـەكـەم وەسـیەت و ڕاپرسـی، ئـەویـش وەڵامـی دایـەوە، ووتـی یـەكـەم وەسـیەت وراپرسـی ئـەی بـەنـی ئیسـرائیل گـوێ بگـره پـەروەردگـار خـوای ئێمـەیـه ئـەویـش یـەك خـوا و پـەروەردگـاره نوسـەرەكـه پاشـان پرسـی ووتـی ئـەی مامۆسـتا؟ كـەواتـه ئەویش یەكێكه وه جگه لەویش یەكێكی ترنییه كاتێك یەسوع بینی كه

ئـەو بـه ئـەقـڵ وەڵامـی دەداتـەوه ووتـی تـۆ لـه فریشـتەكـانی ئاسـمان دوور نیـت]، بـەلام ئایـدیای شـێواو دەسـتكاری كـراوی پـۆڵس هـەمـوو چـەمـك ومـەفهوم و حـەقیقـەتی یـەكتـا پـەرستییه سڕیەوه پاشماوەی یـەهودی خسته ناو واتا ئایدیای سێگانه( سێ خوای) خسته ناو.

پێم خۆشە ئەوەتان عەرز بكەم ئەو بەڵگە ڕونانەی كە نيشانەی دەست هەڵبەست وگۆڕينی ئاينی مەسيحی و يەهودين بريتين لەم بەڵگانە.

يەكەم: لە ناوبردنی بيری يەكتاپەرستی هێنانەكايەی بيری بت پەرستی وەك شرك و هاوەڵدانان بۆ خوای گەورە لە هەمووی نەگبەتی تر جەستەدار كردنی خوا واتا خوا موجەسەم بكرێت لەوەش ماڵ وێران تر كە مەسيح (سڵاوی خوای لێبێت) بكرێت بە خوا يان كوڕی خوا.

ئەمەش ئەوە دەگەيەنێت كە ئەگەر جوان وورد بينەوە لە ئاينی ماسيحی كوت ومت لێكچونە لەگەڵ بت پەرستی باوی سەردەمی ڕۆمەكان. كەلە ڕاستيدا ڕووی بێگەردو درەخشانی ئينجيليان شێواند هەرچی بيری زشت و شێوا و بەناو ئەيدياييەكی نوێ خرايە ناو ئينجيلەوە كە هەمووی دەقی نامۆو دوور لە ڕستی نيشان دەدات كە دووره لە بێگەردی ئينجيلی ڕاستەقينە لای هەموشتان ئاشكرايە لە هەر سەردەمێكدا ڕاهيبێك و قەشەيەك با ئارەزوی خۆی نوسيويەتيەوە، وە بەكار كردنە سەر ئەو شارستانيەتيانەی كە لە سەريان بووە ئەگەر سەرنجی ئاينی مەسيحی بدرێت هەر لە كاتۆليك و پرۆتستانت و ئۆرتۆدۆكس لێكچوی ئاينی ئەقدوميەكانە يان ئاينی كريشنا يان ئاينی هيگنی كە ئەم ئاينانە دەگەڕێتەوە بۆ ئاينی يەك بوونی باوك و كوڕ كە سەرچاوەكەی ئاينی كۆنی بەرهەمی يە كە لە حەزارەتی ڕۆمەكان

سەرچاوەی گرتوە هەرچەندە دەڵێن كە ئەم ئاينانە لە هيندستان و وولاتی پارسەوە هاتون.

دووەم: بريتيە لەو بەڵگەيەی كە ئەم ئاينانە سەدت كاری كراون كە ئێستا لە دەستی جولەكە و گاورەكاندان بەوەی كە پێغەمبەران بە

خراپەكار و زینا كارو مەی خۆر و شەرواڵ پیس ناوخەنگ دەكەن كە لای هەموشتان ئاشكرایە كە پێغەمبەران پاك و بێگەردن كە تەورات و ئینجیل شێوێندراون و پڕن لەم چەشنە تانەو تەشەرانە. بۆ نمونە لە تەوراتدا هاتووە لە باسی داستانی لوط پێغەمبەردا (سڵاوی خوای لێبێت) كە لەگەڵ دوو كچەكەی خۆیدا لە چیا لە بەشی نۆزدەهەمی سەفەری كە بریتیە لە

( پێكهاتن واتا التكوین) هاتووە كە [خوشكە گەورەكەی بە خوشكە........

بچوكەكەی ووت خۆت دەزانی كە باوكمان پیر بووە لەم سەرزەویەشدا پیاوێك نییە بێتە لامان واتا لەگەڵمان جووت بێت وەرە با پێكەوە مەی دەرخواردی باوكمان بدەین و لەگەڵی جوت بین تا وەچەیەك لە باوكمان بخەینەوە كە دوو شەو مابیان دەرخواردی باوكیان دا وە هەردوو كچەكەشی لەگەڵیا جووت بوون، وە هەردوكیان سكیان لە باوكیان پڕ بوو گەورەكەیان كوڕێكی بوو لە باوكی ناوی نا "موئاب" كە بە باوكی موئابیەكان ناسراوە وە بچوكە كەشیان كوڕێكی بوو ناوی نا "بن عەمی" كە ئەویش بە باوكی {بەنی عەمون} ناسراوە هەروەها لە بەشی یازدەهەمی بابەتی "سمۆئیلی" دوەمدا هاتوە كە پێغەمبەر داود (سڵاوی خوای لێبێت) لەگەڵ ژنەكەی "ئۆریای" موجاهیدی باوەڕدار كە لایەنگری خۆی بوو زینای لەگەڵدا كردوە دەڵێ كاتێكیش كە ویستی خۆی لە ئۆریا ی ڕزگار بكات ناردی بۆ جەنگ لەبەرەی پێشەوە دایناو كوژرا ئەویش دەستی گرت بەسەر ژنەكەیدا. هەروەها لە بەشی (38)دا لە تەوراتی سەفەری پێك هاتن واتا تەوراتی "تكوین" هاتوە كە (یەهوزای كوڕی یەعقوب) زینای لەگەڵ ژنی كوڕەكەی خۆیدا كرد كە ناوی "سامار" بوو دەڵێ :[ژنەكە لە یەهوزا سكی پڕ بوو دوو كوڕی لێی بوو ناوی نان "فارص" وە

"زارح"] جا ئینجیلی مەتا لە بەشی یەکەمدا کێشەکە لەوەدایە کە نەسەب و ڕەگەز و نەژادی یەسوعی مەسیح و سولەیمان پێغەمبەر و داودی باوکی سولەیمان (سڵاوی خوا لەسەر هامویان بێت) لە وەچەی "فارص" ناوزەنگ دەکات لە ئەنجامی زینای یەهوزا لەگەڵ ژنەکەی "سامار"ی کوڕی خۆیدا کردی

هەروەها بەشی یەکەمی کتێبی ( هۆشەع )دا هاتووە کە یەکەم قسەی خوا کە کردی لەگەڵ هۆشەعدا:- ووتی بڕۆ بۆ خۆت بەزینا ئافرەتێك بدۆزەرەوە هەر بەزیناش چەند منداڵێکی لێبهێنە بەرهەم ، چونکە زەووی هەموو بۆن بەزینا کار و وازیان لە خوا هێناوە، ئەویش چوو

(جومرەی کچی ویلامی ) گرت و سەرنجام سکی پڕ کرد کە دوو کوڕی بوو بە ناشەرعی واتا بە زینا.

هەر لە بەشی سێهەم هاتوو کە دەڵێت بە هۆشەع ئافرەتێکی تر لە بەنی ئیسرایل بۆ زیناکاری بەکاربێهنە، هەروەها لە بەشی دووهەمی ئینجیلی یوحەنادا هاتوە دەڵێ گوایە......

مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت ) چووە بۆ لای کوڕێك کەزەماوندی هەبووە کوڕەکە مەی وشەرابی

لێ بڕاو بوو ئەویش بە موعجیزەیەك شەش کوپ شەرابی هێنایە بەردەست .

لە بەشی یەنزەهەمی ئینجیلی لوقادا هاتوە کە مەسیح مەیخۆرێکی زیادە ڕەو بووە .

لە راستیدا ئەم جۆرە ووتەنە دەست هەڵبسراوی خۆیانەو دوورە لە ڕوخساری پاکی ئینجل وتەوراتەوە.

سێیەم:- بریتیە لەوەی کە فەیلەسوکان و یان بیرمەندەکانو مێژوو نوسەکان لەبارەی ئاینەوە چۆن

دەدوێـن یـان پیـاوانی ئـاینی خۆیـان، بۆنمونـە (نیچـە)لـەم بـارەیـەوە دەڵێـت لـە مـەڕ یـەو جیاوازیانـەی كـەلـە نێوان ئـاینی مـەسیحی وهـەڵبـەستراوەكـەی (پـۆڵس)دا دەڵێـت:-بانگـەوازی مـەسیح لـەراستی و جـەوهـەرونـاوەرۆك دا بانگەوازێكە بۆ سیستەم و هێزو دەسەڵات.

بەڵام (پۆڵس)گۆڕی
بۆ ئاینێك كە بۆتە لانەی ترسنۆك و تۆقیوەكان.
وە بەردەوام دەڵێت :- پۆڵس بە وە ناوزەنگ دەكات ناوی لێناوە.....
(باسـكاڵی یـەهودیـەت) چونكـە بـڕوای پـۆڵس لـەسـەر بنـەمـایی فرتـو فێـڵ و ئەفسانە ئاینە كۆنەكان دامەزراندوە.

كـۆڵن یولسـن:- ئـەو لـەسـەر مـەسییحیەت دەڵێت مـەسیح ووتـوێتی خـۆت سـەروەرو گـەورەی خـۆت بـە بـەڵام بـە جارێـك پـۆڵس ئـەم بیـرو بـاوەڕەی هـەڵتـەكانـدوەو گۆڕیویـەتـی لـەسر بنـەماراستی خـۆی نـەمـاوە بۆیـە نمونـەی نامەكەی پۆڵس دینێتەوە كە بۆ ڕۆمای ناردوە ئەم وتەیەی تێدا نوسیوە:
[بـا هـەمـوو كـەسـێك سـەر بـۆ دەسـەڵات داران دابنـەوێنێـت، چونكـە دەسـەڵات نایـەت تـاخوا نـەی نێرێـت وەهـەر كـەس لـە ڕووی دەسـەڵات دارانـدا بۆسـتێت كـەواتـە ئـەو كـەسـە لـە ڕووی دەسـەڵاتـی خـواداوەسـتاوە] مـاوەتـەوە بڵـێن بیروبـاوەڕی ئێسـتای مـەسـیحیەت لـە سـەر بنـەمـایی دەسـتورەكـانی مـەسیح(سـڵاوی خـوای لێبێـت) دانـەمـەزراوە بـەڵكـو لـەسـەر ئەو ئیدیاو بۆچونە خورافیەی كە پۆڵس دایهناوە.

لێـرەدا جێگـای خۆیـەتـی شـتێكتان بیربخـمـەوە كـە ئـازادی خـوازان دەڵـێن مـەبـەسـتی ئسـلاحی وڕیفـۆرمی پرۆتسـتانتی بـەقـانزاجی بیـری ئـاینی

مەسیحی بوو! بەڵام بەداخەوە لەڕاستیدا وانەبوو بەڵکو بە قانزاج و بەرژەوندی مەسیحییەتی پۆڵس بوو.

جیگەی خۆیەتی مێژوو نوسی بەناوبانگ "وێڵز"بە نمونە بێنمەوە کە لە کورتەی مێژووەکەی دا دەڵێ:-مەسیح وئەم بیرو باوەڕەی ئێستا ئاسمان و ڕێسمان لەیەکەوە دوورن، بەڵام مەسیحیەت ئەمڕۆ بریتیە لەوی کە پۆڵس دایهناوە.

ئەویش کەلە ئەسکەندەریەی لاهوتی دەرسی خوێندوە بۆیە کاریگەری دەستوری بت پەرستی میسریەکانی لەسەر بووە کە ئاینەکەی ئەوان تیدا هاتووە کە مرۆڤ دەبێت بتوێتەوە لە نێوان [باوك و کوڕ و گیانی پیرۆز]دا کە لە ئاینی میسریەکاندا [ئیزیس و هۆرس وسیزاییس] لەوەوە سەر چاوەی گرتوە، ئەگەر سەرنجتان دابێت زۆربەی مەسیحیەکان لە شێوەی خاچێکدا ئەم دەقە لەسەر سنگ و نێو چاویان دەیخوێنن بە ناوی[ باوك وە دایك وە گیانی پیرۆز].

چوارەم: خاڵی کۆتای بریتیە لە دەسەڵاتی کڵێسا کە بەردەوام درێژەی داوە بە ناشرین کردنی شێوەی مەسیحیەت تا ئەو ڕادەیەی وای لە خەڵکی ئەم ئاینە گەیاند بوو دەتوانن لە گوناهەکانیان خۆش بێت لەسەر ئەم زەویەدا هەر لە زەویشەوە بەهەشتیان پێ بفرۆشێت ئەگەر چی خراپەکارو تاوانبار وسەرپێچیان ئەنجام دابێت

ئەویش بە کڕینی پسوڵەی بەرائەت یان نامەی لێبوردن پاك دەبونەوە دیارە پاپاکان بەڵێنی لێبوردن و لێخۆش بون وسڕینەوەی گوناهەکانیان تیا دەدا دیارە هۆکارەکەشی وەرگرتنی چەند بەستەیەك پارە بوو، چونکە ئەوان خۆیان بە نوێنەری خوا دەزانن ئەوان پیاوانی ئاینی بوون. ئەمە نەك هەر دوورە لە راستیەوە بەڵکو گاڵتە بازاڕیەکە بە ئاکارە بەرزەکانی مەسیحیەت .

هـەر قـەشـەو پاپاكـان بـوون حـەرامیـان حـەڵاڵ دەكـرد وە یـان بـە پێچـەوانـەوە بـە ئـارەزوی خۆیـان ووشـەی چاكیـان دەبـەخشـی بـە بـەگـزادەو سـەروەت مـەنـدەكـان ئـەم دەقانـەش كـە باسـمان كـرد لـە ڕێگـەی یـەسـوعەوە دەسـەڵات دراوە بـە پیـاوانـی ئـاینی مـەسـیحیەت بۆ نمونـە نامـەیـەكـی سـەدەی هـەژدە كـە لـە دائیـرەت و مـەعـاریفی ئـەوروپـی دا نوسـراوە كـە بـۆ بـەگـزادەیـەك لـە بـەگـزادەكـانی ئیتالیـا نوسـراوە و دەڵێـت [ ئـەی فڵانـی كـوڕی فـڵان یـەسـوعی پـەروەردگارمـان بـەزەی بـە تـۆ بـەخشـی ئـەویـش خـۆی بـە شایسـتە گـەیشـت بـە ئـێش و ئـازارەكـانی خـۆی دا لـە خـاچ لـەبـەر تـۆ منـیش ئـەو دەسـەڵات و نوێنـەرایـەتیـەم پـێ دراوە لـە تـەواوی گوناهـەكانـت خـۆش بـم ئـەو دەسـەڵاەش كڵێسـا فـەرزی كـردوە وە مـن خـۆم دەت بـوورم لـە تـەواوی گـەناهـەكانـت و زیـادە ڕەویـەكانـت ئـەگـەر چـی تاوانـەكانیشـت گـەورە بـن و بـەقـەد دەریایـەك بنئـەوە تۆمـان پـاك كـردەوە لـەلایـەن پاپـای بـاوكی پیرۆز وە كورسی نووێنـەرایەتیمان پێ بەخشیت.

...........................................................................

.........................................

تێبینی: هەرچی ووشەی "رب" هەیە كراوە بە "الاب" لە ئینجیلدا

...........................................................................
***********

ئـەمــەش مشـتێك بـوو لــە خـەروارێـك لـە سـەر ئـەو بنــەمایانـەی کـە ئــاینی یەهودی و مەسیحیەتی ئێستادا هاتوون.

کـە ئــەم دوو ئـەینــە کۆتایـان پـێ هـاتووە وە پێشـتریش ئامـاژەمـان پـێ کـرد ووتمـان پێغـەمبـەران ڕێگایـان بـۆ پێغـەمبـەرانـی دوای خۆیـان خـۆش کـردوە بـزانین لــەم دوو ئاینــەدا دەردەکـەوێـت کـە باسـی پێغـەمبــەری ئیسـلام کـراوە لــەم دوو ئاینــەدا دێینــە سـەر باسـی ئـەوە ئــەو دەقانــە بێنـین کـە چـۆن بــاس لـەوە دەکـەن ئـەوەشـمان لــە بیـر نـەچێـت کـە هـەمـوو ئاینـەکـان نـەسـخ بونــەتــەوە و ئــەوەی کــە بێگــەرد و بــێ خــەوشــە تــەنهـا ئــاینی پیــرۆزی ئیسـلامە ئـەویـش لـەسـەر ئـەم بنـەمایانـە بـە چـەنـد ئایـەتێـك لـە تـەورات و ئینجیل و قورئاندا دەیسەلمێنی.

# هەڵوەشانەوە و تەواو كردن

[قُولُــواْ آمَنَّــا بِاللّــهِ وَمَــا أُنــزِلَ إِلَيْنَــا وَمَــا أُنــزِلَ إِلَــى إِبْــرَاهِيمَ وَإِسْــمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُـوبَ وَالأسْـبَاطِ وَمَـا أُوتِـيَ مُوسَـى وَعِيسَـى وَمَـا أُوتِـيَ النَّبِيُّـونَ مِن رَّبِّهِمْ لاَ نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِّنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ (136)لبقره]

[بڵـێن: ئێمـە بڕوامـان هێنـاوە بـەخـوا و بـەوەی وا بـۆ ئێمـە هاتۆتـە خـوار، بــەوەی بـۆ ئیبـراهیم و ئیسـماعیل و ئیسـحاق و یـەعقـوب و ئـەسـباط هاتۆتـە خوار، وە بەوەی وا بە موسا و عیسا دراوە

وە بــەوەی کــە پێغــەمبــەرانــی تــر لـــە پــەروەردگاریانــەوە پێیـان گـەیشـتوە ئێمــە جیاوازیــەك لــە نێوانیانــدا دانــانێین وە ئێمــە تــەنهــا تــەسـلیمی فــەرمــانی خوای تاك و تەنهاین]

گومان لەوەدا نییە كە سەرجەم پەیامە یەزدانیەكان لەسەر یەك ڕێباز پێك دێن و یەك دەگرنەوە هەموو بەرەو یەك ئەنجامیش ملی ڕێگای ڕاستیان گرتوە ئەویش ڕزگار كردنی مرۆڤایەتی و بەندایەتی تاكی مرۆڤە لە خواكانەوە بۆ خوای پاك و بێگەرد ئەویش لە ڕێگەی بنەما باوەڕیەكانەوە كە پێغەمبەران مزگێنی و مژدەیان پێ داون وە یان بە گشتی فرستاد و نێردراوەكانی خوا بانگەوازیان بۆ كردوە.

هەروەك ئاماژەشمان پێ كرد ئا بەو جۆرە تەواوی پەیامەكان بەدوای یەكدا دەڕۆن و ڕیگە بۆ ئاینی دوای خۆی خۆش دەكات وە سیستەم و یاساو نەریتە بۆگەنەكان لەناو دەبات و لەهەر یەك بوون و فراماسیۆنێكی شارستانیەتیدا كە بێتە سەر ڕووی خاكەكەی، تا پرۆسەی بنیات و ڕووناكی تر بهێنێتە گۆڕێ تا ڕووناكی بیرو هزرو ڕۆح دابمەزرێنێت.

مەبەست لە تەواو كردن ئەوەیە كە مرۆڤایەتی كۆتا پەیامی خۆی وەربگرێت لەبەرز ترین و بالاترین وە پێش كەوتو ترین شكڵ و قاڵب داڕێژراو بێت بڕوای شارستانیەتی شیاو و شایستە بێت ئەویش كە مرۆڤەكان لەبەردمیا دەستەو سان بن ئەو پەیامەش كۆتا پەیامی مرۆڤایەتیە.

الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِيناً......سورەتی المائدة ئایەی
3

[ئەمڕۆ دینی ئێوەم كامل كرد وە نیعمەتی خۆمم لەسەر ئێوە تەواو كرد وە باشترین ئاینم بۆ ئێوە هەڵبژارد ئەو ئاینەش ئەینی پیرۆزی ئیسلامە].

إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللّهِ الإِسْلاَمُ....... سورەتی ال عمران ئایەتی 19

[ئاین لە لای خوای گەورە تەنها ئیسلامە ]

وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِيناً فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ. سورەتی ال عمران ئایەتی 85

[هاركەسێك جگە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەر دین و ئایدۆلۆژیاو ئاینێكی تر هەڵبژێرێت وە پەیڕەوی لێ بكات، ئەوە ئەو كارەی لێوەرناگیرێ و لە دواڕۆژدا لە ڕیزی ڕەنجەڕۆو زیان مەندەكانە]

پەیامە یەزدانیەكان پرۆسەی گەشەكردن و تەواو كاریان لە داهێنانی تەشریعی و شارستانیەتی خۆیاندا لەڕیگای دوو ئاكارەوەیە .

یەكەم : ئاكاری سڕینەوەو هەڵوەشاندنەوەی حوكم: ئەویش بریتیە لە هەڵوەشاندنەوەی شەریعەتێكی پێشو تر وە هێنانە كایەی جێگیرێك كە بریتی بێت لە شەریعەتێكی پشتگیر بۆ ئەوەی جێگای ئەوی تر بگرێتەوە بۆشایەكان پڕ بكاتەوە كە بە گورەی سەردەم و كات گۆڕاوە.

وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلاً مِّن قَبْلِكَ وَجَعَلْنَا لَهُمْ أَزْوَاجاً وَذُرِّيَّةً وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَن يَأْتِيَ بِآيَةٍ إِلاَّ بِإِذْنِ اللّهِ لِكُلِّ أَجَلٍ كِتَابٌ**يَمْحُو اللّهُ مَا يَشَاءُ وَيُثْبِتُ وَعِندَهُ أُمُّ الْكِتَابِ. سورەتی رعد ئایەتی 38،39

[لـەڕاسـیدا ئێمــە بــەر لــە تـۆ پێغـەمبــەرانێکمــان نــارد ژن و منــداڵمان پــێ دابـوون وە هـیچ پێغـەمبـەرێـک نـەبوە بـەر لـە تـۆ نیشـانـەیـەك ببینێت، مـەگـەر ڕێگــەی لـــەلایـــەن خـــوای گـــەورەوە پـــێ درابێـــت وە بـــۆ هـــەر ڕۆژگارێـــك پـەرتوکێکمـان نـاردوە یـان (پـەڕاو) هـارچی خـوا بیـەوێـت لـەنـاوی دەبـات و وە هـەرچـی ئـەو ئـارەزومـەنـد بێـت دەیهێڵێتـەوە وە کۆڵـەکـەو کتێبـی ئـەسڵی بریتیە لە حەڵاڵ و حەرام یان یادی پەروەردگار]

جـا هـەر بـەو جۆرە شـەریعـەت وپـەیامـە ئاسمانیەکـان بـەگشتی کـەوتونـەتـە ژێـــر بـــاری دیـــاردەی هـــەڵـــوەشـــاندنەوە مـــەبـــەســـت لـــە حـــوکم گۆڕینـــە، ئـەحکامـەکـانی شـەریعـەتـی ئیسلامیش لـەچوارچێوەی خۆیـدا کـەوتۆتـە ژێـر باری بنەمای تەواوکاری زاتی لە ئەحکامەکانیدا.

قورئـــانی پیـــرۆز ئامـــاژەی بـــۆ ئـــەم دیـــاردە تـــەشـــریعیە تـــەواوکاریـــەی شەریعەتی ئیسلامی کردوە کە دەفەرموێت :

مَـا نَنسَـخْ مِـنْ آيَـةٍ أَوْ نُنسِـهَا نَـأْتِ بِخَيْـرٍ مِّنْهَـا أَوْ مِثْلِهَـا أَلَـمْ تَعْلَـمْ أَنَّ اللّـهَ عَلَـىَ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ
سورەتی البقرە ئایەتی 106

ئـەگـەر ئایـەتێـك لـە ئایـەتـەکـانی قورئـان هـەڵبوەشێنینەوە "نـەسخ" بکـەیـن یـان لـەبیـری ببـەینـەوە ئـەوا ئـەو ئایـەتـە هـەڵناوەشێنینەوە ئـەگـەر لـەو چاکتر یـــان نمونـــەی ئـــەومـــان نـــەهێنابێتـــەوە وە خـــوای گـــەورە توانـــای بـــەســـەر هەموو شتێکدا هەیەو هەر خۆی باڵا دەستە .

ئـــەمـــە مـــەبـــە ســت بــە گــەیشــتبە فــەرمــانڕەوایــەتــی و حوكمرانیــەتییــە و گــەیشــتنە بــە بنــەمــا یاســایەكــان وە بــۆ داڕشــتینی بنــەمــا تــەشــریعیەكــان وە چــۆن مرۆڤــەكــان ئاراســتە دەكــات جــۆری ڕەفتــارو پــەیــوەنــدیان پتــەوتــر دەكات.

دووەم: ئاكــاری پــەرەپێــدان و گــەشــەكــردن و درێــژە كێشــان لــە ئــەحكــام و یاســاو تێگــەیشــتن لــە چــەمكــەكانــدا: بێگومــان هــەر پــەیامێــك كــە لــەلایــەنــی خــوای گــەورەوە بــۆ مرۆڤایــەتــی هاتبێــت لــە قۆناغێــك لــە قۆناغــەكــانی ژیانــدا بــووە گومانیشــی تێــدا نییــە خــاوەنــی بــەرفراوانتــرین ئاسـۆ بــوون وە ســەرتاپــا گشــتگیر تــر لــە ڕێخســتنی كۆمــەڵگــا بــوون وە چــاكاك كردنــی مــرۆڤ و بــاڵا تــرین لایــەنــە جــۆراو جــۆرەكــانی سۆســیۆلۆژی و ئــەنتۆنۆژیــاو پــڕ توانــا ترین پەیام بووە لە هەموو سەردەمەكاندا بەگوێرەی شاستانیەتەكان.

بــەم پێیــە ئــەگــەر لــەســەر ئــەم ڕێچكــەیــە ووتــوێژ بكــەیــن درێــژەی ڕەوتــی خــۆی داوە پــەیامــە ئاســمانیەكــان تــا دوا مــەنزڵگــای خــۆی كــە كۆتــا پــەیــام پــەیــامی یێگــەردی ئیســلامە كــە بــۆ حــەزرەتــی (محمــد)پێغــەمبــەری ئیســلام (درووودو ســـــولامی خـــــوای لێبێـــــت) هـــــاتوە كـــــە قورئـــــانی پیـــــرۆز لـــــە فـــــەرمـــــودەیـــــاكی خۆیـــــدا ئـــــەم دیـــــاردە شـــــریعیە یاســـــا داڕێـــــژە داهێنانـــــە لـــــە پــەیامــەكــەدا تۆمــار كــردوەو پــەیــوەنــدی نێــوان بنــەماكــانی ڕوون كردۆتــەوە كــە دەفەرمێت

وَأَنزَلْنَـا إِلَيْـكَ الْكِتَـابَ بِـالْحَقِّ مُصَـدِّقاً لِّمَـا بَـيْنَ يَدَيْـهِ مِـنَ الْكِتَـابِ وَمُهَيْمِنـاً عَلَيْـهِ فَـاحْكُم بَيْنَهُـم بِمَـا أَنـزَلَ اللّـهُ وَلاَ تَتَّبِـعْ أَهْـوَاءهُمْ عَمَّـا جَـاءكَ مِـنَ الْحَـقِّ لِكُـلٍّ جَعَلْنَـا مِـنكُمْ شِـرْعَةً وَمِنْهَاجـاً وَلَـوْ شَـاء اللّـهُ لَجَعَلَكُـمْ أُمَّـةً وَاحِـدَةً وَلَـكِن لِّيَبْلُـوَكُمْ فِـي مَـا آتَـاكُم فَاسْـتَبِقُوا الخَيْـرَاتِ إِلَـى الله مَـرْجِعُكُمْ جَمِيعـاً فَيُنَبِّـئُكُم بِمَـا كُنتُمْ فِيهِ تَخْتَلِفُونَ. سورەتی المائدة ئایەتی 48

[ئـەو كتێبـە كـە بریتیـە لـە قورئـانی پیـرۆز ناردویـەتیـە خـوارەوە بـۆ سـەر پێغـەمبـەر كـە هـەمـوو كتێبـە ئاسـمانیەكـانی بـە حـەق زانیـوەو شـایەدی داوە بـە حـەق بـۆ هـەموویـان وە هـەموویـانی بـەڕاسـت و دروسـتی پـەرتوكـە ئاسـمانیەكـانی دەرخسـتوە كـە وا بـوو تـۆش ئـەی پێغـەمبـەر لـەنـاو ئـەوانـدا (ئـــەهلـــی كیتـــاب) حـــوكم بـــەوە بكـــەن كـــە خـــوا ناردویـــەی شـــوێن هـــەواو ئـەرەزوەكـانی ئـەوان مـەكـەوە پـەیڕەویـان لێمـەكـە ئـەگـەر داوایـن لێكـردی وە بـۆ هـەریـەك لـەو گـەلانـە شـەریعـەت و بـەرنـامـەو پرۆگرامێكمـان نـاردوە وە بـەندایـەتیشـمان بـۆ دیـاری كردبـوون وە (ئـەگـەر خـوا بـە ویسـتی ئـەزەلـی و بڕیـاری ئـەزەلـی بیویسـتایە) ئـەوە هـەموتـانی دەكـردە یـەك ئومـەت و نـەتـەوە بـەلام خـوای گـەورە ئـەوكـارەی نـەكـرد تـا پێشـبڕكێ لـە ئاكـاری خێروچاكـەدا بكـــەن چونكـــە گـــەڕانـــەوەی هـــەموتـــان بـــۆلای خوایـــە وە ئـــەو خوایـــە لـەهـەرشـتێكدا كـە ئێـوە جیاوازیتـان هـەیـە ئاگادارتـەان دەكاتـەوە لـە سـزای ناكۆكیەكان و كارو كردوە خراپەكانتان].

## مژدە پێدانی پێغەمبەری خوا

پـــاش ئـــەوەی بۆمـــان دەركـــەوت كـــە ســـەردەمـــی دوو ئـــاینی یـــەهـــودی و مـــەســیحی لـــە ڕووی واقعیـــی، مێـــژووی كۆتـــایی هـــاتووە ئـــەو كـــات پرۆســـەی هـــەڵـــوەشـــانەوەو تـــەواو كـــردن دەبێتـــە كـــارێكی سروشـــتی لـــەبانگـــەوازی پـــەیـــامی خودایـــدا وەهـــەر دەبێـــت مـــرۆڤ پـــەنـــا بـــەرێتـــە بـــەر ئـــاینێكی تـــر تـــا ڕۆحی خۆی تێر بكات.

پوختــەی باســەکــەمــان ئــەوەیــا کــە کۆتــای هــاتووە بــە تــەواوی یاسـا تــەشــریعی و ئــەحکــام و هــەمــوو بنــەماکــانی ئــەو دوو ئاینــە کــە بــەهــیچ شـێوەیــەك کــاری پــێ ناکرێــت وە هــەر ئــەو دوو ئاینــەش مـژدەی تــەواویـان داوە بــە هاتنــت پێغــەمبــەری ئیســلام تــە خــەڵکــی ئاگــادار بێتــەوە کــە شــوێن ئەو سەروەری مرۆڤایەتیە بکەون.

وَلَمَّـا جَـاءهُمْ كِتَـابٌ مِّـنْ عِنـدِ اللّـهِ مُصَـدِّقٌ لِّمَـا مَعَهُـمْ وَكَـانُواْ مِـن قَبْـلُ يَسْـتَفْتِحُونَ عَلَـى الَّـذِينَ كَفَـرُواْ فَلَمَّـا جَـاءهُم مَّـا عَرَفُـواْ كَفَـرُواْ بِـهِ فَلَعْنَـةُ اللَّه عَلَى الْكَافِرِينَ
سورەتی البقرە ئایەتی **89**

[کاتێك کــە قورئــان لــە لایــەن خــواوە هــات بــۆ پێغــەمبــەر لــەگــەڵ ئــەوەدا کــە پــەیام و کتێبــەکــانی ئــەوان ئــەم قورئانــەیــان دەســەلمانــد وە لــەگــەڵ ئــەوەشــدا پــێش هاتنــت و چــاوەڕوانــی زاڵ بــون و ســەرکــەوتنیــان دەکێشــێ بــەســەر کــافرو خــوا نــەناســەکانــدا بــەهــۆی دەرکــەوتنــی کۆتــا پێغــەمبــەر( ئــەوان لــە خــوا بــە نێــوی ئــەو پێغــەمبــەرە داوای ســەرکــەوتــن و زاڵ بونیــان دەکــرد)، بــەڵام کاتێــك کــە هــات نیشــانــەی ئــەو پێغــەمبــەرەیــان ناســیەوە بــەڵام بڕوایــان پــێ نــەهێنا دەك نــەفرینی خوای گەورە لە کافرو بێباوەڕان بێت]

قُـلْ أَرَأَيْـتُمْ إِن كَـانَ مِـنْ عِنـدِ اللَّـهِ وَكَفَـرْتُم بِـهِ وَشَـهِدَ شَـاهِدٌ مِّـن بَنِـي إِسْـرَائِيلَ عَلَـى مِثْلِـهِ فَـآمَنَ وَاسْـتَكْبَرْتُمْ إِنَّ اللَّـهَ لَـا يَهْـدِي الْقَـوْمَ الظَّـالِمِينَ.
سورەتی الاحقاف ئایەتی **10**

[واتــا ئــەی پێغــەمبــەر ئێــوە لاتــان وایــە ئــەو کــەسانــەی کــە ئینکــاری قورئــان دەکــەن پێیــان بڵــێ ئێــوە لاتــان وایــە چ کارێــك لــەســەر ئــەوە دەکــات کــە ئــەم

قورئانــە بــڕوای پــێ بێــنن و لــەلایــەن خــوای گــەورەوە هــاتوە مــادام كــە ئێــوە هــەر بــڕوای پــێ نــاهێنن لــە كاتێكیشــدا كــە شــاهێدێكی بــەنــی ئیســرائیلی (عبــدﷲ كــوری ســەلام) شــایەتــی لــەســەر حــەقیقــەتــی ئــەو قورئانــە بــدات و بڕوای پێ بێنێت بەڵام ئێوە لوت بەرزی دەكەن جگە لەوەی كە

[بــەدەســتی خۆتــان خۆتــان مــاڵ وێــران دكــەن بێگومــان خــوای گــەورە كەسانی ستەمكار ڕینمونی ناكات]

ئــەم ئایــەتــە لــەســەر (عبــدﷲ كــوڕی ســەلام) هاتــە خــوارێ كــەسێك بــوو لــە بــەنــی ئیســرائیل پاشــان موســڵمان بــوونی خــۆی ڕاگــەیانــد بــە پێغــەمبــەر (دروودو سـڵاوی خـوای لێبێـت) فـەرمـوی لـە جولـەكـەكـان بپرسـە دەربـارەی مــن بزانــە چــی بــە تــۆ دەڵــێن دیــار بــوو ئــەو ئــازیزە كــە پرســی لــە وەڵامــدا ووتیــان (عبــدﷲی كــوڕی ســەلام) لــە هــەمومــان زانــا تــرو وە دەم ڕاســتی هــەمومانــەو وە گــەورەو پێشــەوامانــە وە كــەسێكی بــەتوانایــە پێغــەمبــەری خــوا (درووددو سـڵاوی خـوای لێبێـت) فـەرمـووی لـەو بپرسـن كـە سیفەت و.. وەسـفەكـانی مـن لـە تـەوراتـدا بـە ڕوونـی و ئاشـكرای بـاس كـراوە ئـەوە بـوو ئــەویــش شــایەتــی بــۆ پێغــەمبــەر(دروودو ســڵاوی خــوای لێبێــت) داو ئیمــانی خۆی ڕایگەیاند .

چـەنـدەهـا ئـایـەتـی تـر هـەیـە كـە بـاس لـەوە دەكـات كـەلـە تـەورات و ئینجیلـدا كــە باســی پێغــەمبــەری خــوا (درووددو ســڵاوی خــوای لێبێــت) كــراوە بــا لێــرەدا واز لــە دەقــە قورئانیــەكــان بهێنــین تــا نــەڵــێن موســڵمانان بــە قورئانــەكــەی خۆیــان باڵگــە دێننــەوە بۆ باســی پێغــەمبــەرەكــەیــان، بــەڵكــو بــەڵگــەی تــەورات و ئینجیلــی خۆیــان بهێنینــەوە وە یــان ووتــو وێــژی زاناكــانی خۆیــان كــە لێكۆڵینــەوەكانیــان لــەبــەرانبــەر پێغــەمبــەری ئیســلامدا (درووددو ســڵاوی خوای لێبێت) كردوە.

پرۆفیسۆری زانای مەسیحی (دایڤید بنجامین کلدانی) کەلەبارەی پێغەمبەری خواوە دەڵێت: تەورات و ئینجیل دەربارەی هاتنی (محمد) (درود و سڵاوی خوای لێبێت) وا دەڵێت کە لە دەقە ئینجییەکاندا هێناویەتی جاخت لەسەر کەسایەتی ئەو پێغەمبەرە دەکات مژدەی پێدراوە کە هەواڵێکی سروشییە کە دەڵێت نورێکی درەوشاوە نمونەی درەخشانی خۆر وە نورێک لە( فاران)ەوە هاتووە کە خۆی بریتیە لە (سارانی مەککە) وە ئەم ووشەیەش لە تەوراتدا هاتوە لە بەشی (33)ی تکوین کە لە ڕستەی دوای ئەو دەقە ئاوا نوسراوە [پەوەردگار لە سیناوە هاتوو لە سەعیرەوە بۆیان هەڵهات وە کاتێك لە چیای فارانەوە درەوشایەوە لەدەم کەلەکەیەوە لەگەڵیدا دەهەزار پیاوی پیرۆز هاتن لەدەستی ڕاستی ئاگرێك بوو کە شەریعەتی تێدا بوو هەڵچوو بوو].

جا نوری پەروەردگار تەشبیهی کردوە بە نوری خۆر کەلە خۆی لە سیناوە هاتوە و لە سەعیرەوە بۆیان هەڵهاتوە بەڵام نورەکە لە ماجدی فارانەوە درەوشاوەتەوە کە پێویست بوو دەربکەوێت لەگەڵ دەهەزار پیاوی پیرۆزدا بەدەستی ڕاستی شەریعیتێکی بۆ هەڵگرتبوون.

لە ڕاستیدا لە هیچ سەردەم و کاتێکدا هیچ یەکێك لە پێغەمبەرانی بەنی ئیسرائیل بە مەسیحیشەوە (سڵاوی خوایان لێبێت) هیچ پەیوەندیەکیان بە فارانەوە نەبووە وە فارانیش شاخێکە لای مەککە.

بەڵکو هاجەر لەگەڵ ئیسماعیلی کوڕیدا لە ناوچەی سارانی فاراندا نیشتەجێ بوون.!

هەروەها لە جیگایەکی تردا لە لاپەڕە (33)دا لەوەحی (ئیسحاحی ئەشعیا) هاتوە کە لە ئیسحاحی (21)ئایەتی (13-17)دەڵێ :ئەم سروشە سروشێکە کە لە تەرەفی وولاتی عەرەبەوە شەو نەخونیتان بۆ

دەکات و کاروانی ڕاستیتان بۆ دەخاتە ڕێ ئەی دانیشتوانی سەر زەوی کە دەزانن دەگاتە جێ هەریەکە بۆ خۆی بە نانەکەی دەستیەوە هەڵدێت چەنکە ئەوان لەبەرانبەر شمشێرەکاندا و لەبەرانبەر تیرە دابەستراوەکاندا و لەبەرانبەرتین سەندنی جەنگدا هەڵدێن، سەروەر ئاوای پێ ووتم، کەلە ماوەی ساڵێکدا وەك ساڵی (ئەجیر) هەموو سەربازێکی قیدار لەناو دەچێت وە باقی تیرهاوێژەکانی تر، پاڵەوانانی بەنی قیدار هەڵدێن و دەپوکێنەوە.

لە دەقێکدا بە ئاشکرا باس لە پێغەمبەری خوا (دروودو سڵاوی خوای لێبێت) دەکات دەڵێت:

لە داهاتودا هەموو نەتەوەکان دەشڵەقێنم (ئەحمەد) دێت بۆ هەموو نەتەوەکان ئەوجا ئەم هەموو ماڵەکان پڕ دەکات لە سەربەرزی....

پەروەردگاری سەربازان ووتویەتی زیو من خاوەنیم وە زێڕیش هەر من، ئاوا دەڵێت پەروەردگاری سەربازان لەم شوێنەدا سەلام و ئاشتی دەبەخشم ئاوا دەڵێت پەروەردگاری سەربازان ئەم دەقە لە ئیسحاحی دووەم لە سەفەری حەجی ڕستەی (7-9)دا هاتووە

پرۆفیسۆر دیڤید بنجامین کلدانی دەڵێت: خۆم هەڵسام بە وەرگێڕانی ئەم دەقە کە نوسخەیەکم لە ئینجیلە کۆنەکە لەلا مابوو کە ئەویش ئافرەتێکی ئاشوری ئامۆزای خۆم بەخواستن پێی دابوم وە ئەو بەرگە بە زمانی نیشتمانی باوی ئەو سەردەمە نوسرابوەوە بەڵام با سەیرێکی ووشە تەرجومە کراوەکەی کەلە عیبرییەوە وەرگیراوە ووشەی (حەمدا)یە بۆ (ئەحمەد) بەکار هاتوە ئەویش بەمانای ئومیدو ئارەزو تەرجومە کراوە وە ووشەی (شالوم)یش بۆ (ئیسلام) تەرجومە کراوە وە پاشان (قسیس. پرۆفیسۆر عبدالاحد) دەڵێت: کاتێك کە ئەم دەقەم بینی

یەکسەر بڕوام پێ هێناو زانیم کە (محمد) (درووودو سڵاوی خوای لێبێت) نێردراو و فرستادەی خوایە وە موسڵمان بوونی خۆم ڕاگەیاند ئیتر نکۆڵی و ئینکاریم نەکرد تێیدا چونکە ڕێك گەنجاوە لەگەڵ کەسایەتی (ئەحمەد) ونێردراوی بە ئیسلام هەردوو ووشەی (حەمدا ، شالۆم) یان

لە جێگایەکی تردا بە(شەلاماش ) کە دەلالەتن لە سەر مانای هەردوو ووشەی (ئەحمەد وە ئیسلام)

ئەوەی کە لێ دواین پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد سەردەمی کۆن بوو یان تەورات،بەڵام بێنە سەر ئینجیلە ی کە لەبەر دەستایە بزانین چۆن باسی پێغەمبەری ئازیز دەکات(درودوسڵاوی خوای لێبێت)وێڕای ئەو شێواندنانەی کە ئاشکرا پێوەی دیارە. لە لاپەرە (49-50)ی یوحەنادا هاتووە دێڕی (15-25)دەڵێت ئەگەر ئێوە منتان خۆش دەوێت وەسیەت و ڕاپرسییەکانم بپارێزن منیش لە باب داوا دەکەم ئەویش "بارقلید" خەبات گێڕێکی ترتان پێ دەداتتا لەگەڵتان بمێنێتەوە بۆ هەتاهەتایی.

خەبات گێڕی گیانی پیرۆز ئەو کەسەیە کە لە دوای باب هەربەناوی من دەینێرێت ئەو خۆی هەمووشتێکتان فێر دەکات ئەو شتانەتان بیر دەخاتەوە کە من پێشتر پێم ووتون.

زۆرتان لەگەڵ نادوێم چونکە سەرۆکی ئەم جیهانە بۆ خۆی دێت و کە هیچ شتێك نییە لە مندا هی ئەو نەبێت جا کە ئەو هات ئەو خەبات گێڕە لەلایەن گیانی حەقەوە من بۆتان دەنێرم ئەویش هەر لە بابەوە دەردەچێت ، ئەو دەم ئەو شاهیدیش بۆ من دەدات بەڵام من حەقیقەتان پێ دەڵێم ئەو کەسە چاکترە بۆ ئێوە لەوەی کە من دەربچم تا من دەرنەچم وە نەڕۆم ئەو خەبات گێڕە نایەت بۆتان، بەڵام گەر من چووم ئەو دەنێرم بۆتان ئەویش هەرکات هات جیهان شمشێر دەگرێت بۆ ئەوەی گوناهو تاوان نەهێڵێت و خێرو چاکە لەسەر دادپەروەری و

**لێپرسینەوە ئەنجام دەدات لەسەر گوناهو تاوان هۆکەی ئەوەیە کە ئەوان بڕوا بە من ناکەن ناهێڵن کە من ڕۆشتم بۆ لای پەوەردگار ناشم بیننەوە بەڵام ئەو سەردارو لێپرسراوە چونکە ئەو سەرۆکی ئەم جیهانەیە خۆی دین و ئاینێکی گرتووە ئەوجا من گەلێ شتی تریشم لەلایە کە پێتان ڕابگەیەنم، بەڵام ئێوە ناتوانن بچنە ژێری و لەئەستۆی بگرن بەڵام ئەو گیانی حەقە کە هات ڕێنمونیتان دەکات و ئامۆژگاریتان دەکات بۆ هەموو حەق و ڕاستیەك چەنکە ئەو کەسە لە خۆیەوە نادوێت و قسە ناکات وە هەر شتێك لەلای بابەوە بێت پێتان دەڵێت هەواڵی کۆمەڵێك ڕووداوی داهاتوتان پێ ڕادەگەیەنێت ئەو کەسە من سەربەرزو مەزن دەکات چونکە من هەرچیم هەیە ئەو بۆ خۆی دەبات و وەری دەگرێتەوە هەموو هەواڵێك بە ئێوە دەگەیەنێت.**

**لێرەدا بە ووردی دەمەوێت چەند خاڵێك بخەمە ڕوو**

**1- مەسیح (سلاوی خوای لێبێت) وەسیەت دەکات و مژدە دەدات بە هاتنی خەبات گێڕێك و کار سازێك لەدوای خۆی.**

**2- هاتنی کار سازو ئەو پەیامبەرە بەستراوە بە ڕۆشتنی مەسیحەوە (سڵاوی خوای لێبێت).**

**3- ئەو کەسە نێردراوە لەلایەن خوای گەورەوە واتا موعجیزەی هەیە.**

**4- ئەو کەسە هەموو شتێك دەزانێت.**

**5- ئەو کەسە بە یادی خەڵکی دێنێتەوە ئەوەی کە مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت) وتوویەتی.**

**6- ئەو شایەتی راستگۆی بۆ مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت) دەدات.**

**7- جیهان شوێن ئەینەکەی دەکەون.**

**8- ئەو کەسە لە خۆیەوە نەدوێت بەڵکو بەوە دەدوێت کە دەی بیستێ.**

**9- ئەو کەسە هەواڵ بەشتی داهاتوو دەدات.**

10- ئەو کەسە مەسیح (سڵاوی خوای لێبێت) سەر بەرزو مەزن دەکات.

11- ئەو کەسە بۆ هەتاهەتای لەگەڵتان دەمێنێتەوە.

کەواتە (تبیان لکل شیئا) بە ئاشکرا هەواڵی ناردنی پێگەمبەری ئازیزە (دروودو سڵاوی خوای لێبێت)

من (11)خاڵم نوسیوە، بەڵام زۆر لەوە زیاتر هەڵدەگرێت کە لێی بکۆڵیتەوە.

شتێکی زۆر باڵکێش کە سەرنجی منی ڕاکێشا ئەویش ئەوەیە کە نوسراوە ئاینەکەشی لە جیهان بڵاو دەبێتەوە بۆ هەمیشەی و هەتا هەتای دەمێنێتەوە، دیارە ئەو بیرو باوەڕەی ئێمە زیاتر پتەوتر دەکات. موعجیزەیەکی تر ڕووی داوە ئالەم دەقەدا ئەوەش ووشەی خەبات گێڕو کارساز هاتوە ، لە ڕاستیدا تەرجومەی ووشەیەکی شێوێندراوی یۆنانیە کە ئەو زمانەیە کە لە سەرەتادا ئینجیلی یوحەنای پێ نوسراوەتەوە کە ووشەکەش بریتیە لە (بیریکلیتۆس) کە بنەڕەتی ووشەکە بریتیە لە ووشەی (ئەحمەد)، بەڵام ووشە کە لە ئینجیلدا گۆڕاوە بۆ (بارکلیتۆس) کە بنەڕەتی ئەم ووشەش بە خەبات گێڕو کارساز دێت.

ئامەش بەتەواوەتی ئەو ئایەتە موعجیزەکەیمان نیشان دەدرێت کە خوای گەورە دەفەرمێت لە سەر زمانی (عیسا) (درودی خوای لێبێت):

وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّـهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ مِنَ التَّوْرَاةِ وَمُبَشِّرًا بِرَسُولٍ يَأْتِي مِن بَعْدِي اسْمُهُ أَحْمَدُ فَلَمَّا جَاءَهُم بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا هَـٰذَا سِحْرٌ مُّبِينٌ

سورەتی صف ئایەتی (6)

{كاتێك كە عیسای كوڕی مەریەم بە بەنی ئیسرایلیەكانی ووت منیش هەر پێغەمبەری خوام و ڕەوانەكراوم بۆلاتان، بڕوام بەوەیە لەبەردەستمدایە لە تەورات هەیە ، مژدەی پێغەمبەرێكتان پێ دەدەم كە پاش من دێت و ناوی (ئەحمەدە) بەڵام كاتێک ئەوپێغەمبەرەی ئێمەیان بۆ هات ولە گەڵ خۆیدا چەندین ئایەت وبەڵگە وموعجیزەی هێنا،ووتیان ئەم (ئایەت وبەڵگەنە قۆرئانەی ) ئەو سحر وئەفسانەیە وجادویەكی ئاشكرایە].

...........................................................................................

تێبنی : قەشە (دیڤد بنجامین كلدانی ) بەوەڕی بە ئیسلام هێناو ناوی خۆی گۆڕی بۆ پرۆفیسۆر

(عەبدول ئەحەد داود) و، خۆی لە هۆزی كلدانیە خوا پەرستەكانی سەر بە كڵێسای كاتۆلیكی ڕۆمانیەو ، خاوەن بەڵگە نامەی[ لیسانسە ]لە زانستی لاهوت دا ، كەپاش ئیسلام بوونی كتێبێكی دانا بە ناوی {موحەمەد لە پەرتوكی پیرۆزدا}.

(فاران) بریتیە لە سارانی مەككە، ئاماژە كردنە بە جێگاو وولاتی هاتنی پێغەمبەر حەزرەتی {موحەمەد} [درودو سڵاوی خوای لێبێت ]، كە دەهەزار جەنگاوەری لە مەدینەوە هێنا بۆ گرتنی مەككە، هەروەك هەمومان ئاگامان لە داستانی گرتنی مەككە هەیە.

**سەرچاوە**

**1کرێســی مورســن (زانســت بانگێشــە بــۆ بــاوەڕ دەکــات) چــاپی پێنجــە م بەشی**
**یەکەم) جیهانی تاکمان)،(ئەو گازانەی هەڵیان دەمژین)، (بەشی هەواو دەوروبەر**

**2الله يتجلى فى عصر العلم) ئامادەکردنی کۆمەڵێك لە زانایان/ وتاری فرانك ئالن/ وەرگێڕانی/ الدمرداش**

**3عبدالرزاق نوفل/ الطريق الى الله**

**4لەسەر ڕیگای ڕێنوینی وئاشتی بەرەو تێگەیشتنێکی دروست لە بونەوەرو ژیان /کۆمەڵی بانگەواز**

**.5العلمانيه نشأتها وتطورها وآثارها في الحياه الإسلاميه المعاصره للشيخ الدكتور سفر بن عبدالرحمن الحوالي**

**.6المستقبل لهذا الدين للشيخ سيد قطب رحمه الله**

**7 رونالد روبرتسو(العولمة النظرية الجتماعية والثقافية الكونية) وەرگێرانی لەلایان آحمد محمود، نورا آمين 1998**
**8عاطف السيد (الجات والعلم الثالث) 1999**
**9السيد يسن (الكونية والاءصولية ومابعد الحداثة) بەرگی یەکەم 1995**

**10 جورج لودج (ادارة العولمة) .**

**11 الدكتور عاطف السيد (العولمة فى ميزان الفكر) دراسة تحليلية 2000**
**12 سودم وەرگرتوە لە هەندێك سەرچاوەى ئەنتەرنێتى وە پاشان لە نوسینێکى مامۆستا خالید رەنجدەر پاشان کاك هێمن عەبدلعزیز و کاك باوکى یاسر.**